# دیوانی شێعر

# حەریق

کلاسیکی کوردی

# دیوانی شێعر
# حەریق

**ساغکردنەوە: محەمەد ئیسماعیلنەژاد**
**(ئاران)**

**لەژێر چاودێری و سەرپەرەستی:**
**مامۆستا ئەبووبەکری سپێهرەددین**

چاپەمەنی مانگ
www.mangpub.com
بەڕێوەبەری هونەری: ئیسماعیل ڕەزایی
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: هادی کیا
فرۆشگای ناوەندی: بانە ـ ژمارەی پێوەندی 08734261020

## دیوانی حەریق


- شاعیر: ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵڵا (حەریق)
- بابەت: شێعری کلاسیکی کوردی
- ساغکردنەوە: محەمەد ئیسماعیل‌نەژاد (ئاران)
- پەڕبەندی: محەمەدئەمین شاسەنەم
- بڵاوکەرەوە: چاپەمەنی مانگ
- چاپی یەکەم: پاییزی 1396 (2017)
- تیراژ: 1000 دانە
- ISBN: 978-600-7748-89-3


مافی لەچاپدانەوە و هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ چاپەمەنی مانگ.

## ناوەرۆک

پێشەکی.......................................................... 7

ژياننامەی حەريق.................................................. 21
كورتەيەک لە ژياننامەی شێخ یۆسف شەمسەددين ........... 37
بەشی كوردی.................................................... 43
**پيتی ئەلف..................... 45**
عاشقی سەروی قەدت قومری سیفەت زاری دەكا............ 45
هەوری خەفەتە، بەفری غەمی داوە بە سەرما................. 48
**بزوێنی ـە/ ە ................. 51**
دەرچوونی گەلێ موشكیلە، دەرچوونی قەریبە ................ 51
لە ئادەم تا بە خاتەم جوملە عالەم پڕ سەدا و سەیتە ............. 55
گەر دەبێ لوتفت ببێ وەرنە جەفاكاری مەكە ERROR! BOOKMARK NOT DEFINED.
عیلاجی دەردی بێدەرمانی من هەر لوتفی جانانە.............. 59
لە سینەی چاكی خۆت وەک شانە خەتتی مووبەموو بێنە ..... 63
بەنی ئادەم خودا وەی كردووە ڕۆژێكی تا ماوە................ 65
موژدە بێ بۆ بولبولی دڵ گوڵ لە باغان هاتەوە ................ 70
چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە................ 72
هێندە بێزاری كە زانیومە بە زاری نایەوە ..................... 76
خۆفم لە خودا چونكە لەبەر غەیری خودایە.................... 78
خەیاڵت مونحەسیر بوو ئەی دڵەی غافڵ لە دنیایە.............. 81
موعتادی فەلەک دايمە هەر جەور و جەفایە .................... 83
سەری هەر موو زوبانی شوكرە یا دەستی تەمەننایە ......... 85
لە قەیدی زەید و عەمرا نیم و دڵ پابەستەیی تۆیە ............. 88
**پيتی ت ......................... 91**
ئەی دڵ وەرە شادی كە لەبۆ بەزمی ویسالت ................... 91
قوربان وەرە قوربانە، سا بمكە بە قوربانت .................... 94
ئەم خوسرەوی خووبانە كەوا دێتە نەزارەت ................... 97
تاریكە دڵم ڕەوشەنیی شەمسی هیدایەت ......................102
**پيتی د ......................... 107**
كە قەتڵی خوێنی من زولفی كەچی كرد ........................107
چاوەكەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند.......109
بەو نوورە كە زاهیر بوو لەسەر ڕوویی موحەممەد .........111

**پیتی ر ........................ 113**
تەعاروفی بە سیغارە، شیعاری ئەهلی کیبار ................. 113
بێینە سەر باسی نیگاری گوڵعیزار ............................ 116
عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ .................. 118
**پیتی س ....................... 122**
حوزنی من یا حوسنی تۆ ئیشکالە تا ئاخر نەفەس ........... 122
**پیتی ش ....................... 124**
عالەمێکە پڕ شەڕ و شۆڕ و نیزاع و ئیڕتیهاش ............... 124
**پیتی م .......................... 127**
هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دووتاتم........ 127
ئەی خزری ڕەهی زوڵمەتی سەر ئاوی حەیاتم ............... 130
کەی دێیەوە سەر ڕەحمی دڵی زار و نەزارم؟ ................ 132
بە زاهیر گەر لە ئەسبابی سروور و سووری تۆ دوورم ..... 135
وەکوو کاکۆڵی سەرشانی عەزیزم ............................ 138
بە قوربان ئێستە هیجرانت دەناسم ............................ 139
لە خدمەت قازییا، لاریم نییە بۆ سەر چ جای ماڵم ............ 141
لە ئەم عیدە بەعیدم من لە دیداری ڕەفیقانم..................... 143
بولبولی دەوری گوڵ و تووتیی شەککەرشکەنم ............. 144
بەشی ناسینی نامەردی لە کەسدا مەردی نابینم ............... 147
خودا ڕەحمێ بکا بدخاتە داوم.................................. 149
نەما ئابی بەقا، بادی فەنا، خاکی بە با داوم .................... 150
بۆ جەمعی غەم و شادی بوو نەورۆز و موحەڕڕەم .......... 151
**پیتی ن......................... 153**
ئەی تۆبە لە دەس ڕۆژی فیراق و شەوی هیجران! .......... 153
ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن........................ 156
ماهی تەمامە ماهی تەمامم نەدیوە من ......................... 159
**پیتی ی/ێ ...................... 162**
بێقەزا بێ ڕەمەزان هێندە بە تەکلیفە ئەدای ................... 162
بە خەیاڵی شەوی وەسڵت، خەوی هیجرانم دی ............... 164
وەفای من بێ بەها بوو بۆ ڕەواجی مامەڵەی یاری .......... 166
لەلام وا بوو کە تۆ «سەیید ڕەشید» یاری لەبۆ یاری ......... 168

لە گۆشەی گوڵخەنی تەن تابەکەی ئیمانی حیسبانی...........171
قەمەر کەوتۆتە میزانی خەیاڵم موشتەری با بێ................173
تاڵ و شیرینی زەمانە بە مەزاقت چا بێ ........................177
لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ....179
خودا تۆبە لەدەس شۆخێ کە وەختێ عیشوە دەنوێنێ .........181
ئەی جەنابی سەییدی عالی‌نەسەب کەی ڕەهڕەوێ...........183
بێجایە قسە کردنی بێ ڕێ و بەبێ جێ ........................185
**مەسنەوییەکان ............... 187**
پیر بووم و ژیر نەبووم بۆ تەجرەبەی کاران ..................187
یا حەی، یا قەییوم دانای لەم یەزەل ...........................190
جە سوب سەحەردا دیم غونچەدەمێ ...........................191
**چوارێنەکان.................. 195**
**تاکەکان........................ 199**
بەشی فارسی ........................................................201
خیز ای زیبا پسر دستی به جام زر زنیم .......................203
ای دریغا چشم علم از دوریت بی نور شد .....................204
فغان از دوری آن یار جانی ...................................206
ای وجودت را ز جود حق، زَمَن ..............................208
**تک بیتی ...................... 209**

## پێشەکی

بەنێوی خودای دڵاوا و دڵۆڤان

زەمان، زۆردارێکی بێبەزەییە و هەرمان، هەودایەکی هەتاهەتایی. مرۆڤ بۆ دەربازبوون لە بازنەی شوێن و کات، بە گشتی پشت بە هونەر دەبەستێت. هونەری نووسینیش، ساناترین و لەبەردەستترین چەک و کەرەسەیە بۆ ئەم بەرەنگارییە، بەتایبەت بۆ کەسانی بێدەستەڵات و بێدەرەتان.

جێی داخە کە تا ئێستا، ئێمە نەمانتوانیوە ئەدەبی کلاسیکی خۆمان وەک گەلانی دیکە پۆشتە و پەرداخت بکەین و لەم سەدەیەدا هێشتا دەرنەچووین لە قۆناغی دۆزینەوەی دەق و کۆکردنەوە و پۆلێنکردنیان. هیوادارم ئەم داخە بۆ هەمیشە بەسەر پشتی مێژووی ئەدەبی ئێمەوە نەمێنێ و بە زووترین کات ئەم ئەرکە گرینگانە سەر بگرن.

بەش بە حاڵی خۆم، هەمیشە ئەو داخەش لە دڵمدا ماوەتەوە کە بۆ چی نووسراوەی فڵان شاعیر نەگەیوە بە دەستمان؟ یان بۆ چی شێعرەکانی فیسارە کەس شێواون و لەنگ و نارێکن؟ بۆ دەبێ شێعری مەزنترین شاعیرانی ئەم گەلە کە دووسەدساڵی بەسەردا تێنەپەڕیوە، دیار نەبێ؟ پاش خوێندنەوەی شێعرەکانی خانی و حاجی قادری

کۆیی، ئەم کەڵکەڵە و داڵغە و داخ و پرسیارانە زۆر لەلام زۆرتر و گەورەتر بوون و ئەم بەیتانە گەلێک جاران لە گوێمدا زرینگاونەتەوە:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی
ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی
ساحێب کوتوب و پەیامە هەر کەس
ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس
کاکە ئەمە موئمینین نە ڕووسین
بۆچ کوفرە زوبانمان بنووسین[1]

یان وەک خانی دەڵێت:

بێگانە نەڵێ کە کورد نەزانن
بێ نووسەر و هۆنەر و زمانن
کورد هێندە نە گێل و گێژ و کاسن
داخم ئەوە بێکەسن، کەساسن
ژیر و بەدڵن گەلێک دەزانن
بێخێوییە بێ سەر و زمانن[2]

ئیتر کە شێعرێکم دەخوێندەوە و دەمدیت نارێکە هەوڵم لەگەڵی دەدا و خۆم پێوە خەریک دەکرد، کە هەڵیشم دەهێنا و دەمتوانی ساغی بکەمەوە، هێندە شاگەشکە دەبووم نەبێتەوە. پاشان دەمدی زۆربەی دیوانەکان، هەڵەیان تێدایە جا چ هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان بێت یان لەنگی و نارێکی کێش و سەروا. یەکێک لەو دیوانانەش

1. دیوانی حاجی قادری کۆیی، بە پێنووسی: سەعید کەڕەمی، ئینتشاراتی کوردستان، ساڵی 1390، ل 8-257
2. هەژار، مەم و زینی خانی، پەخشانگای ئازادی، ل ١١

هەر ئەو کتێبەیە وا لەبەر دەستتانە؛ واتە دیوانی حەریق. هەڵبەت ناری و کوردی و حاجی و ... هەموو بەشی خۆیان هەڵە و لەنگییان پێ بڕاوە بەڵام ڕاست بۆچی لەناو ئەم هەموو دیوانەدا من حەریقم بۆ پێداچوونەوە هەڵبژارد؟ گەورەترین هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خزمایەتی و نزیکایەتی دڵ و دەروونی خۆم لەگەڵ هەست و سۆزی شێعرەکانی مامۆستا حەریق، بەچەشنێک کە دەتوانم بڵێم خودی ئەم نووسراوانە منیان هەڵبژاردووە. هۆکاری دووهەمیشی دەگەڕێتەوە سەر ڕازاوەیی ڕواڵەت، ڕەوانی دێڕەکان، ناوەرۆک و واتای بەرزی غەزەلەکانی حەریق کە هێندە خەیاڵی ڕەنگین و زمانی پاراوم کەمتر لە دیوانەکانی تردا چاو پێ دەکەوت بەڵام ئەم نما و وێنا و مانایانە لەلای ئەو زۆر و زەوەند بوون بۆ وێنە بڕواننە ئەم بەیتانە:

به خەیاڵی شەوی وەسڵت، خەوی هیجرانم دی
لە سبەینەی نەفەست، سروەیی حیرمانم دی
چاوی بیمارت ئیشاراتی شیفا دەنوێنێ
لە خەتی مەسحەفی ڕووت ئایەیی لوقمانم دی
سەری زولفت کە لەسەر ئاگری ڕووت وێستاوە
حەبیی بێجانە لەبەر چاو و بە پێچانم دی
بە هەوای عەرعەری قەددت لە خەیابانی خەیاڵ
شێعری بەرجەستەیی وەک سەروی خەرامانم دی

یان وەک بەیتەکانی ئەم غەزەلە:

خودا تۆبە لەدەس شۆخێ کە وەختێ عیشوە دەنوێنێ
سەری تۆبەی مەلا و زاهید بە نۆبەی جیلوە دەشکێنێ
ستوونی قامەتت ڕاگرتووە بۆ خێوەتی دینم
خودا بۆ توولی عومرت ئەو تەناف و دارە

نەپسێنێ
نەخۆشی دەردی هیجرانم، ویسالی تۆیە دەرمانم
شیفام نایێ مەگەر بێنێ نەسیمی پەرچەمت بێنێ
خەیاڵی نەوبەهار و سەیری گوڵزاری عەزیزانم
گەهێ بۆ ڕووی گوڵ و گاهێ لەبۆ سەبزەی خەتم دێنێ
زرێی زولف و موژەی تیر و برۆی شمشێری ڕاکێشا
لە زومرەی ئاشقانی خوێنبەهای ڕوخساری دەستێنێ
دەزانی بۆ تەرازووی زولفی سەر ناکا لە هیچ لاوه؟
بە پارسەنگی حەیا دەستی لە میزانا دەبزوێنێ

هەر لەبەر ئەوە، وەک ئەو جۆرەی بۆخۆشی ئاماژەی پێ کردووە، دەرکی هەموو جوانییەکان و خەیاڵە ناسکەکانی شاعیر لە زۆر شوێندا، خوێنەر تووشی زەحمەت دەکات:
حیکمەتی شێعری من و دەوڵەتی ئەهلی ئیمساک
وەک تەلەسمێکە کە ڕێی مەسرەفی بۆ نەشکا بێ
بۆ کەسێ چاکە سەفینەی غەزەلی بەحری «حەریق»
گەوهەری ئەشکی هەموو ڕەشکی دڵی دەریا بێ

دیوانی حەریق وەکوو دیوانی زۆربەی شاعیرانی گەورەی کورد تا ئێستا چەندین جار چاپ کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئەم ئەرکە گرینگە، نوسخەی کامڵ و دروست و جێ متمانەیان لەبەر دەست نەبووە، گەلێک هەڵەی نابەجێ پەڕیوەتە ناو ئەم دیوانانەوە، تا ڕادەیەک کە دەکرێ بڵێین بە کەڵکی خوێندنەوە ناشێن.

بەتایبەت ئەو دیوانەی جەنابی «نەوزاد کەلهوڕ» ئامادەی کردووە بێجگە لەوەی هەموو هەڵەکانی پێشووی تێدا دووپات کراوەتەوە، بەهۆی هەندێک لێکدانەوەی ناڕوون و لە هەندێک شوێنیشدا، ناڕاستی شێعرەکان، زیاتر ئاڵۆز و ناحەز بووە.

بەختەوەرانە ئەودەمەی لە هەوڵی ئەنجامی ئەم ئەرکەدا بووم، دوو نوسخەی دەستنووسی زۆر باش و بەنرخ، هەروەها دوو چاپی پێشووی ئەم دیوانە لەلایەن مامۆستا ئەبووبەکری سپێهرەددینەوە بە دەستم گەیشت کە ڕێی دووری لەبەر یەک ڕانان و پێک گرتن و ساغکردنەوەی شێعرەکانی بۆ کورت کردمەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، سپاسی خۆم ئاراستەی ئەم مامۆستا زێدە شارەزا و هێژایە بکەم کە سەرەڕای گرفتی زۆر و کێشەی ڕۆژانەی، بەوپەڕی دڵسۆزی و دڵاوایییەوە، ئەرکی چاودێری و پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی وەئەستۆ گرت و لە وەخت و ناوەختدا بە هانامەوە هات و نەیهێشت کارەکە بە نیوەچڵی بمێنێتەوە.

## ناساندنی نوسخەکان و چاپەکانی پێشوو:

### نوسخەی (ئەلف):

نوسخەی ئەلف و سەرەکی کارەکە، کەشکۆڵێکە کە بە خەتی میرزا مەحموودی شابەندەر خۆشنووسی بەناوبانگی مەهابادی لەنێوان ساڵەکانی ١٣١٢-١٣١٤ کۆچی مانگیدا بۆ سەیدڕەشید، شاگردی زیرەک و زۆر نزیکی مامۆستا حەریق نووسراوەتەوە. گرینگی ئەم کەشکۆڵە لەوەدایە کە ١٤-١٣ ساڵ بەر لە کۆچی دوایی خودی مامۆستا حەریق نووسراوەتەوە و بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە خۆی چاوی پێی کەوتووە و پێی دروست و تەواو بووە. ئەم کەشکۆڵە لە سێ بەش

پێکهاتووه. بەشی یەکەم شێعری شاعیرانی بەناوبانگی ئێرانی وەکوو بابەتاهیر، ئیبنویەمین، موحتەشەمی کاشانی و هاتفی ئیسفەهانی و دوو شاعیری کورد بە ناوەکانی مستەفابەگ و میرزاسەلیمی موکری لەخۆ دەگرێت و بەم ڕستانە کۆتایی پێ دێت:

«حسب الامر جناب مستطاب قبلەی مکرم سید رشید- سلمەالله تعالی - از ید حقیر پر تقصیر محمود نعمت زاده قلمی شد. امیدوارم که ناظران در مقابل نقض و بدی که می‌بینند به دعای خیر یاد فرمایند. در یوم یکشنبه بیست و هشتم شهر شعبان المعظم ١٣١٢ به اتمام رسید.»

بەشی دووهەمی ئەم کەشکۆڵە، شێعری شاعیران و ئەدیبانی موکریانی لەخۆ دەگرێت کە شانازی ئاشنایەتییان لەگەڵ شێخی بورهاندا هەبووە، ئەم بەشە بە شێعرەکانی حاج سەیدمحەممەدسەعیدی نوورانی دەست پێدەکات و بەداخەوە لە کۆتایی ئەو بەشەدا کە شێعرەکانی حەریقیشی تێدایە ئاماژە بە کات و ساتی دەست پێکردنی نووسین یان تەواوبوونی ناکات.

بەشی سێهەمی ئەم کەشکۆڵە بۆخۆی لە دوو بەش پێک هاتووە. پاژی یەکەمی، دوو نامیلکەی پەخشان و هۆنراوەی مەولانا عەبدولڕەحمانی جامییە، لەمەڕ ڕێسا و یاساکانی زانستی مەتەڵدا و لە کۆتایی نامیلکەی یەکەمیاندا ئەو ڕستەیە نووسراوە: «کتبه الحقیر محمود بن نعمت الله ساوجبلاغی و صاحبه سید رشید ١٣١٤.» هەروەها لە کۆتایی نامیلکەی دووهەمیاندا ئەم ڕستەیە هاتووە: «تمت الرساله من علم المعما من کلام مولانا عبدالرحمان جامی علی ید احقر عبادالله محمود نعمت زاده فی یوم یکشنبه ١٩ محرم الحرام ١٣١٤.»

پاژی دووهەمی بەشی سێهەمیش، نامیلکەیەکی تێر و تەسەلە لە زانستی مەتەڵدا لە حسێنی ئیبنی

محەممەدولحسەینی مەشهوور بە مەتەڵی میرحسێن کە بە خەتی خۆشنووسێکی دیکە بە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی حاج میرزا ئیبڕاهیم بۆ سەید ڕەشید نووسراوەتەوە و لە ڕۆژی شەنبەی هەژدەهەمی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣١٣دا کۆتایی پێ هاتووە.

شێعرەکانی بەشی دووهەم، بە خەتێکی یەگجار خۆشی نەستەعلیق نووسراونەتەوە. نووسەر، خاوەن دەست و قەڵەم و هەستێکی هونەری تایبەت بووە کە ئەوە کاریگەری داناوە لەسەر ڕازاندنەوەی غەزەلەکان بە ڕێنووسێکی تایبەت بەچەشنێک کە خوێنەر بتوانێ بە چاکی بیانخوێنێتەوە و لێیان تێ بگات. زۆر کەم، هەڵەی ڕێنووسی تێدایە و دیارە نووسەر شارەزای ئەدەبی فارسی و عەڕەبی بووە و وشەکان و شێوەی نووسینیانی بە چاکی زانیوە.

**نوسخەی (ب):**

بەختەوەرانە، بێجگە لە نوسخەی (ئەلف)، نوسخەیەکی دیکەش هەیە کە دەتوانین دابەشی کەین بەسەر دوو بەشدا، بەشی یەکەمی کە سەرجەم شێعری شاعیرانی بەشی دووهەمی نوسخەی (ئەلف)ی لە خۆ گرتووە و ئەویش هەر لەو ساڵانەدا واتە ١٣١٣ کۆچی مانگی بە خەتتی سوڵتان ناوێک لەسەر داوای سەیدڕەشید نووسراوەتەوە. ئەم نوسخەیەش لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو سەیدمحەممەدی حەمیدی پارسانیان لە سنە دۆزراوەتەوە و لەلایەن توێژەری بەڕێز کاک نادری کەریمیانەوە کۆپییەکی بۆ مامۆستا سپێهرەددین بەڕێ کراوە کە مامۆستاش لوتفی فەرموو بەدڵاوابییەوە کۆپی ئەم نوسخەیەی پێ گەیاندم کە لە کۆتاییەکەیدا، نووسەر ئەم دێڕە بە فارسی دەنووسێت:

« حسب الامر جناب مستطاب فضایل مآب سید رشید

تحریر و قلمی گردید. کاتب حقیر المذنب سلطان پر عصیان است.»

چەند لاپەڕەیەکیش پێشتر و لە کۆتایی غەزەلێکدا ئەم ڕستانە هاتووە کە بەجۆرێک ئاوێتەی جەفەنگیشە:«حررە سلطان گدا پر نفس هوا و باخطا حسب الخواە جناب سید رشید، من بی سروپا از سروپا چیزی ندید، فی یازدهم شهر جمادی الثانی سنه ١٣١٣.» بەشی دووهەمی ئەم نوسخەیە، بەجیا و بە خەتێکی دیکە نووسراوەتەوە و هەندێک شێعری کوردی و فارسی مامۆستا حەریقی لەخۆ گرتووە کە پێشتر بە خەتتی میرزامەحموود لە نوسخەی (ئەلف)دا و بە خەتتی سوڵتان لە نوسخەی (ب)دا نەنووسراونەتەوە. ئەم نووسەرە بە شێوەی نەستەعلیق نەینووسیوە و هەر بە خەتێکی ئاسایی شێعرەکانی نووسیوەتەوە، بەداخەوە لێرەشدا نێوی نووسەر و ساڵی نووسینەوەکەی ڕوون نییە بەڵام زۆر بە وردبینی و سەرنجەوە تۆمار کراوە تا خوێنەر لە خوێندنەوەدا کەمتر تووشی گیر و ڕاوەستان ببێت.

دوای خوێندنەوە و پێک گرتن و پێداچوونەوەی نوسخەی (ئەلف) و (ب)، مامۆستا سپێهرەددین هەندێک پرسیاری بۆ دێتە پێش و لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا ئاراستەیان دەکات: کە هاوکات بۆچی سەیدڕەشید داوا لە دوو خەتخۆش دەکات ئەو دوو کەشکۆڵەی بۆ بنووسنەوە لە حاڵێکدا زۆربەی شێعرەکانی کەشکۆڵی دووهەم لە بەشی دووهەمی کەشکۆڵی یەکەم واتە نوسخەی (ئەلف)دا هەیە؟ یا ئایا نوسخەی (ب) لەبەر نوسخەی (ئەلف) هەڵگیراوەتەوە یا هەردووکیان لەڕووی نوسخەیەکی دیکە نووسراونەتەوە؟

مامۆستا لە درێژەی ئەم پرسیارانە دا بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە و دەنووسێت: من وای بۆ دەچم کە هەر ئەوکاتە

یان بۆ ماوەیەکی کورت دوای نووسینی بەشی دووهەمی نوسخەی (ئەلف)، خوالێخۆشبوو سەیدڕەشید، هەندێک شێعری دیکەی شاعیرانی ئەم ناوچەیە یان شاعیرانێکی دیکەی ئەویندداری حەزرەتی شێخ شەمسەددینی وەچنگ کەوتووە و داوا لە خۆشنووسێکی دیکە بەناوی سوڵتان دەکات کە ئەم بەشەی کەشکۆڵی یەکەمی کامڵتر و پوختەتر بۆ بنووسێتەوە.

**کتێبی (ج):**

کۆنترین چاپی دیوانی حەریق، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨ کە لەلایەن کوردی مەریوانی و لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغداد چاپ بووە. ئەو کتێبە بەهۆی ئەوەی کە نزیکەی سی ساڵ دوای مەرگی حەریق چاپ کراوە، کتێبێکی پوخت و پاراوە بەڵام ڕەنگە لەبەر نائاشنایی لەگەڵ زمانی عەرەبی و هەروەها دووری و دەست پێ ڕانەگەیشتنی نووسەر بە سەرچاوەیەکی باش و نزیک لە حەریق، ئەویش هەڵەی تێ کەوتووە و تەواو تەکووز و ڕێکوپێک نییە. زۆرجار وشەکان هەڵە نووسراون یان وشەیەک و دووان داکەوتوون تێیدا. هەروەها ڕێنووسێکی تۆکمە و دروستی نییە. بەداخەوە لە هەموو چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریقدا، ئەو کەسانەی بەرپرس بوون زیاتر زاراوەی خۆیان داسەپاندووە بەسەر شێعرەکاندا لەبری ئەوەی زاراوەی دروستی شاعیر ڕابنێن کە ئەوەش خەسارێکی زۆری لە هەموو چاپەکانی پێشووی ئەم دیوانە داوە.

**کتێبی (د):**

دیوانی مامۆستا حەریق جارێکی تر لەلایەن "مەحموود خاکی"ییەوە لە ساڵی ١٩٦٩ لە چاپخانەی الجمهوریيەی کەرکووکدا چاپ دەبێت و هەروەک مامۆستا سپێهرەددین لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا ئاماژەی پێ داوە، ئەویش

هەر لە ڕووی ئەوەی مەریوانی چاپ کراوەتەوە و هەڵەی زێدەتری وەسەر کەوتووە. ئەوەی هەیە کە بە نیسبەتی کتێبەکەی کوردی مەریوانییەوە کەمێک ڕێنووسەکەی گۆڕاوە. مانایەکی سادەی بۆ هەندێک لە وشەکان نووسیوە کە جاروبارەش ئەو مانایانە دروست نین. بەڵام بە ئاشکرایی دیارە لەڕووی کتێبی کوردی مەریوانییەوە نووسراوەتەوە و هیچکام لەم دوو کەسەش شتێکی نوێیان لەمەڕ ژیانی حەریقەوە باس نەکردووە.

**کتێبی (هـ):**

کتێبەکەی کاک نەجمەددینی ئەنیسی چاپکراوەی وەشانگەی محەممەدی سەقزە و لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٩ کۆچی هەتاویدا چاپ کراوە. کاک نەجمەددین ئەو جێگایەی ڕووناک بووە خۆی پێدا داوە و پێی لەسەر ناوە، ئەو جێیانەش کە تاریک و بەخەم بووە خۆی لێ بواردووە. هەموو ئەو وتارانەی سەبارەت بە ژیانی حەریق و شێخی بورهان نووسراون کۆی کردۆتەوە و هەموویانی سەر لەنوێ چاپ کردۆتەوە. فەرهەنگی ناو و وشەی بۆ ساز کردووە و چەند سەرگوروشتەیەکی حەریقی تۆمار کردووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی قەبە بوونی کتێبەکەی. ئەم چاپەی حەریق بە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆییە بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەستەی پێشکەوتوو، نیشانەکان و مەوداکان لە جێی خۆیاندا بەکار نەبراون. ئەوەش لە کاتی خوێندنەوەدا زۆرجار خوێنەر وەسەر تەڵە دەپەڕێنێ جودا لەوەی کە کاک نەجمەددین ڕاوێژی هەموو شێعرەکانی گۆڕیوە و دەسکاری زۆرێک لە وشە ڕەسەنەکانی کردووە. ئەوەش زیاد بکەم نەزم و نیزامی دانانی شێعرەکان کە لە چاپەکانی پێشوودا لەبەر چاو گیراوە لێرەدا تێک دراوە و هەروەها غەزەلەکان ناویان بۆ دانراوە.

**کەشکۆڵی (و):**

ئەم کەشکۆڵە لە کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای میللی ئێراندا بەناوی (جنگ اشعار کردی و فارسی) بە ژمارەی ٨٦٣٩٩ی تۆمار کراوە. نووسەر، لە لاپەڕەی ١٢دا دەنووسێت: (تمت شد کلام همی جهت امیر مختار، عثمان پاشازاده؛ احمد مختاربگ.) پاشان لە کۆتایی چەند شێعرێکدا دەنووسێت: (تمام شد آه، آه، صد آه یان تمت شد آخ خدا رحمی یان تمت لاجل امیر پرکمال، احمد مختاربیگ یان تمام شد لامیر الاعظم احمد مختار بیگ.) لە لاپەڕەی ١٠٦ دا نەقشی مۆرێکی پێوەیە بەناوی ئەحمەد موختار ١٣٣١. لە لاپەڕەی ١١٥دا نووسراوە: (کتبه لاجل الامیر الاکرم احمد مختار بگ دام اقباله.) لە لاپەڕەی ١١٨دا نووسراوە: (تمت شد جهت نونهال حدیقه اقبال و عزت و مجدت میر سعادت احمد مختار بیگ دام اجلاله و اقباله و علی التحصیل الکمال اعانه و صانه امین بمنه.) نووسەر ناوی خۆی تۆمار نەکردووە و ئیشارەیێکی بۆ ساڵ و مانگی نووسینەوەکەی تێدا نییە، ١٢١ لاپەڕەیە ئەم کەشکۆڵە و پڕە لە شێعری کوردی و فارسی جوان و خۆش بە خەتێکی نەستەعلیقی کەمتاکورتێک ورد و باش. لە لاپەڕەکانی ٦٦ تا ٦٩ یدا چەند شێعرێکی حەریقی تێدا بوو هەروەها پێنج خشتەکییەکی زێوەر لەسەر شێعرێکی حەریق کە کەڵکم لێ وەرگرتووە.

**شێوازی پێداچوونەوە، ساغکردنەوە و هەڵسەنگاندن:**

نوسخەی سەرەکیم بۆ ساغکردنەوەی ناڕاستییەکان، نوسخەی (ئەلف) بووە واتە ئەم نوسخەیە بە بنەما وەرگیراوە. بەو پێیەی کە نوسخەی (ب) ئەو بەشەی وا

به خەتتی سوڵتانە، تۆفیرێکی وەهای نییە لەگەڵ نوسخەی (ئەلف)، ئەو نوسخەیەش بۆتە پاڵپشتی ساغکردنەوە و تەسحیحی ئەم دیوانە. نوسخەی (ئەلف) هێندە جوان و ڕازاوە نووسراوە کە کەم وا هەیە شوێنێکی زۆر ناڕوون و تاریکی تێدا هەڵبکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەندێک بەیت، کەڵکم لە نوسخەی (ب) و چاپەکانی پێشوو وەرگرتووە. هەندێک تێبینی و سەرنج هەیە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

1) لەبەر ڕێنووسی کۆنی دەسخەتەکان زۆر جێگای وا هەیە کە بە چەند شێوە دەخوێنرێتەوە، لێرەدا ئەگەر هیچکام لە نوسخەکان نیشانە و هێمای دروستیان بۆ وشەکان دانەنابێ، ناچار بووم پشت بە چاپەکانی پێشووی ئەم دیوانە و هەروەها سەلیقەی تاکەکەسی خۆم ببەستم و لە ژێرنووسدا ئاماژە بە هەموو ئەو شێوانە بکەم.

2) حەریق لە موکریان ژیاوە و وەک لە نوسخەکانڕا دیارە، کەمتر وا هەیە پێشگری (ئە) بۆ ئەو کارانە بێنێت کە لە موکریاندا بە پێشگری (دە) بێژە دەکرێن. دوو کتێبی (ج) و (د) ئەم ڕەوتەیان تێک داوە و لە کتێبی (هـ)دا ئەم ڕەوتە زۆر بەلای زاراوەی دەوروبەری شاری مەهاباددا شکاوەتەوە. بە هەر دوو باردا ئەمە نادروستە و بەپێی دەقە سەرەکییەکان ئەو لاسەنگییەم لابردووە. لەبەر ئەوەی کە ئەم حاڵەتانەش گەلێک زۆر و زەوەند بوون لە ژێرنووسدا ئاماژەم بەم جیاوازییانە نەکردووە.

3) ئەگەر وشەیەک جیاوازی بووە لەناو نوسخە و کتێبەکاندا، لە ژێرنووس ئاماژەم بۆ شێوە نادروستەکان کردووە و وشە دروستەکەیم لەناو دەقەکەدا داناوە.

4) بە ڕێنووسی کۆن جاری وا هەیە وشەیەک بەڕواڵەت ماناگەلی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە کە پێوەندی لەگەڵ باقی وشەکانی ناو بەیتەکەدا هەیە، لەم جێیانەدا

ئاماژەم بەوە کردووە کە بە ڕێنووسی کۆن، شاعیر لە دانانی ئەم وشەیە چ مەبەستێکی بووە.
5) ڕواڵەتی ڕازاوە زۆر گرینگی پێ دراوە و ئەوە لەبەر چاو گیراوە کە فەزای شێعرەکان ئاڵۆز نەبێت بە شێوەیەکی وا کە خوێنەر مەیلی نەیکێشێ درێژە بە خوێندنەوە بدا و واز بهێنێ.
6) ئەم دیوانە، ساغکردنەوە و پێک گرتنی نوسخەکان و چاپە پێشووەکانی دیوانی حەریقە، نەک شرۆڤە و لێکدانەوەی مانا و وشە و پەڕاوێزنووسی. ئەگەر لە داهاتوودا بزانم کەسانێک خوازیارن بە شەرحەوە ئەم شێعرانە بخوێننەوە ئەوە ڕەنگە بە شێوازێکی دیکە ئەم دیوانە چاپ ببێتەوە.
7) زۆربەی لەنگی و ناڕێکی لەو شوێنانەدا هاتۆتە ئاراوە کە شێعرەکان لە نوسخەی (ئەلف) یان (ب)دا نین، لە وەها دۆخێکدا ئەگەر وشەیەک ناڕاست بووبێ بەپێی ساغکردنەوەی قیاسی، ساغ کراوەتەوە و ئاماژەی پێ کراوە. ئەگەر چەن وشەیەکیش داکەوتبێ ئەوە یان دیسان بەپێی تەسحیحی قیاسی، وشەی بۆ دانراوە لەبەر ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا، خوێنەر تووشی دابڕان و بێزران نەبێت بەڵام لە ژێرەوە ئاماژەی بۆ کراوە کە فڵان دێڕ لە کتێبەکانی پێشوودا چۆن چاپ بووە یان ئەگەر بۆم نەکرابێ ساغی بکەمەوە ئەوە ئیشارەم بۆ کردووە کە کوێی خشتەکە نامیزانە.
8) هەندێک شێعر هەن کە لە نوسخەی (ئەلف)دا نین و لە بەشی یەکەمی نوسخەی (ب)شدا نین بەڵام بە خەتێکی جیا لە خەتتی سوڵتان لە بەشی دووهەمی نوسخەی (ب)دا تۆمار کراون، ئەم دەقانەش بە بنەما دانراون و لەگەڵ کتێبەکان بەراوەردیان پێ کراوە.
9) گرینگترین قازانجی ئەم شێوازە ڕەنگە ئەوە بێت

کە: هەموو جیاوازییەکان بە تەواوی خراونەتە ڕوو، بەرامبەرکێیەکی باش کراوە لەنێوان هەموو نوسخە و کتێبەکاندا. ئەوەش کاری ئەو کەسانە زۆر ئاسان دەکاتەوە کە لە داهاتوودا بە هیوای توێژینەوەی زیاتر و ساغکردنەوەی چاکتری ئەم دیوانەن.

ئێستاش، ئەوەی دەیبینن و لەبەر دەستتانە بەرهەمی بەراوەردی سێ کتێب و دوو نوسخەی دەسخەتە لەگەڵ چەند لاپەڕەی کەشکۆڵێک. بە هیوای ئەوەی لە دوارۆژدا نوسخە و کەشکۆڵی زیاترمان وەدەس بکەوێت و بتوانین باشتر و باشتر ئەم دیوانە بڕازێنینەوە.

برای بچووکتان: ئاران

١٣٩٦/١/٢٩ کۆچی هەتاوی

## ژیاننامەی حەریق
(1851-1909ز)

"حەریق یەکێکە لە شاعیرە گەورە و خاوەنبەهرەکانی کلاسیکی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوی ساڵح کوڕی مەلانەسرولڵایە، لە ساڵی ١٨٥٦ زایینی بەرانبەری ساڵی ١٢٧٢ک.م لە گوندی زێویەی ناوچەی سووورداشی سلێمانی لە دایک بووە. زێویە کەوتۆتە قەدپاڵی لای ڕۆژهەڵاتی شاخی پیرەمەگروونەوە. مەلانەسرولڵای باوکی حەریق لە بنجدا خەڵکی ئەو ناوچە کوردەوارییە بووە کە لە ڕۆژگاری مێژوودا سەر بە دەسەڵاتی ئێران بوون، لە گوندی کاشتەر لە دایک بووە، ئەم ئاواییە لەگەڵ گوندی لۆن کەوتوونەتە قەدپاڵی کێوی  شاهۆوە کە زنجیرەیێکە لەنێوان هەورامانی لهۆن و جوانڕۆدا. لە باشوورەوە پاڵی داوەتە ماهیدەشت. مەلانەسرولڵا لە سەردەمی فەقێیەتیدا ڕوو دەکاتە ناوچەکانی دەوروبەری زێدی ژیانی باب و باپیرانی. لە پاشانا کە دەگاتە پلەی مەلایی، گوندی زێویە دەبێتە مەڵبەندی ژیانی."[1]

ئەوەی نووسیمان، ساڵ و زێدی لەدایکبوونی مامۆستا

---

1. د. خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس، ل ٤٢٥

حەریقە کە بە دەستی د.مارف خەزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار کراوە و لە زۆربەی کتێب و ماڵپەڕ و وتارەکاندا دووپات بۆتەوە.

هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە حەریق لە دێی زێویە هاتۆتە دنیاوە و باوکی واتا مەلانەسرولللا خەڵکی گوندی کاشتەری سەر بە وڵاتی ئێران بووە بێجگە لە دوکتور عوسمان دەشتی کە لە کتێبی ئەزموونی شێعری موکوریاندا، ئەو بیرۆکەیە دێنێتە گۆڕێ کە «... باوکی حەریق بە ئەسڵ سابلاغی بووە، بەڵام بە فەقێیەتی ڕێگای دەکەوێتە دێی کاشتەر لە ناوچەی جوانڕۆ و سەردەمێک لەوێ دەگیرسێتەوە، پاشان ڕوو دەکاتە ناحیەی سووورداش و لە دێی زێویە جێگیر دەبێت، هەر لەوێش ماڵ و خێزان پێک دەهێنێت. حەریق ساڵی ١٨٦٧ز دەچێتە پێنجوێن و لەدوای ماوەیەک هەر بۆ مەبەستی خوێندن و تەحسیلات ڕوو دەکاتە موکریان و لە زێدی پێشووی خانەوادەکەیان جێگیر دەبێت.»[1]

کوردی مەریوانی لە ژیاننامەی حەریقدا دەنووسێت: "حەریق لە دێی زێوییە کە مەحاڵی سووورداشە و یەکێکە لە قەزایاتی سولەیمانی لە ساڵی ١٢٨٢ک.م دا لە دایک بووە..."[2]

کاک نەجمەدینی ئەنیسی کە سەرچاوەکەی مێژووی ئەدەبی مامۆستا عەلائەدینی سەججادی بووە، دەنووسێت:

---

1. د.عوسمان دەشتی، ئەزموونی شێعری موکوریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، ٢٠١٣، ل ١٢٦

2. کوردی مەریوانی، دیوانی حەریق، چاپی بەغدا، ساڵی ١٩٣٨، ل ٣
شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، ل ٩٩
ئەمین زەکی بەگ، سەرجەمی بەرهەمەکانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ١٤( ئەمین زەکی بەگ دەنووسێت لە ئیلاهیاتدا زۆر شارەزا و لە فارسیشدا گەلێک بەقووەت بووە.)

"له ساڵی ١٨٥١ز له گوندی زێویه ئەستێرەی ژیانی تریفەی داوە."[1]

هەروەها له کتێبی مێژووی ناودارانی کورددا، بابا مەردووخی ڕووحانی ساڵی ١٢٧١ک.م بە ساڵی لەدایکبوونی حەریق زانیوە.[2]

له ساڵی ١٢٩٦ کۆچی مانگیدا، وەک ڕوون و دیارە و له ژیاننامەی شێخ شەمسەددینی بورهانی و هەروەها کتێبی تازەچاپکراوی مەنزوومەی شەمسیدا، مامۆستا سپێهرەددین ئاماژەی پێ کردووە، شێخ یۆسف له سەفەری حیجاز دەگەڕێتەوە[3] و بۆ پێشوازی و بەبۆنەی گەڕانەوەشی مامۆستا حەریق، غەزەلێک دەنووسێت که سەربەندەکەی ئەوەیە:

موژدە بێ بۆ بولبولی دڵ گوڵ له باغان هاتەوە
قومری عومری خۆی سەرف کا سەروی بوستان هاتەوە

ئەگەر ئێمە ساڵی ١٢٨٢ک.م وەک ئەو جۆرەی کوردی مەریوانی نووسیویەتی، بە ڕاست بزانین، ئەوە یانی حەریق له چاردە ساڵیدا، ئەو شێعرەی بۆ حەزرەتی شێخ شەمسەددین نووسیوە که ئەوەش هیچ ڕێی تێ ناچێ دروست بێت.

---

1. نەجمەددینی ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپخانەی محەممەدی، بەهاری ١٣٦٩ کۆچی هەتاوی، ل٢

مامۆستا عەلائەددینی سەججادی دەنووسێت: ساڵحی شاعیری ئێمە، له ساڵی ١٨٥١ زایینی له گوندی زێوییە دێتە دنیاوە.(عەلائەددینی سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٤١٠ )

2. بابامەردووخی ڕووحانی، مێژووی ناودارانی کورد، بەرگی دووهەم، ل ١٠٩

هەروەها مێژووی مەهاباد، سەید محەممەد سەمەدی، ل ٢٥٦

3. م.سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، وشانگەی جاودانە، ساڵی ١٣٩٤، ل ٥٠

زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٢٧١ یان ٧٢ی کۆچی مانگیان بە ساڵی بەدونیاهاتنی مامۆستا حەریق لە قەڵەم داوە و لەم ناوەدا تەنیا ئەو ڕێکەوتەی مامۆستا سەججادی دایناوە و نەجمەددینی ئەنیسی پشتی پێ بەستووە، بۆ ماوەی پێنج ساڵێک تۆفیریان هەیە.

شتێک کە لەم ناوەدا دەمێنێتەوە و بۆ من زۆر جێگای پرسیارە، ئەوەیە کە مامۆستا حەریق لە شێعرێکی خۆیدا کە بەرەوپیری شێعرێکی نالی چووە، باس لە مەکتەبی ڕوشدییە دەکا. بەم جۆرەی کە غازی حەسەن لە کتێبی خوێندەواریدا تۆماری کردووە: " لەم شارەدا هەووەڵین قوتابخانەیەک دروست بووبێت قوتابخانەی ڕوشدییەی موڵکی و ڕوشدییەی عەسکەری بووە. کە ئەوەی دووهەمیان هەندێک پاش یەکەمیان بە تەقەللای سەعیدپاشای خەندان لە ساڵی ١٨٩٣ز کراوەتەوە."[1] بەڵام غازی حەسەن باس لە قوتابخانەی ڕوشدییەی موڵکی ناکات کە ڕەنگە مەبەستی حەریق ئەویان بێت. تەنیا لە وتارێکدا کە سامان مستەفا ڕەشید لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ز دا بەناوی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە کوردستان بڵاوی کردۆتەوە دەنووسێ: "لە ساڵی ١٨٧٥زایینیدا قوتابخانەی ڕوشدییە لە هەولێر و سولەیمانی کراونەتەوە." پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئەم شێعرە هەر ئەوکات نووسراوە؟ ئایا تا ئەودەم حەریق نەهاتۆتە دیوی ئێران؟ ئایا حەریق لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا ئەو هەڵبەستەی هۆنیوەتەوە؟ ئەوەی لەڕواڵەتی ئەم شێعرەوە دیارە ئەوەیە لەژێر کاریگەری غەزەلێکی نالیدایە و لە بەیتێکدا نەبێ هیچ نیشانەی سۆفیگەری و

1. غازی حەسەن، خوێندەواری؛ ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، بڵاوکەرەوەی ئاراس، ل ١٤

موریدایەتی پێوە دیار نییە.
لێرەدایە کە بۆ وەدەسخستنی ئەم وەڵامانە دەستەوداوێنی ڕێکەوتەکەی م.عەلائەددینی سەججادی دەبین و دەڵێین ئەگەر حەریق ساڵی ١٨٥١ز لە دایک بووبێت، ئەوە یانی ئەم هۆنراوەیە ڕەنگە لە تەمەنی بیست و چوار و پێنج ساڵیدا بە دەستی حەریق هۆنرابێتەوە و هەروەها ئەوەش وێچووتر دەبێت کە گەلەنبەوی بورهانی لە تەمەنی شازدە حەڤدە ساڵیدا(ساڵی ١٨٦٧ز) تەواو کردبێ نەک یازدەساڵانەییدا. بەڵام گرینگترین پرسیار هەر لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە کە یانی تا ئەوکات هەر لە بەشی باشووری کوردستان ماوەتەوە؟
بێشک، نا. حەریق، بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەی باوکی و خزمەکانی لە سولەیمانی بوون، هاتوچۆی نەپچڕاوە لەگەڵ ئەوێ و بەردەوام هەم باوکی سەردانی کردووە و هەم ئەویش سەری لە سولەیمانی هەڵێناوەتەوە بەڵام ئەوەی ڕوون و دیارە ئەوەیە کە ئەم شێعرە، یەکێکە لە کارە سەرەتاییەکانی مامۆستا حەریق، لە نزیک ئەو ساڵانەی تازە ڕێی کەوتۆتە خانەقای بورهانەوە.
بەدڵنیاییشەوە دەتوانین دەستنیشانی بکەین کە هاتنی حەریق بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە ساڵی ١٢٩٦ک.م(١٨٧٩ز) بووە.
لە درێژەی ژیاننامەکەیدا د. خەزنەدار دەنووسێت:
"سەرەتا حەریق لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، بەرنامە زانستییەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی بەئەنجام گەیاندووە، وەک ڕێنووسی خوێندنی حوجرەی ئەو ڕۆژگارانە لەلای هەندێ لە مەلایانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی، بەشێکی ماوەی سووختەیی لە مزگەوتی شێخ محەممەدی بەرزنجی لە سلێمانی بردۆتە سەر، لە پاشا بۆ فێربوونی هەندێکی دیکە لە زانستە پێویستەکانی

مەلایەتی بەرەو قەرەداغ کەوتۆتە ڕێ، ماوەیێک لەوێ خوێندوویەتی ئینجا ڕووی کردۆتە بیارە و ڕۆژانێک لەوێ ماوەتەوە، ئەوجا گەڕاوەتەوە سلێمانی."[1]

ماموستا سەججادیش ئاماژە بەم دەورەیە هەر بەم شێوەیە دەکات و تەنیا ئەوەندە زانیاری زیاترمان دەداتێ کە: «لە بیارەش، باسی "نیکاح" لە کتێبی مینهاجی نەوەوی لەلای شێخ حەیدەر دەخوێنێ و سەرێکی تر لە سولەیمانی دەداتەوە.»[2]

د. خەزنەدار لە درێژەی قسەکانیدا دەنووسێت:

"حەریق لە ساڵی ١٨٨٤ز چووە بۆ پێنجوێن لای مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی خوێندوویەتی، لەوێوە بەرەو موکریان کەوتۆتە ڕێ. لە ماوەی ژیانی ئەو وڵاتەیدا ئاشنایەتی لەگەڵ شێخ یۆسف شەمسەدین (شێخی بورهان) پەیدا دەکا و لە خانەقای ئەو دەمێنێتەوە و مۆڵەتی ڕێگای نەقشبەندی لە شێخی بورهان وەردەگرێ. ماوەی ژیانی ساڵح لە خانەقا وەک سالیکێک بووە. سالیک نابێ ژن بێنێ، بەڵام ئەو بەدزی ژنی هێناوە، لەبەر ئەوە شێخ لە خانەقا دەری کردووە."[3]

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چ د.خەزنەدار و چ ماموستا سەججادی ساڵی چوونی ماموستا حەریقیان بۆ پێنجوێن ١٨٨٤ز نووسیوە و ئەوەش بۆتە هۆی هەندێک سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی زیاتر لە

---

1. د. خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس، ل ٤٢٥

2. عەلائەددینی سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٤١٠

3. د. خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، ل ٦-٤٢٥
ماموستا سەججادیش دەنووسێت:" لە ١٨٨٤ لە پێنجوێن گەلەنبەوی بورهان کە عیلمی مەنتیقە لەلای مەلاعەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی دەخوێنێ.(عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٤١٠ )

توێژینەوەکاندا. مامۆستا حەریق وەک مامۆستا سپێهرەدین لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا باسی دەکات ساڵی ١٢٨٤ک.م(١٨٦٧ز) نەک ١٨٨٤ز دەچێتە پێنجوێن.[1] ساڵی ١٨٨٤ز بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ١٣٠١ک.م و ئەمەش یانی حەریق پێنج ساڵ دوای سەفەری حەجی شێخ یۆسف شەمسەددین گەیشتۆتە موکوریان!

لێرەشدا سەججادی و ئەنیسی تەنیا ئەوەندە بە زانیاری ئێمە زیاد دەکەن کە گەلەنبەوی بورهانی کە زانستی مەنتیقە لەلای مەلاعەبدورڕەحمانی پێنجوێنی خوێندووە و بەس. بەڵام باسێک لە گۆڕێدا نییە کە:

"ماوەی ژیانی لە خانەقا وەک سالکێک بووبێت و سالیک نابێ ژن بێنێت و بەڵام حەریق بە دزی دەچێ ژن دێنێت و شێخیش لە خانەقا دەری دەکات."

ڕەنگە هەر ئەو ڕستە ناڕاستەش، مامۆستا هێمنی بە لاڕێدا کێشابێ تا چیرۆکێکی لەسەر دابمەزرێنێ و بنووسێت:"حەریق لە خانەقا ماوەتەوە، لەکن شێخ ماقووڵ بووە، خەڵک ڕێزی لێ گرتووە، تا بۆتە مامۆستای تایبەتی کوڕە شێخەکان بەڵام هەوەسی پیاوانە و تەبعی شاعیرانەی حەریق ئۆقرەی لێ بڕیوە و نەیتوانیوە وەک سەیدڕەشید و مام وسێن و مەلاحوسێن و مام جەعفەر و یارمەمەد و کاکی شخەڵی و مەحموود دۆشاو و دەیانی تر تا مردن بە ڕەبەنی بژی و و بێ ژن و هاوسەر هەڵکا، بە دزی شێخ ژنی هێناوە و ماڵی پێکەوە ناوە، دووزمان لە هەموو دەور و زەمانāندا هەن، ئەم خەبەرە بە گوێی شێخ گەیشتووە و حەریقی لە خانەقا دەرکردووە، سەرەتای چارەڕەشی حەریق بەتایبەتی لە باری ماددییەوە لێرەوە

1. م.سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، وەشانگەی جاودانە، ساڵی ١٣٩٤، ل ٤٩

دەست پێدەکا، لەسەر کچ تووشی کوێرەوەری و دەربەدەری هاتووە، عیشقی مەجازی ئەگەر بۆ هیچ کەس موجازاتی نەبووبێ، بۆ ئەو هەیبووە، لە زمانی خۆی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: بۆ پەیداکردنی پاروەنانێک هەموو شار و گوندەکانی کوردستان گەڕاوم جا نازانم سەرم بە هەموو ماڵێکدا کردووە یان نا؟"[1]

که ئاوێتەی تام و خوێی خەیاڵ کراوە و لە ڕاستییەوە دوورە.[2] ئەوەی زیاتر جێی متمانەیە، ڕەنگە گێڕانەوەیەکی نزیک لە ئەمەی کاک نەجمەددینی ئەنیسی بێت کە:

"لە شێخ یۆسف، شێخی بورهان تەریقەت وەردەگرێ و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی و ناوفەقێیان دەبێت بە مەلایەکی زانا و پایەبەرز و دەچێت بۆ ئاوایی ساحێبی ناوچەی سەقز و دەبێت بە مەلا و مودەڕڕسی ئەم دێیە و هەر لەوێش ژن دەهێنێت و دوای ماوەیەک لە ئاوایی ساحێبەوە دەچێت بۆ دێی قاراوای ناوچەی بۆکان."[3]

مامۆستا سەججادیش دەنووسێت: "لە شێخ یۆسف شەمسەددین تەریقەت وەرئەگرێ و لە پاشا لە سابڵاغ ئەبێ بە مودەڕڕیسی مزگەوتی سەیدحەسەن، هەر لە سابڵاغ ژنی هێناوە و کوڕ و کچێکی لێ بووە. ئیتر پاشماوەی ژیانی ئەکا بە پەپوولەی دەوری چرای شێخی بورهان تا لە ساڵی ١٩٠٧ زایینی لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا

---

1. وەڵامێکی دۆستانە، سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، چاپخانەی هەولێر، ساڵی ٢٠١٤ز، ل ٥٣٥

2. زۆربەی ئاگاداران و مەنسووبانی کۆنی حەزرەتی شێخ، بەتێکڕایی ئەم داستانە بە مەلاحسێنی سەقزی نیسبەت دەدەن بەڵام لەبەر بەختی خراپی حەریق بە دووری نازانم شتێکی هاوشێوەی ئەوە بۆ حەریقیش هەڵکەوتبێت.(سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ل ٦١)

3. ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپخانەی سەیدییان، ساڵی ١٣٦٨ ک.هـ ، ل٢

کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی مەلاجامی لە سابڵاغ ئەنێژرێ."[1]

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە حەریق لە کۆتایی ژیانیدایە دەچێتە مەهاباد(سابڵاغ) و دەبێتە مامۆستای مزگەوتی سەیدحەسەن(مزگەوتی هەژاران)، بۆیەش گێڕانەوەکەی سەججادی لێرەدا ڕەد دەکرێتەوە و قسەکەی ئەنیسی لە ڕاستییەوە نزیکترە چونکوو خودی مامۆستا حەریقیش لە بەیتێکدا ئاماژە بە ژیانی خۆی دەکا لە ساحێب:

گەر دەچمەوە «ساحێب» نییە هیچ موونیس و ساحێب

گەر دێمە "سەقز" ناری سەقەر وا لە جگەرما

بەڵام ئایا مامۆستا حەریق سەرەتا دێتە خانەقای بورهان و دوایە دەچێتە ساحێب؟ یان نا، لە ساحێب، بنەماڵە پێک دەهێنێ و دەست دەکا بە وانە وتنەوە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا، پێی بۆ بورهان دەکرێتەوە؟ من بۆخۆم ئەوەیانم پێ درووستترە بەو پێیەی کە دەزانین مامۆستا حەریق بەهۆی سەیدڕەشیدەوە کە یەکێک بووە لە باشترین شاگردەکانی لەگەڵ شێخ یۆسف ئاشنا دەبێ و دوایە، لە خزمەت ئەو خوالێخۆشبووەدا تەریقەت وەردەگرێ. هەروا کە لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا دەیخوێنینەوە کە: "حەریق ماوەیەکی کەم لە خانەقا نیشتەجێ بووە و ئەویش دوای ئەوەی کە لەلایەن ئیعزامولموڵکەوە ئیهانەتی پێکرا و لەگەڵ بنەماڵەکەی کە گەلێک ساڵ لەوەی پێش پێکی هێنابوو، پەنا دێنێتە بەر حەزرەتی شێخ."[2]

---

1. عەلائەددینی سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٤١٠
2. م. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، وەشانگەی جاودانە، ل ٦٢

گرینگترین ڕووداوی ژیانی حەریق کە بەسەر زمانانەوە ماوەتەوە، ڕووداوی ڕدێن تاشینەکەیەتی لەلایەن ئیعزامولمولکەوە کە د.خەزنەدار بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

"تەنگوچەڵەمە لە ژیانی ساڵحدا زۆر بووە. جارێکیان بە هۆنراوەیەک یەکێ لە کوڕەکانی شێخ عوسمانی تەوێڵە دادەشۆرێنێ. ئاغای دێیەکە(ئاوایی قاراوای بۆکان) ناوی ئیعلزامولمولک بووە، بۆ ئەتک ڕیشی تاشیوە، شاعیر ناچار بووە لای قازی عەلی گەورەی وڵات شکات بکا، دادگا خەریک بووە ئاغاکە تاوانبار بکا بۆ ئەوەی تۆڵەی حەریق بکاتەوە لەو ماوەیەی داوای حەریق لە دادگا دەبێ، کوڕێکی کورد لە گوندی قەباغکەندی کچێکی ئەرمەنی هەڵدەگرێ، باوکی ئەو کچە سەر بە کاربەدەستانی ڕووسیا دەبێ و کێشەکەیان دەگاتە دادگا. ئیتر لەبەر گەورەیی ئەم کێشەیە داواکاری حەریقیان لە بیر دەچێتەوە. جارێکیان کابرایەک لە حەریق دەپرسێ ڕووداوی ڕیشەکەی گەیشتە کوێ؟ لە وەڵامدا حەریق دەڵێت : بابەڵێ! ڕیشی من لە هینەکەی کچە ئەرمەنیدا ونبووا!"[1]

ئەنیسی، ئاماژەیەک بە ڕووداوی کچە هەرمەنی و مانگ و ساڵەکەی(زیحەججەی ساڵی ١٣٠٨ ک.م)[2] ناکات و تەنیا ئەوە نەبێ کە دەڵێ: "لە ئاوایی قاراوا خەریکی مەلایەتی و دەرس گوتنەوە دەبێت و هەر لەم ئاواییە بە هۆی هۆنینەوەی چوارینەیەک، ساڵح خانی

---

1. د. خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس، ل ٤٢٦

2. سەیدمحەممەدی سەمەدی، مێژووی مەهاباد، بڵاوکراوەی ڕەهرۆ، ساڵ ١٣٧٣ک.هـ، ل ٨١

ئیعزامولموڵک، ئاغای قاراوا و بۆگەبەسی کە پیاوێکی ساماندار و خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بووە ڕیشی دەتاشێت."[1]

لێرەدا، هەندێک پرسیاری دیکە دێنە ئاراوە کە بێ وەڵامن:

کام چوارێنە؟ لەبەر چی دەبێ حەریق، یەکێک لە کوڕەکانی شێخ عوسمانی تەوێڵە دابشۆرێنێ کە بۆخۆی سەر بە هەمان تەریقەتە و لە چەن قەسیدەیەکیشدا، پەسنیان دەکات؟

وەکوو سەرچاوە تەنیا کتێبێک کە باسی ئەم کێشەی کردووە، کتێبی مێژووی مەهابادە، سەید محەممەدی سەمەدی دەنووسێت: "ئیمام جەماعەتی قاراوا کە ناوی بەهائەددین دەبێت کۆچی دوایی دەکا و لەسەر جێنشینەکەی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خانەقای بیارە و تەوێڵەوە، شێخ عەلی مەشهوور بە شێخ حیسامەددین کە لاو بووە لەسەر ئەم کێشەیە نێوانی لەگەڵ شێخ عومەر کە گەورەی بنەماڵە بووە، تێکدەچێت. ئاغای ئاوایی لاگیری شێخ عەلییە و حەریق بە نووسینی چەن دێڕەشێعرێک لایەنگری لە شێخ عومەر دەکات."[2]

چوارێنەی گۆڕینیش ڕەنگە ئەمە بێت:

کاغەزی وا زۆر دەهاتن زوو لە هەورامانەوە
وەک گەڵاتاڵوو هەموومان خستە ئاگردانەوە
دوێنێ دەتکوت یۆسفی سددیقی میسری دین ئەوە
ئەمڕۆ بات داوە، چ عەیبێکی هەیە بادانەوە؟

---

1. نەجمەددینی ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپخانەی سەیدییان، ساڵی ١٣٦٨ک.هـ، ل٣-٢

2. سەیدمحەممەدی سەمەدی، مێژووی مەهاباد، بڵاوکراوەی ڕەهڕۆ، ساڵ ١٣٧٣ک.ە، ل ١٤٠

بەڵام مامۆستا سپێهرەددین لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا ئەم داستانە بە درۆ و دەسکرد دەزانێ و ڕەدی دەکاتەوە و دەنووسێت: "منیش تا ماوەیەکی زۆر باوەڕم بەم دەنگۆیانە هەبوو ... بەڵام هەمیشە بۆم جێی پرسیار بووە کە چۆن حەریق ئیزنی داوە بە خۆی لە خزمەت مورشیدزاکانی مامۆستاکەیدا بێئەدەبی بکا لە حاڵێکدا خۆی لە مەکتەبی حەزرەتی شێخ پەروەردە کراوە و شاهیدی هەموو جۆرە ڕێز و خۆشەویستی و خاکەڕایی ئەو حەزرەتە سەبارەت بە مامۆستاکەی واتا حەزرەتی سیڕاجەددین بووە؛حەزرەتی شێخ، تەنانەت ڕێزی لەو دێوەرە دەسفرۆشانەی هەورامانیش گرتووە کە دەهاتنە موکوریان تەنیا لەبەر ئەوەی کە لەو ناوچانەڕا هاتبوون. هەروەها خودی مامۆستا حەریق لە قەسیدەیەکی خۆیدا کە سەربەندەکەی ئەوەیە:

قەمەر کەوتۆتە میزانی خەیاڵم موشتەری با بێ
لە عیقدی نەزم و نەسرم تالیبی عیقدی سوڕەییا بێ

ناوی ئەو کەسانە دەهێنێ کە گۆیا هەجوی کردوون! بەڵام لەم قەسیدەیەدا پەسنیان دەبێژێ و پێیاندا هەڵدەڵێ. بەم هۆیانەوە هەمیشە بەدووی وەڵامی ئەو پرسیارەوە بووم تا یەکێک لە ئاگادارانی ڕووداوەکە بۆی گێڕامەوە کە حەریق لەبەر غەزەلێک کە سەربەندەکەی ئەوەیە:

بەنی ئادەم خودا وەی کردووە ڕۆژێکی تا ماوە
سەراسەر عومری سەرفی سەرف و نەحوی زەرفی تاماوە

ئوو لەوێدا بەتوندی و بێ ئەوەی ناویان لێ بێنێ، بە گژ مونکیرانی حەزرەتی شێخدا چووە، لەلایەن ئیعزامولموڵکەوە هەتک کراوە کە دوایە لەبەر ئەوەی کارە ناحەزەکەی خۆیان پووشبەسەر بکەن ئەو دەنگۆیەیان بڵاو کردەوە کە حەریق ئیهانەتی بە

کوڕەکانی حەزرەتی سیراجەددین کردووە و مونکیرانی شێخیش تا توانیویانە ئەم دەنگۆیەیان گەورە کردۆتەوە."[1]

بەهەر حاڵ، هەر کام لەم بەسەرهاتانە دروست بێت هیچ لە باری ناحەزی کارەکە ناگۆڕێ و بۆ هەمیشە ناوی ئیعزامولمولک وەک کەسێکی زاڵم و ناتێگەیشتوو لە مێژوودا دەمێنێتەوە.

سەربوردەی حەریق لە زمانی ئەنیسییەوە درێژە پێ دەدەین:

" حەریق بە دڵشکاوی و ناچاری، بە خاو و خێزانەوە، ئەو دێیە بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ گوندی شەڕەفکەند و بۆ ماوەیەکیش لەوێدا نیشتەجێ دەبێت و لەو ماوەیەدا خەریکی دەرس کوتنەوە بە فەقێیان دەبێت و پاشان دەچێت بۆ شارویرانی ناوچەی مەهاباد و چەند ساڵێکیش لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا دەبێ بە مەلا و مودەڕڕیس و لە پاشان لەساڵی ١٣٢٤ هەتاوی؟ دێتە شاری مەهاباد و دەبێ بە مەلا و مودەڕڕیسی مزگەوتی حاجی سەییدحەسەن و محەممەدحوسێن خانی موکری مانگێ سێ تمەنی حقووق بۆ دەبڕێتەوە و تا ساڵی ١٩٠٧ زایینی، ڕێکەوتی ١٣٢٦ کۆچی مانگی دوای ٥٦ ساڵ، لە مهاباد، لە گەڕەکی ڕزگەییان لە خانووی میرزا حاجی یووسفیان ماڵاوایی لە ژیان دەکا و لە گۆڕستانی مەلاجامی لە تەنیشت ئارامگای خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەوەی شێخ تەهای شەمزینی سەری دەباتە نێو ئامێزی خاکەوە."[2]

لێرەدا ئەنیسی تووشی دوو هەڵە بووە(کە ڕەنگە هەر لە

---

1. ئەبووبەکری سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ساڵی ١٣٩٤ک.هـ، ل ٣١٠

2. ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپخانەی سەیدییان، ١٣٦٨ ک.هـ، ل٤-٣

سەرچاوەڕا بێت): یەکەم ئەوەی کە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی نییە و کۆچی مانگییە. دوو: ئەوەی کە ساڵی ١٩٠٧ز بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ٥-١٣٢٤ک.م نەک ساڵی ١٣٢٦. ئێمە دەزانین ئەو کاتەی سابڵاغ بە دەستی فەریق پاشا داگیر دەکرێ، حەریق ماددە تاریخی بە پیتی ئەبجەد بۆ داناوە و دەڵێ "سابڵاغ گیرا"[1]. ئایا ئەم ڕستەیەش بەشێک لە شێعرێکە یان نا تا ئێستا باسی لێ نەکراوە بەڵام دەبێتە ساڵی ١٣٢٥ک.م و نیشان دەدا تا ئەو کاتە مامۆستا حەریق لە ژیاندا بووە هەروەها بۆ کۆچی دوایی مەلاوەسیمی سەردەشتیش ماددە تاریخی داناوە کە ساڵی ١٣٢٦ک.م دێتەوە و بەرانبەری ساڵی ١٩٠٨ی زایینییە. پێ دەچێت حەریق لە ساڵی ١٣٢٧ک.م ساڵێک بەر لە کۆچی شێخی بورهان(132٨ک.م) کۆچی کردبێت. واتا ماوەی تەمەنی 58 ساڵ بووە. کە بە ڕۆژژمێری مانگی دەکاتە 60 ساڵ چونکوو هەر ساڵێکی هەتاوی دە ڕۆژی لە ساڵێکی مانگی زیاترە.

لە دوایین چاپی دیوانی مامۆستا حەریقدا، کە نەوزاد کەڵهوڕ لە ساڵی ٢٠١١دا چاپی کردووە شتێکی ئەوتۆ لە ژینامەکەی زیاد نەکراوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەویش، شکی لەو شێعر یا چوارێنەیە کردووە کە داشۆرانی تێدا بێ و هەروەها شکیش دەکات لەوەی کە حەریق بۆ ماوەی ساڵێ بە ڕەبەنی لە خانەقا مابێتەوە و بە دزی لەوێ ژنی هێنابێ و دوایە شێخ دەری کردبێ و دەنووسێت:

" دیارە حەریق زانایەکی ئایینی بووە و دەبێت ئاگاداری ئەوە بووبێت کە ژن نەهێنان لە ئیسلامدا نییە و بەڵکوو یەکێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەر و هەروەها کەسێکی

---

1. سەمەدی، مێژووی مەهاباد، بڵاوکراوەی ڕەهەڕۆ، ساڵ ١٣٧٣ک.هـ، ل ١٤٢

وەک شێخ یۆسف شەمسەددین چۆن دەبێت پیاوانی خۆی لەسەر ژنهێنان لە خانەقا دەربکات؟ نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە شێخ یۆسف شەمسەددین بۆخۆی زیاتر لە ژنێکی هەبووە."[1]

بۆ ساڵ و زێدی بەدنیاهاتنیش نەوزاد کەڵهوڕ دەنووسێ کە لە ساڵێ ١٨٥١ زایینی لە زێوە لە دایک بووە و پاش پەنجا و یەک ساڵ تەمەن لە ساڵی ١٩٠٧ لە مەهاباد کۆچی کردووە. کە سەرچاوەی ئەم قسانەش دیارە و پەنجاویەک ساڵیش یان هەڵەی تایپە یان هەڵەی حیساب! هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەو کتێبەی نەوزاد کەڵهوڕ هێندەی هەڵە تێدایە بە کاری ئەوە نەهات وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو تەماشای بکەم. جا یان نووسەر، شێعر و کێشی نەناسیوە یان هەر بەپەلە و پڕ لە هەڵەوپەڵە بۆیان لە چاپ داوە و کەس پێیدا نەهاتۆتەوە و نەیخوێندۆتەوە.

حەریق، کچێکی بەناوی خەدیجە و کوڕێکی بە ناوی عەبدوڵڵا لەپاش بەجێماوە[2]، م. هێمن لە نامەیەکی دۆستانەدا دەنووسێت: "من خۆم کچی حەریقم دیبوو کە پیرێژنێکی گۆج و ئیفلیج بوو لەنێو ژنانی خانەقا دەژیا و هەموو بەتایبەتی شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ و سەیید ڕەشید زۆریان ڕێز لێ دەگرت و پێیان دەگوت: دێدە."[3]

بەداخەوە، ژینامەی مامۆستا حەریقیش وەک زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ئەم نیشتمانە، خاڵی نادیاری



1. نەوزاد کەلهوڕ، دیوانی حەریق، ساڵی ٢٠١١ز، ل ١٠
2. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، وەشانگەی جاودانە، ١٣٩٤ک.هـ، ل ٥١
3. وەڵامێکی دۆستانە، سەرجەم بەرهەمەکانی م. هێمن، چاپخانەی هەولێر، ساڵی ٢٠١٤ز، ل ٥٣٧

زۆره و شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانین. ئەوەی کە پێشکەش کرا، پوختەیەک بوو لەو کورتەباسانەی لە کتێبەکاندا لەسەری نووسراوە. بەو ئاواتەی کە تاڕادەیەک توانیبێتم شوێنە تاریکەکان ڕوون بکەمەوە.

بەڵام تاوەکوو حەزرەتی شەمسەددین، یۆسفی میسری دین، شەمسی بە ئیسناد و قوتبی بە ئیرشاد نەناسین بەجوانی ناتوانین بچینە ناواخنی مەبەستی شێعرەکانی مامۆستا حەریقەوە. بەوپێیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا هەرچەند بەکورتی، ژینامەیەک لەو خوداناسە گەورەیە لێرەدا ئاراستە بکەم. بۆ نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیەش کەڵکم زیاتر لە کتێبی "ژینامەی حەزرەتی شێخ؛ شەمسەددینی بورهانی" لە ئاسەوارەکانی مامۆستا ئەبووبەکری سپێهرەددین وەرگرتووە کە خوێنەرانی تامەزرۆ بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵی دەتوانن ئەم سەرچاوەیە وەدەست بخەن و بیخوێننەوە.

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شێخ یۆسف شەمسەددین

ناوی یۆسف، نازناوی "شەمسەددین"، ناوی باوکی محەممەد و ناوی دایکی ئایشەیە. باوکی لە تایەفەی ماوەت و دایکی لە هۆزی کەڵهوڕە. لە یەکێک لە ساڵەکانی ١٢٤٥-١٢٤٢ کۆچی مانگیدا لە دێی سێڵوێ لە ئاواییەکانی لاجانی باکووری پیرانشار هاتۆتە دنیاوە. کە حەوت ساڵانە بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە و دایکی بەپێی داب و نەریتی ئەو سەردەمە ناویەتە بەر خوێندن و بووە بە فەقێ و بۆ درێژەپێدان بە خوێندن ڕووی کردۆتە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ لە شاری مەهاباد. دایکی بۆ ئەوەی هەمیشە چاوەدێری لێ بکا، ماڵی چۆتە دێی یالاوەی سەرێ لە ڕۆژهەڵاتی شاری سابڵاغ و دوای دوو ساڵان لەوێشەوە دەچنە دێی عیساکەند کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی یالاوە هەڵکەوتووە. ئەو زاتە هەر لە منداڵییەوە و دوایەش لە فەقێیەتیدا مەیلێکی قەلبی بە خوداپەرەستی و توانایییەکی دەروونی لە ڕێبازی تەریقەتدا هەبووە. بەهۆی ئەم مەیل و توانایییەوە، شەوێک خەون بە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەددینەوە دەبینێ و لەو خەوەدا حەزرەتی شێخ بانگی دەکات بۆ تەوێڵە.

لەدوای ئەوەڕا، ڕەوتی ژیانی بە ئاقارێکی دیکەدا دەچێت و ڕێی تەوێڵە و خزمەتی حەزرەتی شێخ عوسمان دەگرێتە بەر و ماوەی حەوت ساڵان لە خانەقای تەوێڵە خەریکی ڕیازەت و تەزکیە و سلووک دەبێت و بۆ ماوەی هەشت ساڵانیش لەسەر دەستی ئەو خوداناسە پایەبەرزەدا، تەریقەت وەردەگرێ و هەموو قۆناغەکانی ئاماژەپێکراوی ڕێبەرانی ئەم ڕێبازە تێدەپەڕێنێ و دوایین مەنزڵەکانی عیرفان واتا فەنا و بەقا بە سەربەرزی دەبینێت.

شێخ یۆسف پاش بەجێهێنانی ئەم ئەرکانە، لە سەفەرێکدا کە لەگەڵ حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەددین دەچێت بۆ شاری سولەیمانی، بە فەرمانی شێخ لە خانەقای حەزرەتی مەولاناخالیدی نەقشبەندیدا حازر دەبێ و شێخ عوسمان ئیجازەی خەلافەت و ئیرشادی دەداتێ و پێی دەفەرموێ کە بگەڕێتەوە بۆ موکریان. مەلاحامیدی کاتب، لە کتێبی ڕیازولموشتاقیندا کە ئیجازەنامەی خەلافەتی ئەو حەزرەتەی نووسیوە، بەناوی مەلایۆسفی یالاوەیی ناوی لە ڕیزی خەلیفەکانی حەزرەتی سیراجەددیندا دەنووسێت.

لە دەوروبەری ساڵی ١٢٧٧ک.م دا دەگەڕێتەوە بۆ موکریان و سەرەتا لە عیساکەند و دوایە لە بورهان کە لە ٣٥کم ڕۆژهەڵاتی مەهاباد هەڵکەوتووە دەست دەکا بە ڕێنوێنی و بانگێشتی خەڵک بۆ دینداری و خوداپەرەستی و تەڵقینی زیکر و فێرکاری ئادابی تەریقەتی نەقشبەندییە کە لەسەر بنەمای سوننەت و شەریعەت دامەزراوە و لە بیدعەت و بێکاری و گۆشەنشینی پارێزراوە. هەر زۆر زوو ناو و ناوبانگی بە هەموو وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە و مورید و مەنسووب لە هەموو لایەکەوە ڕوو لە بورهان دەکەن و کەسانی پایەبەرزی وەک مەولانا

محەممەدسادقی مەرزنگ، سەیدمحەممەد سەعیدی نوورانی، مەلاعەبدوڵڵای سوور، مەلای باڵەکی، مەلامستەفا حەیرانی و مەلاڕەسووڵی ئەرمەنی بلاغی و شاعیری شیرین زمان و خۆش ڕاوێژ مەلاسەیدڕەشید و گەلێک زانای بەناوبانگی دیکە لەسەر دەستی تەریقەت وەردەگرن و تەنانەت مامۆستایانێک وەکوو عەللامە قزلجی و مەلاعەبدوڵڵای پیرەباب دان بە بەرزی مەقام و گەورەیی کەسایەتی شێخدا دەنێن و بە ئاشکرا ئیرادەت و ئیخلاسی خۆیان نیسبەت بە حەزرەتی شێخ یۆسف دەردەبڕن.

پەیوەستبوونی هۆزانی مەزنی عیرفان، مەولانا محەممەدسادقی مەرزینگ، بە خێڵی موریدانی خانەقاوە کە لە زانست و تێگەیشتندا، تاقانەی ڕۆژگار و لە ڕێکوپێک کردنی کارەکان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەن توانستێکی بەرز و بێوێنە و داهێنەرانە بووە، بەستێن بۆ گەورەترین و بەرینترین ڕاپەڕینی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ناوچەکەدا خۆش دەکات.

حەزرەتی شەمسەددین لەو ساڵانەی دواییدا کە لە بورهان دەبێت سەفەری حەج دەکات و لە ساڵی ١٢٩٦ کۆچی مانگیدا لە حەج دەگەڕێتەوە و دوابەدوای ئەوە لەبەر کەمی جێی و زۆری مورید و میوان و مامۆستا کۆچ دەکەن بۆ دێی شەڕەفکەند کە حەزرەتی مەولانا محەممەدسادق چەند دانگی ئەو ئاواییەی پێشتر لە خزمەکانی خۆی کڕیبۆوە و لەم دەورەیەدا بە هاتنی کەسانێکی دیکەی وەکوو مەلاعەبدوڵڵای گۆڕۆمەڕی، مەلاشەفیعی ئەنبار، مەلاوەسیمی سەردەشتی، میرزاعەلی قازی و میرزا حەسەنی قازی شکۆیەکی تایبەت و تازە دەبەخشرێ بە ڕێبازی ئەم تەریقەتە.

لەم قۆناغەشدا، هەروەکوو پێشوو، پەروەردەی دروستی عیرفانی، تەقوا و پارێزگاری، هەوڵی ڕاستگۆیانە، پێداگری لەسەر کار و کەسبی حەڵاڵی سالکان و قەناعەت و گەورەیی دڵ و دەروون، سەرەڕای دەروەستبوونی تەواو بە یاساکانی ئیسلام و حوکمەکانی شەریعەت، وەها ئاوێتەیەکی دەگمەن لە زوهد و ڕیازەت و کار و هەوڵ و ڕاستگۆیی پێک دەهێنێ کە بیرەوەری دووری کۆبوونەوەی موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام وەبیر دەهێنێتەوە. نیزامێک کە لە بورهان بنەماکەی لەسەر ئەحکامی شەریعەت و پەیڕەوی لە سوننەت و بناغەکانی دروستی تەریقەت دانرابوو لە شەڕەفکەنددا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی. ئەمجارەش هاتوچۆی بێوچانی زایران و ڕوو لەزیادبوونی بەردەوامی سالکانی خانەقا دەبووە هۆی هەندێ گیر و گرفت لە شەڕەفکەنددا بۆیە لەناو بوورە و بەیارەکانی نزیک دوو کیلۆمیتری ڕۆژاوای ئەم ئاواییە(سوولاوکان) کە لە سێ لاوە بە شاخی بەرز دەوری گیرابوو، بناغەی بینایەکی دیکە دادەمەزرێ و حەزرەتی شێخ و خەلیفە و مەنسووب و موریدانی لە ساڵی ١٣١٠ کۆچی مانگیدا بۆ ئەم شوێنە نوێیە کۆچ دەکەن کە لە داهاتوودا بەبۆنەی یەکەم بینایەوە بەناوی «خانەقا» ناوزەد دەکرێت. مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی هەشتی پێشەکی کتێبی تاریک و ڕووندا بەجوانی کەش و هەوای ساڵانی دوای ئەم سەردەمەی خانەقامان بۆ وێنا دەکات.

بابەتێک کە لە خانەقادا زۆر گرینگی پێ دەدرا، هەوڵی یەگجار زۆر بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە لەبەرچاوگرتنی هەموو وردەکارییەکانی زانستی تەجویدەوە بوو. لەوێ، شێوازی کۆنی فێرکاری قورئان وەلانرا و قاریانی بەئەزموون کە خۆیان لە مامۆستایانی

دیکه ڕوخسەتیان وەرگرتبوو، بۆ ڕاهێنان و فێرکاری قەرائەتی دروستی قورئان، دەستنیشان دەکران.
حەزرەتی شێخ کە نزیکی پەنجا ساڵ، تیشکی پڕتینی بەسەر کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دینی و عیرفانی لە ناوچەکەدا پژابوو و خەڵکانێکی زۆری بۆ شاڕێی ڕاستەقینەی خوداپەرەستی ڕێنوێنی کردبوو، پاش ماوەیەک نەخۆشی، کۆچوباری سەفەری هەرمان دەبەستێت و لە شەوی یەکشەممەی یازدەهەمی مانگی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٣٢٨ک.م تەقریبەن لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا دنیای بێ بەقا بەجێدەهێڵێت و ڕووحی پاک و پیرۆزی بە بەرزایی ئاسمانەکان دەسپێرێت.
مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە لاپەڕەکانی ٤١٦ و ٤١٧ بەرگی دووی کتێبی یادی مەرداندا بەم شێوەیە یادی دەکاتەوە و دەفەرمێت:
" ئەم زاتە گەلێ سیفەتی پیاوانەی تیا بووە وەک ئەوە کە:
لەسەر هەموو موریدێکی پێویست کردووە ئەگەر نەخوێندەوار بێ دەرسی قورئان بخوێنێ بە تەجویدەوە و هەموو ڕۆژێ بەگوێرەی توانا دەوری هەندێکی بکاتەوە.
ئەهمیەتدانی بە سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) بەتایبەت لە ئادابی دەسنوێژ و ڕۆژوو و مەناسیکی حەجدا.
بڕیاری داوە لەسەر هەموو مەنسووبێکی کە نانی کاسبی و ڕەنجی شانی خۆی بخوا، مەگەر تووشی دەردێکی وا بووبێ کە ڕێگای کاسبی کردنی لێ گرتبێ، ئەوە ئەتوانێ دانیشێ و خەڵکی خزمەتی بکەن.
خۆیشی بۆخۆی کاسبی کردووە و نانی خانەقای لە کەسبی دەستی خۆی داوە و ساڵانە ئەوەندە بەرووبوی

کاسبی و کشت و کاڵی بووە زەکاتی ماڵی بە گەلێ کەسی هەژار و کەمدەسەڵات داوە و دێی ئاغەبڵاخی[1] کڕیوە و وەقفی کردووە بە هەژاران و کەسانی عیبادەتکار و ڕێبوارانی خانەقا.

کە لە ساڵی ١٣٣٣[2] ک.م دا نەخۆش کەوتووە، وەسییەتی کردووە لە کوڕانی، کەسیان جێی نەگرێتەوە چونکە کەسیان سولووکی تەریقەتی نەبووە و شایانی ئیرشادکردن نەبوون. کاری وا لە هەموو کەس ناوەشێتەوە و نیشانەی پلەیەکی بەرزی ڕاستگۆییە لەگەڵ خودا و خۆ و خەڵکدا."[3]

1. ناوی دێیەکە بە هەڵە تۆمار کراوە، ئاتابڵاغی درووستە.
2. ساڵی ١٣٣٣ هەڵەیە و ١٣٢٨ ک.م درووستە.
3. هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووهەم، ل ٤١٦-٤١٧، یادی مەردان، مەلا کەریمی مودەڕیس، ٢٠١١ز

# بەشی کوردی

## پیتی ئەلف

**1**

عاشقی سەروی قەدت قومری سیفەت زاری دەکا
ڕووی گوڵی تۆ بولبولی دڵ فێرە غەمخواری دەکا [1]
خۆت وەکوو سوڵتان و چاوت حاکم و ئەبرۆت موشیر
تیری موژگانت وەزیرە مەشقی خونکاری دەکا[2]
کەوتە نێو زوڵماتی زولفینت دڵی ئەسکەندەرم
خزری زیندەی ماچی لێوت، کەی دێ ڕزگاری دەکا[3]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم شێعرە لە هەموو نوسخە و کتێبەکاندا هەیە. فێرە(ە، ج، د): فێری.
واتا: ئەویندارى سەوڵی باڵات وەکوو کۆتری کێوی بۆت دەگری و بولبولی دڵی من لەبەر ڕووی وەکوو گوڵ، جوانی تۆ، غەم دایگرتووە و سەری ناوەتە کۆشی خۆیەوە و دەناڵێنێ.

2. موشیر: شیر(ە)، شمشیر(ج، د). * خونکاری(ە، ج، د): خونخواری.
ئەبرۆت:برۆت(د)، ئەبرۆتە(ە).
موشیر: ڕاوێژکار. * خونکار(ە.ب): پاتشای گەورە.
لە شوبهاندنی بڵاو(تەشبیهی مەفرووق) کەڵک وەرگیراوە و لەنێوان سوڵتان و حاکم و موشیر و وەزیر و خونکاردا تەناسوب هەیە.
واتا: خۆت شای و چاوت بە حوکمە و برۆت ڕاوێژکاریانە. تیرەکانی برژانگت، وەکوو وەزیر وان و خەریکی مەشق و ڕاهێنانی زۆرداری و خوێنڕێژین.

3. زولفینت: زولفت(ج، د)، زوڵفانت(ە). * خزر(ە): خدر.
زولفینت: زولفین گۆڕراوی وشەی زوفرینە بە مانای ئاڵقەی ئاسنیی دەرگا کە ئاوەڵواتایەکە بۆ پێچ و خەمی زولف. بەداخەوە لە زۆربەی دیوانەکاندا بە زولفەین تۆمار کراوە. زولف وشەیەکی فارسییە و نیشانەی دوانەبوونی عەرەبی نایێتە سەر. ئەم بەیتە، تێلنیشان(تەلمیح)ێکە بۆ داستانی ئەفسانەیی ئەسکەندەر و هاوڕێیەتی خزر لەگەڵی بۆ دۆزینەوەی ئاوی حەیات لەناو

من بە میزانی تەبیعەت جەوهەر ئەفرۆشم، دڵم
وا لە شامی زولفی تۆدا کەسبی عەتتاری دەکا[1]
مەیخەرە ژێر پێتەوە گەر حەز دەکەی ژێر بێتەوە
دڵ کە منداڵە شکەرخەندەی لەبت چاری دەکا[2]
مورغی دڵ برژا لەبەر چرقەی هەتاوی فیرقەتت
تاوەکوو کەی داوی زولفینت گرفتاری دەکا[3]
تووتیی دوککانی حوسنت، بولبولی تەبعی منی
خستە نێو بەندی تەماع و فێرە بازاڕی دەکا[4]

---

تاریکیدا.

واتا: دڵی وەکوو ئەسکەندەری من ڕێی ئەوا کەوتە نێو تاریکستانی زولفی تۆوە و دەرنایەتەوە مەگەر ئەوەی تۆ بە ماچی لێوی خۆت ڕزگاری بکەی کە وەکوو خزری زیندوو وایە بۆی.

1. جەوهەر(ج، د، ه): گەوهەر.

جەوهەر: تەبیعەتی هەر بوونەوەرێک ئاوێتەی جەوهەر و عەرەزە.

شام: شێو، ناوی مەڵبەندێکی مێژوویی کە دابەش بووە بەسەر سووریا، لوبنان، ئوردون و فەلەستیندا.

واتا: من بە تەرازووی تەبیعەت و سروشتی خۆم، خەریکم لە جەوهەری بوونم دەکێشم و دەیفرۆشم و شێعر دەنووسم و دڵیشم ئەوە بۆخۆی لە بازاڕی شامی زولفی تۆدا، کار و پیشەی بۆتە عەتتاری و کۆکردنەوەی بۆنە خۆشەکان لە خۆی.

2. لەنێوان پێتەوە و بێتەوەدا، هاوشێوە(جیناس)ی موزاریع و لەنێوان ژێر و ژیردا، هاوشێوەی ناقیس هەیە.

واتا: ئەو دڵەم کە لەناو زولفی تۆدا بوو مەیخە ژێر پێتەوە و بەری مەدەوە بەڵکوو بە مەمکانت ژیری کەوە چونکە دڵم وەکوو منداڵ وایە بە شەکری بزەی تۆ نەبێ وەپێکەنین ناکەوێ.

3. چرقە(د، ه): قرچە. * تاوەکوو کەی داوی زولفینت(ه): تابەکەی داوی سەری زولفت.

واتا: دڵم لە دووریدا ئەوە بۆسی لێ هەستاوە و دووریت وەک هەتاو وەقرچە قرچی خستووە. ئەرێ بڵێی تاوەکوو کەی ئەو دڵەم لە داوی پرچی تۆدا ئەسیر بمێنێتەوە؟

4. فێرە(ج، د، ه): فێری.

واتا: تەبعی من لەبەر جوانیتە وەتەماح کەوتووە و کەوتۆتە بازاڕەوە.

مەستی بادەی چاوی ئەوم و پێم دەڵێ: مەستی مەیە
سەیری کەن بوهتانی ناحەق چۆن بە لەب جاری دەکا[1]
بێرە مەیدانی فەساحەت، ئەسپی خۆت لینگ دە، «حەریق»!
تا بزانم کێ بە شێعرت سوحبەت و یاری دەکا[2]



1. بادەی چاو(ج، د): بادە و چاو. * بوهتان(ج، د، ه): بوختان.
واتا: بە چاوی ئەو مەستم و دەڵێ مەستی مەیە تۆ تەماشای ئەو بوختانە گەورەیەی بکە.
2. یاری(ج، د): بازی. * ئەسپ، ئسیتعارەیە لە تەبعی شاعیر.
واتا: حەریق وەرە و لەنێو مەیدانی ڕوونبێژیدا ئەسپی تەبۆی خۆت باژوێ، جا با بزانین کێ دەوێرێ گاڵتە وگەپ بە شێعرەکانت بکا.

## 2

هەوری خەفەتە، بەفری غەمی داوە بە سەرما
یا سەرسەڕی دووریتە کە لێی کردوومە سەرما[1]
گاهێ بە شەرارەی غەم و گەهـ سەرسەڕی هیجران
خۆشی نەبوو بۆ من نە بە گەرما نە بە سەرما[2]
کەوتۆتە سەرم ئەشک و غوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی: کە قوڕی میحنەتە کردوومە بەسەرما
گەر دەچمەوە «ساحێب» نییە هیچ موونیس و ساحێب
گەر دێمە «سەقز» ناری سەقەر وا لە جگەرما[3]

---

1. کێش: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ( هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف )
لێی کردوومە(ه): لێی کردمە، پێویستە بە واوێک بخوێنرێتەوە.
دووریتە(د): نوورینە. * سەرسەڕ: بای ساردی بەتەوژم.
لێی کردوومە سەرما: نەخۆشی خستووم(لێرەدا زاراوەیە.)
لەنێوان سەرما و سەرمادا، هاوشێوەی لێکدراو(جیناسی مورەککەب) هەیە.
واتا: هەوری خەم و خەفەت بەسەرما باریوە و سەری سپی کردووم یا بە بای بە تەوژم و ساردی دووریت، سەرمام بووە.
2. گەرما(ج، د): گەرما و.
لەنێوان گەرما و سەرمادا هاوشێوەی لاحیق و سەنعەتی تەزاد هەیە.
واتا: جارێک ئاگری خەم سووتاندمی و تاوێک تەوژمی سەرما تەزاندمی، نە بە گەرما و نە بە سەرما خۆشیم هەر نەدیت.
واتا: لەبەر ڕەنجی دڵ، فرمێسکم داباراندووە و غوبار دەوری دڵمی داوە. ئەو دوانەش وەکوو ئەوە وایە قوڕێکم گرتبێتەوە و بە سەرمدا کردبێت.

3. موونیس و ساحێب(ج، د): موونیسی جان. * سەقەر(ج، د): سەقز.
* دێمە(ه): دەچمە.
ساحێبی یەکەم: ناوی گوندێکی گەورەیە بەلای ڕۆژهەڵاتی شاری

شاهیدمە حەواسم کەسەکەم چەندە کەساسم
بەخودا نییە غەیرت لە خەیاڵ و لە نەزەرما[1]
هەر چەندە بە جیسمانی کە دوورم لە حوزوورت
ڕووحانییەتت سەبتە لەنێو دیدەیی تەڕما[2]
تۆفانی سروشکم چووە سەر «جوودی»ی وجوودم
کەشتی تەنی قوم کرد و نە نووح و نە ئەسەر ما[3]
لەو ساوە کە تۆ ڕۆیی دڵم ڕۆیی بەدووتا
هێلانەیی تەن هەروەکوو مەئوایی سەقەر ما
بێ فەوجی وەفاکەت کە جەفایە وەرە ئەمشەو
ئەم لەشکری ئاهی منە بێ فەتح و زەفەر ما[4]

---

سەقزەوە. ساحێبی دووهەم: خاوەن.
لەنێوان دوو وشەی ساحێبدا، هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: کە دەچمەوە ماڵەکەم لە ئاوایی ساحێب هیچ هاودەم و خاوەنێکم نییە و کە دێمە سەقزیش دەڵێی ئاوری جەهەننەم لە دڵمدا دەگرێ.
1. چەندە(ج، د): چونکە. * بەخودا(ج، د): بەخوا. * غەیرت(د، ە): غیرەت.
هەر پێنج هەستەکەم شایەدی دەدەن کە من چەندە کەساس و خەمبارم ئەی هەموو کەسم! وەڵڵا بێجگە لە تۆ کەسێکی دیکەم لە خەیاڵ و لە نەزەردا نییە.
2. دیدەیی تەڕما(ج، د): زبدەی سەرما، واتایەکی نییە. * سەبتە(د): سابیتە.
واتا: ئەگەرچی بە زاهیر لە تۆ دوورم بەڵام بە دڵ خۆشم دەوێی و خۆشەویستیت لەناو دیدەی تەڕمایە.
3. قوم(د): نقوم. * سروشکم(ە):سرشک.
جوودی: ناوی چیایەکە لە کوردستانی تورکیا کە دەڵێن کەشتی نووحی لەسەر نیشتۆتەوە.
واتا: لافاوی فرمێسکم هەستاوە هەموو چیای وجوودمی داگرتووە کە وەکوو کێوی جوودی وایە. کەشتی لەشمی نوقم کرد و هیچ نیشانێک تەنانەت لە نووح و وجوودم نەماوەتەوە.
واتا: لەو کاتەوە کە تۆ ڕێشتوی دڵی منیش بە دووتا ڕۆیشتووە و منی بەجێ هێشتووە بۆیە ئێستا هێلانەی بەتاڵی لەشم بۆتە پەناگای دۆزەخ.
4. لەنێوان وەفا و جەفادا هاوشێوەی لاحیق هەیە. فەوج و لەشکر و فەتح و

لەم قەسوەتەدا تاوەکوو کەی پەردەیی زوڵمەت
بەرچاوی دڵم بگرێ، دەسا بێ بە گوزەرما[1]
ئایینەیی دڵ ژەنگی قەساوەت ڕوخی پۆشی
خاکستەری دڵسووختەیێ بێنە بەسەرما[2]
مەنوارِە بە زاهیر کە بەبێ قووتم و ڕووتم
ڕووت قووتە، خەیاڵت غەزەلی چاکە لەبەرما[3]

---

زەفەر تەناسوبیان لەنێواندایە.
واتا: وەرە و پیاوەتی بکە سپای وەفادارت کە جەفاکارییە لەگەڵ خۆت مەهێنە ئەمشەو. لەشکری ئاخ و داخی من، هەر لە شکستە.

1. تاوەکوو کەی(ه): تاوەکەی. قەسوەت: دڵڕەقی، گیراوی دڵی سالیک و سۆفی.
لەم دڵڕەقی و دڵتەنگی و تێگیراوییەدا تاوەکوو کەی زوڵمەت وەکوو پەردەیەکی ڕەش بکشێ بەسەر دڵمدا و دنیام تاریک دابگەڕێ دەی بە بەرچاوی دڵمدا وەرە تا دنیام ڕوون بێتەوە.

2. ئایینەیی(د، ه): ئاوێنەیی. * خاکستەری دڵسووختەیێ: لە (ئەلف، ب)دا لەسەر دڵسووختە نیشانەی هەمزە دانراوە، دەتوانین بە شێوەی دڵسووختەییش بیخوێنینەوە. لە کۆندا بۆ لابردنی ژەنگ و خاوێنکردنەوە زۆرجار کەڵکیان لە خۆڵەمێش هانیوە. پەندێک هەیە لە فارسیدا دەڵێ: خودا ئاوێنە موحتاجی خۆڵەمیش نەکا. پێویستە ئەوەش زیاد بکەم لە قەدیمدا ئاوێنەیان لە کانزا ساز کردووە و بەو پێیەش ژەنگی هەڵدەهێنا، سەیقەلی یەکێک بووە لە پیشەکانی ئەودەم کە کاریان سەیقەل و پەرداختی ئاوێنە و کەرەستە کانزاییەکان بووە.
ئاوێنەی دڵم لەبەر دڵڕەقی ژەنگی هەڵێناوە، خۆڵەمێشی دڵسۆزی بەسەردا بهێنە و مشتوماڵی بدە با ڕوون بێتەوە.

3. ڕووت، قووتە خەیاڵت(ج، د): ڕووتی و قووتی خەیاڵت.
ڕووت، قووتە خەیاڵت(ه): ڕووت، قووت و خەیاڵت. * قووت: بژیو. * ڕووت: ڕووی تۆ، بێ کراس.
لەنێوان ڕووت و قووتدا، هاوشێوەی لاحیق هەیە. وشەی "غەزەل" ئیهامی تەناسوبی تێدایە.
واتا: سووکم چاو لێ مەکە هەرچەند بەڕواڵەت بەبێ نان و بەرگم، ڕووی تۆ نانی منە و خەیاڵی تۆ وەکوو پارچە غەزەلێکی هاوریشمین وایە لەبەرما(ئیهامی هەیە)
واتا: حەریقی حەیفێ کە ئەم هەموو سەرمایەیەی خەیاڵاتی تۆ خەریک

سەرمایەیی ئەم موڵکی خەیاڵاتە «حەریقی»
حەیفێ کە تەلەف بوو، بە هەدەر چوو، بە زەرەر ما

**بزوێنی ـە / ە**

**1**

دەرچوونی گەلێ موشکیلە، دەرچوونی قەریبە
ڕووحم! دڵەکەم ماوە بەتەنها، وەرە بیبە[1]
قوربانی ویسالت بم ئەوا کوشتمی هیجران
خۆت واریس و حەقدارمی قاتڵ کە ڕەقیبە[2]



---

لەناو دەچێ و تووشی زەرەر دەبێ و کەس نییە سوودیان لێ وەرگرێ و پێیان بزانێ.

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
گەلێ(ج، د): گوڵی. دەرچوونیی دووهەم(ج، د): دەرچون. * ڕووحم، دڵەکەم!(ج، د): ڕووح و دڵەکەم. قەریبە(ئەلف): غەریبە. * تەنها(ج، د، ە): تەنیا.
لەنێوان دەرچوون و دەرچووندا هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: ڕزگاری دڵم زۆر گرانە و خەریکە دەریش دەچێت. ئەی ڕووحی من! دڵم زۆر بەتەنیا ماوەتەوە، وەرە و بیبە لەگەڵ خۆت.
2. هیجران(ە):هیجرت.
واتا: بە قوربانی نزیکایەتیت بم کە دووریت کوشتمی، تۆ بۆخۆت خاوەن ماف و میراتی منی و ئەوەی کوشتوومی ڕەقیب و ناحەزەکەمە.

خۆت دیوتە لەنێو میسری مەلاحەت چ غەریبی
سا، ڕەحمێ بە حاڵی دڵەکەم کە کە غەریبە[1]
هەر دووکەڵی زولف و ڕوخی نارت سەبەبە، وا
ئەشکم کە پەیاپەی دێ دەروونم بە لەهیبە[2]
ڕەببی بە خەدەنگی غەمی دووری دڵی کون بێ
هەر کەس لە نیگاهت کە بە ئارام و شەکیبە
وا زەن مەبە ڕووحسەخت و سەمەرگم کە نەمردم
ئوممێدی ویسالت وەکوو لوقمانی تەبیبە[3]
تابووری موژەت چەندە بە تەرتیب و نیزامە
بۆ سەفشکەنیی دڵ چ سوپاهێکی مەهیبە[4]

---

1. میسری مەلاحەت ئاماژەیە بە دێی شەڕەفکەند کە شێخ یۆسفی خۆشەویستی مامۆستا حەریق لەوێ ژیاوە. هەروەها تێلنیشانێکە بۆ چیرۆکی حەزرەتی یۆسف.
واتا: خۆت غەریبان باش دەناسی چون تۆ لە وڵاتێکی شیرنایی وەک میسردا بەتەنیای کەوایە ڕەحمێ بە حاڵی دڵی منیش بکە چونکوو ئەویش غەریبە.
2. دووکەڵی(ج، د):دوو گوڵی. لە سەنعەتی پێچەوپەخشەی ڕێک کەڵک وەرگیراوە.
خشتەی دووهەم، ئاکامی خشتەی یەکەمە.
واتا: ئەگەر بوومەتە ئاو و ئاور، دەگریم و دەروونم دەکوڵێ لەبەر ئەوەیە ڕووی تۆ وەک ئاگر دەدرەوشێتەوە و دووکەڵەکەی بۆتە زولفت.
واتا: ڕەببی بە تیری غەمی دووریت ئەو کەسە دڵی کون بێ وا دوای نیگا و چاولێکردنی تۆوە هێشتا هەر ئارام و لەسەرخۆیە و تووشی بێقەراری نەبووە.
3. ڕووحسەخت(ج، د، ە) گیانسەخت. * سەمەرگ: سەگمەرگ، گیانسەخت. * زەن:گومان.
واتا: پێت وا نەبێ ئەگەر ماوم، گیانسەخت و سەگمەرم، نا، ئەوە هیوای پێگەیشتن بە تۆیە کە بۆتە چازانێکی وەکوو لوقمان بۆ من.
4. مەهیب(ج، د): جەهیب. * سەفشکەن: تێکشکێنی سەف. * مەهیب: بەسام و شکۆ و هەیبەت.
لەنێوان وشەکانی ئەم بەیتەدا تەناسوب هەیە.
واتا: لەشکری برژانگەکانت چ نەزم و نیزامێکی چاکیان هەیە و چەن

وا لەشکری ئاهم چووە سەر کافری زولفت
گەر شاهی ڕوخت لێ بگەڕێ سەیری عەجیبە
بۆ موشکی خەتا چوو بەخەتا کەوتە ئەنێو چین
لەو بۆنەوە هەر زوڵمەتە شامی بە نەسیبە[1]
قوربانی وجووهـ و ئومەنای شاهی ڕوخت بم
هەر یێکە لەجێی خۆی چ ئەمیرێکی ئەدیبە[2]
تەسکینی دڵت هاتووە ئۆخەی کە «حەریقی»
یارت کە بە خوێنی جگەرت کەففی خەزیبە[3]

---

جوان ڕیز بوون. بۆ تێکدانی سەفی دڵم، چ سپایەکی بەهێز و ترسێنەرن.
واتا: ئەگەر ئاخ و داخ هەڵدەکێشم لەبەر جوانی زولفی تۆیە دەڵێی هەمیشە لەشکری ئاهی من و سپای زولفی کافری تۆ تێک هەڵدەنگوون، ئەگەر شاهی ڕووی تۆ لێ بگەڕێ و یارمەتی لایەنێک نەدات ئەوە بەزمێکی خۆشە و هەر سەیری دەوێ.

1. ئەنێو(ج، د) نێو. شام و چین، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
خەتا و خەتا، هاوشێوەی تەواون.
خەتای یەکەم: ناوی مەڵبەندێک لە چین کە بەهۆی موشکەوە بەناوبانگە.
خەتای دووهەم: هەڵە. چین: وڵاتی چین، چین و شکەنی زولف.
واتا: دڵی من بۆ موشکی زولفی تۆ چووبوو کە تووشی خەتا بوو و ڕێی هەتڵە کرد و کەوتە نێو چینی پرچی تۆوە.من بە بۆنەی بۆنی خۆشی پرچی ڕەشی تۆوە هاتبووم کە کەوتمە نێو زیندانی زولفتە و پێوە بووم لەو چین و داوەپێچەدا. بۆیە کەوتمە نێو شامی تاریکستانی پرچی ڕەشتەوە و هەر ئەوە بوو بە بەشم.

2. ئەمیر(ج، د): ئەمر. * ئەدیبە(ە): ئەمینە. وجووهـ: کۆی وەجە؛ ڕواڵەت و پاڵوو. ئومەنا: کۆی ئەمین واتا ئەمانەتدار. * ئەمیر: دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوا. * شاهـ و ڕوخ، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
واتا: من بە قوربانی ڕواڵەت و پاڵوو و ئەمیندارانی شای ڕوخی تۆ بم. هەر کامەیان لەلای خۆیەوە، ئەمیر و فەرمانڕەوایەکی ئەدەبدۆست و زانایە.

3. یارت(ج، د): یا رب. * تەسکین: ئۆخژن. * کەف: دەست. * خەزیب: خەناوی.
واتا: دڵت بەوە سوکنایی هاتووە حەریقی کە یاری تۆ لەپی دەستی بە خوێنی جەرگت خەناویی کردووە.

**2**

له ئادەم تا بە خاتەم جوملە عالەم پڕ سەدا و سەیتە
بە عیشقی حەزرەتی لەولاک ئەوی زیندوو نەبێ مەیتە[1]
تەتیممەی هەر سەلات و خاتیمەی حەمد و تەحییەی حەق
سەنا بۆ ئال و بەیتە، باقی هەر ئەفسانە و بەیتە
لەپاش سیغەی تەرازی و ئایەتی تەتهیری سەحب و ئال
بە قورِئان، مەدحییان نایێ بە جوملەی زەیتە و کەیتە[2]
کە تۆش لەو نەسلەیی، جەددت ڕەزا بێ شێر بە گوێ دەگری

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم غەزەلە لە (ئەلف) و (ب)دا نییە. سەیتە(ج، د): سەیدە. * لەولاک(ج، د): لەولات.
سەدا: دەنگ. * سەیت: صیت، وشەیەکی عەرەبییە بە مانای ناوبانگ و ئاواز. * حەزرەتی لەولاک: مەبەست حەزرەتی محەممەدە(ص)؛ لولاکَ لولاکَ لَمّا خلقتُ الافلاکَ.
واتا: لە خیلقەتەوە تا قیامەت دنیا پڕ لە دەنگ و ئاهەنگە و بە ئیشقی ئەو حەزرەتەوە کە خاتەمی پێغەمبەرانە، ئەوەی زیندوو نەبێ وەکوو مردوو وایە.
واتا: لەپاش هەر نوێژ و سپاس و سڵاوێک بۆ خودا، ستایشی ئال و ئەسحابی پێغەمبەرە و زیاد لەوە هەرچی هەیە وەک بەیت و ئەفسانە ون و بێ ناونیشانە.

2. قورئان(ە): قوربان. نایێ(ە): نایە. * سیغەی تەرازی: سیغەی ڕازی بوونی دوولایەنە، ئاماژەیە بە ئایەتی ١٠٠ی سوورەی تۆبە.
ئایەتی تەتهیر: ئایەتی پاکێتی پێغەمبەر و ئال و ئەسحابی، ئاماژەیە بە ئایەتی ٣٣ی سوورەی ئەحزاب.
زەیتە و کەیتە: جوملەیەکی کینایییە بە مانای ئاوا و وەها.
واتا: لەدوای ئەو ئایەتانەی کە بۆ پاکی پێغەمبەر و ئال و یارانی هاتوون، مەدح و ستایشی کەس ڕەوا نییە کە ئاوا بوو و وەهایە.

وەکوو ڕێوی زەلیلی گورگی نەفسم، سا، لەبۆ کەیتە؟[1]
لە خۆت و جەددی خۆت و نەسلی پاکت چاوەڕێی لوتفم
لەڕێی حەقدا موعینم بن لە غەوغای ڕۆژی یالەیتە[2]
بە شاهید بن سەگی قافڵەی تەریقی ئال و ئەسحابم
هەمیشە گوێقوڵاغی بانگی هەیهەیم و سەدای هەیتە
بە ئیستیمداد و لوتفی «بابە شێخ» و هیممەتی کاکی
گوڕوگاڵێ دەکەم دا بڵێن لەچاو کوێر و شەلان پەیتە[3]
ئەگەر نا من لە فەڕشی خاک و ئال جێی فەوقی عەڕشی پاک
مەسابەی عەڕشی و فەڕشی وەکوو زەهراب و ڕۆن زەیتە[4]

---

1. نەسلەیی(ج، د): نەسلەیە.
واتا: کە تۆش لە نەسلی ئەوانی ئەی سەییدی بەردەنگی من، ئابا و ئەجدادت ئەگەر بچنەوە سەر پێغەمبەر و ئالی کەوایە شێر بە گوێ دەگری و زۆر بەهێزی. دەیجا من ئێستا ئەوە زەلیلی بەردەستی گورگی نەفسی خۆم دەسا یاریدەیەکم بدە و ڕزگارم بکە کە تەنیا تۆ دەرەقەتی دێی.
2. ڕۆژی یالەیتە: ڕۆژی حەشر؛ ئەم ناوە لە ئایەتی (یا لیتَنی کنتُ تُرابا) وەرگیراوە.
واتا: من لە خۆت و نەسلی پاکی سادات و لە جەددی تۆ چاوەڕێی لوتفم کە لەبەر خاتری خودا، لە ڕێی ئەودا ئاریکارم بن لە ڕۆژی حەشردا.
واتا: ئەوە بزانن و شاهید بن کە من خۆم بە سەگی کاروانی ڕێگای ئال و ئەسحاب دەزانم و هەمیشە گوێقوڵاغ و حازرم کە بانگم بکەن و هەیت هەیتم لێ بکەن.
3. لە چاو(ج، د): پێی. * دا(ە): تا. * پەیت: چالاک و ئازا. * بابەشێخ و کاکی: بۆمان ڕوون نەبۆوە مەبەستی حەریق لە بابەشێخ و کاکی ئەو چ کەسانێکە.
واتا: ئەگەر گوڕوگاڵێکی منداڵانە دەکەم و تا ڕادەیەک دەتوانم بێم و بچم ئەوە بە هیممەت و ئیستمداد و یاوەری بابەشێخ و کاکی ئەوە. ئەوەندە هاتوچۆیەش لەبەر ئەوەیە کە نەڵێن تەواو پەککەوتەیە بەڵکوو بە ڕادەیەکە کە بڵێن لە حاست کوێر و شەلەکان ئازایە، گوڕوگاڵی من ئەوەندەیە و بەس.
4. ئەو دێڕە لە (ە)دا نییە. * مەسابە(ج): موسابە. * زەهراب و(ج، د):

کەسێ «ساڵح» بێ بۆ زیکر و دوعاگۆییت بەبێ چاوی
هەزار چاوساغی وا دێنێ بە چاو زیندوو بە دڵ مەیتە[1]
لەبۆ تەشریفی ڕێی میعراجی جەددت بوو، نیدای هاتیف:
{تَعالَ یا حبیبَالله تَمَّنَ ما تَمَنَّیتَ}[2]
دەری ڕەحمەت گوشاد و بابی تۆبە و ڕێی ڕەجا واسیع
دەسا تۆش هیممەتێ کە جەعفەری تۆ ڕوکنی ئەو بەیتە[3]

---

زەهرابی.
لە (ج، د)دا: ئەگەر نا من لە فەرشی خاکی ئال و جێی فەوقی عەرشی پاک.
عەرشی(ج): عەرش، ئەگەر عەرش بێت، بڕگەیەکی کەم دێت.
لەنێوان عەرشی و فەرشیدا هاوشێوەی لاحیق و تەزاد هەیە. زەهراب و ڕۆن زەیتیش تەزادیان هەیە.
واتا: دەنا جێی من لەسەر زەمین و ئال و ئەسحاب جێیان لە ئاسمانی پاک، کوا یەک دەگرینەوە و وەکوو زەمینی و ئاسمانی یان وەکوو ژاراو و ڕۆن زەیت واین.
1. ساڵح ئاماژەیە بۆ ناوی خودی شاعیر.
واتا: ئەگەر کەسێک وەک من ڕووڕاست بێ و ناوی ساڵح بێ بۆ زیکر و دوعالێکردنت بە کوێری و بێ چاویش، هەزار چاوساغی وا دەهێنێ کە چاویان هەیە بەڵام دڵیان کوێرە.
2. نیدای هاتف: ئاوازی بانگدەر.
مانا: بۆ بەخێرهێنانی ڕێگای میحراجی جەددت بوو ئەو بانگە کە: وەرە ئەی خۆشەویستی خودا داوا بکە هەر چی کە خۆت دەیخوازی.
3. بابی تۆبە و ڕێی ڕەجا واسیع(ج، د): بابی تۆبە واسع ڕێگەی ڕەجا کێوە.
هیممەتێ کە(ج، د): هیممەتێکی. * بەیتە(ج، د): پەیتە.
خشتەی دووهەم دەکرێ ئاواش بخوێنینەوە: دەسا تۆش هیممەتێکی جەعفەری تۆی ڕوکنی ئەو بەیتە.
واتا: دەرگای ڕەحمەت ئاواڵەیە و دەرکی تۆبە بازە و ڕێگەی ڕەجا و پاڕانەوەش بەرینە کەوایە ئەتۆش ئەی سەییدی من هیممەتێک بنوێنە کە ئێوە ڕوکنی ئەم ماڵ و بنەماڵەیەن.

## 4

عیلاجی دەردی بێدەرمانی من هەر لوتفی جانانە
بەڵێ ئەو خۆی حەکیمە لوتفەکەی دەرمانی دەردانە[1]
مەلوول و زار و بیمارم بە سەد عیللەت گرفتارم
خودا ڕەحمێ بە حاڵم کەی کە عەیشم عەینی نوقسانە
عەجایب مەجمەری سینەم بە سۆز و تابش و تابە
وەکوو قومری دەناڵێنێ دڵەی مەحزوون و دێوانە
لەلای خۆم تەبعی عالیم بوو، لەلای خۆم فکری «نالیم» بوو
ئەمێستا شێعری بێمەعنام دەڵێی وەک جیسمی بێجانە[2]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم شێعرە لە (ئەلف) و (ب) و (ج) و (د)دا نییە.
لەنێوان دەرد و دەرماندا تەزاد هەیە.
واتا: دەردی من کە بێدەرمانە ئەگەرچی عیلاجێکی هەبێ، لوتفی دڵبەرە بە من و بەس. بەڵێ، دڵبەری من خۆی بلیمەتە و لوتفەکەشی دەرمانی هەموو دەردێکە.
واتا: کەساس و لاواز و نەخۆشم و سەد جۆرە نەخۆشیم هەیە. خودا ڕەحمێ بە حاڵم بکەی کە ژیانم پڕە لە نوقسانی.
واتا: سۆبەی سینەم، سەیر بڵێسەی دێ و دەگڕێ و پڕە لە سۆز و گەرما و بێتاقەتی و ڕووناکی. دڵی خەمبار و شێتم وەکوو قومری دەگری و دەناڵێنێ.

2. لێرەدا ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرجار بەرەوپیری شێعرەکانی نالی چووە.
بێ مەعنام(ە): بێ مەعنان(ت.ق)
واتا: پێم وابوو تەبعم بەرزە و بیرەکانیشم لە ئی نالییەوە نزیکن، کەچی ئێستا ئەوەی هەمە شێعری بێ مانایە کە وەک لەشی بێ گیان وان.
واتا: ساقی و دڵبەرێکی سادەم لەلابێ و جامی بادەی پێ بێ و گۆشەی چاوی با بدا، دڵم تەواو پێی بێقەرار دەبێ و وە جووڵە دەکەوێ چەشنی

لەلام بێ ساقیی سادە کە پێی بێ ساغەری بادە
کە گۆشەی چاوەکەی بادا دڵم دێنێتە جۆلانە
کوانێ موتریبی خۆشگۆ، کوانێ ساقیی دڵجۆ
بەبێ نەی نەزمەکەم سستە، بەبێ مەی دڵ کە حەیرانە
دەناڵێنم وەکوو بولبول لە داغی بێوەفایی گوڵ
ڕەوانە نەزمی وەک دوڵدوڵ وەلێ خاتر پەرێشانە[1]
بە مەجمووعی وەرە ساقی بنیشین پێکەوە ساتێ
دڵی زارم پەرێشانە وەکوو زولفت کە پەخشانە
وەکوو شەعری لەف و نەشرت هەموو شێعرم موشەووەش بوون
هەتا بێم و دوو سێ شێعرێ بڵێم بۆ ئەم جەنابانە[2]
دڵا تاکەی بە بێهۆشی دەنۆشی مەی بە خامۆشی
لە گۆشەی غەم هەڵستە وەختی سەیرانی خەیابانە

---

جۆلانە.
واتا: گۆرانیوێژی خۆشوێژ و دڵبەری دڵخوازم کوانێن؟ نەیم نەبێ نەزم و هەڵبەستەکەم لاوازە و بادەشم نەبێ دڵم گێژ و وێژە.
1. دوڵدوڵ: ناوی ئەسپی حەزرەتی عەلی.
واتا: وەکوو بولبوڵ لە داخی گوڵی بێوەفام دەناڵێنم، نەزمم وەک ئەسپی دوڵدوڵ ڕەوان و خۆشڕەوتە بەڵام چبکەم خاترم ناشادە.
واتا: وەرە ساتێ بە خۆشی و بە خەیاڵی ڕاحەتەوە پێکەوە دانیشین، دڵی نەخۆشم لەمێژە پەرێشان و پەشێوە وەکوو زولفی تۆ کە بڵاو و پەشیوە.
2. شەعر: موو.
لەنێوان شەعر و شێعردا، هاوشێوەی ناقیس هەیە. لەف‌ونەشر و موشەووەش ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
واتا: بەوێنەی قژی خاو و بڵاوت هەموو شێعرەکانم ئاڵۆزکاون دەنا دەهاتم و دوو سێ شێعرێکم دادەنا بۆ ئەو بەڕێزانە.
واتا: ئەی دڵی من تاکەی لە بێخەبەریدا ڕایدەبوێری و بە بێدەنگی خەریکی بادەنۆشی، گۆشەی غەم بەجێ بێلە کە کاتی سەیرانی سەر شەقامە.
واتا: مەدرەسەکەی ئێمە وشک نییە و پڕە لە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ، خودایا بۆخۆت تێکی نەدەی و هەمیشە بەرقەراری بکەی ئەم بەزمی فەقێیانە.

عەجایب مەدرەسەی ئێمە بە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگە
ئیلاهی بەرقەراری کەی تۆ ئەم بەزمی فەقێیانە
جەنابی زاتی «مەولانا» فەریدی دەهرە ماشەڵڵا
وەحیدی عەسرە لەم عەسرە بیعەینی عەینی نوعمانە[1]
لە هەیئەتدا، لە حیکمەتدا، لە ئادابی تەریقەتدا
لە ئەحکامی شەریعەتدا، لە مەنتیقدا دوڕەفشانە
جەنابی ئەم زوهووری بوو، «زەهاوی» ناویشی ون بوو
نەزیر و شیبهی مەعدوومە، میسالی غەیرەئیمکانە[2]
زوبانی من کەلیلە بۆ کلیلی بابی ئەم مەدحە
ئەگەرچی فیلمەسەل فەتتاحی بابی عیلم و عیرفانە[3]
«حەریقی» شێعرەکانی تۆ هەموو وەک مورغی بێ باڵن

---

1. بیعەینی: هەروەکوو. * عەین: وەکوو، چاو.
نوعمان: گەلێک زانای پایەبەرز ناویان نوعمان بووە. بەناوبانگترینیان نوعمان ئیبنی سابیت ناسراو بە ئەبووحەنیفە، ئیمامی مەزهەبی حەنەفییە و هەروەها نوعمان ئیبنی حەییون لە گەورەزاناکانی میسر کە لە ساڵی ٣٦٣ک.م دا کۆچی دوایی کردووە.
واتا: مەولانا بەڕێز و زانایە و تاقانەی ڕۆژگارە ماشەڵڵا هەروەکوو نوعمانی بەناوبانگ و زانا دەڵێی دەقاودەق ئەوە.
واتا: لە ئەستێرەناسی و حیکمەت و شێوازی تەریقەتدا و ئەحکامی شەریعەت و هەروەها لە مەنتیقدا دوڕ و گەوهەری لێ دەبارێ.
2. زەهاوی: مەبەست عەللامە موفتی زەهاوییە. * مەعدووم: لەناوبراو، چون نازناوی شاعیری ناسراوی کورد، مەلاعەبدوڕڕەحیمی تاوەگۆزیشە، ئیهامی تەناسوبی هەیە.
واتا: کە ئەم دەرکەوت ناوی زەهاوی زانا بزر بوو. وێنەی نییە و میسالەکەی غەیری مومکینە و نییە. یان نا وەکوو مەعدوومی واتا مەولەوی کورد وایە و نموونەی نابێتەوە.
3. کەلیل(ە): کلیل. * کەلیل: بەسراو.
واتا:زمانی من بۆ ستایشی ئەو قوفڵە هەرچەند ئەو کلیکی دەرگای زانست و عیرفانە.
واتا: حەریقی شێعرەکانی تۆ وەک مەلی بێ باڵ وان چون وەکوو پەپوولە باڵ و پەڕیان لە خۆشەویستیدا هەڵپڕووزاوە.

لە عیشقا باڵییان سووتا بەمیسلی باڵی پەروانە

**5**

له سینەی چاکی خۆت وەک شانە خەتتی مووبەموو بێنە
نەڵێن تا غەیبەتە بەحسی جەماڵی ڕووبەڕوو بێنە[1]
جزووبەندی کیتابی عومر و شیرازەی سەحیفەی دڵ
بە ڕیشتەی ئولفەتی یارانە گەر ئازای دەزوو بێنە[2]
تەهارەتیان بە خوێنی جەرگە مەردانی ڕەهی مەقسەد
هەتا قەترێ لە چاوتا ماوە تۆش ئاوی وزووو بێنە[3]
نەوەک مەیخانە خاڵی بێ هەتا پیری موغان ماوە
سەرم قوربانت ئەی ساقی گەلێ تیشنەم سەبوو بێنە[4]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم پارچە شێعرە، لە (ئەلف)دا نییە بەڵام لە سەرەتای (ب)دا نووسراوەتەوە.
سینەی چاکی(ج، د): سینە چاکی. * نەڵێن(ج، د): مەڵێن. * بەحسی(ج، د، ە): باسی.
واتا: لە سینگی هەڵدڕاو و باشی خۆتەوە، مووبەموو هەروەکوو شانە باسی بکە و تا نەڵێن باسەکانیشت غەیبەتن، ڕووبەڕوو لە جەماڵ و جوانییەکەی بدوێ.
2. کیتاب(ە): کتێب. * یارانە(ە): جانانە. ڕیشتەی(ج، د): ڕیشتە و.
لەنێوان جزووبەند و سەحیفە و ڕیشتە و دەزوودا تەناسوب هەیە. دەزوو، ئیهامی تێدایە.
واتا: پەڕاوی دڵ شیرازەکەی و کتێبی عومرمان، جزووبەندەکەی، بە هەودای بادراوی هاودەمی دەگەڵ دۆستانە، ئەگەر ئازای و ئیددیعای هاودەمیت هەیە بچۆ تاڵێک لەو هەودایە بێنە.
3. قەترێ: قەترێک(ە)، قەترەیێ(ج، د).
واتا: کەسانی ڕێی سلووک و عیرفان، دەسنوێژیان بە خوێنی جەرگە، ئەتۆش تاوەکوو لە چاوتدا فرمێسک ماوە، ئاوی دەسنوێژت لەوێ بێنە.
4. گەلێ(ج، د): گوڵی. * تیشنەم(ج، د، ە): تینووم.
واتا: نەوەکوو مەیخانە کەسی لێ نەمێنێ تاوەکوو پیری ڕێبەری ئێمە ماوە،

کەبابی ئولفەتی جام و شەڕابە، جەرگی نامەردان
دەخیلت بم وەرە موتریب ڕەبابت زووبەزوو بێنە[1]
دەهانی شیشە بەستەی سوحبەتی نائەهلە لەم بەزمە
موغەننی، بێ، نەوای ناکەت لەنێو پەردەی گەلوو بێنە[2]
دەڵێن بەردی ئەجەل میناشکێنە و تەفرەقەخێزە
«حەریقی» عالەمی دەروێشییە باری کەدوو بێنە[3]

---

ساقی بە قوربانت بم، زۆرم تینووە، بادەم بە گۆزە بۆ بێنە.
1. کەباب(ە): کتێب. * کەباب(ج، د): کیتاب. * شەڕابە(ج، د، ە): شەڕابی. * ڕەباب(د، ە): ڕووباب.
جەرگ و کەباب و جام و شەڕاب، تەناسوبیان پێکەوە هەیە.
واتا: جەرگی نامەردان، کەبابی نزیکی و هاودەمی نێوان جام و بادەیە. ئەی شایەر، دەخیلت بم وەرە و ڕەبابەکەشت لەگەڵ خۆت بێنە.
2. بەستەی(ج، د، ە): بەستە. * بێ(ە): تۆ، لە (ج) و (د)دا نییە. * ناکەت(ج، د): ناکات. * لەنێو(ج، د، ە): لەناو. * گەروو(ج، د، ە): گەلوو.
واتا: زارکی شوشەی بادە کە بەسراوە لەبەر ئەوەیە کە لەم بەزمەدا نائەهلی لێیە. ئەی نەیژەن، لە پەردەی حەنجەرەتەوە دەنگی نایەکەت یان نا گوتنەکەت دەربهێنە.
3. عالەمی دەروێشییە: تۆش ئەگەر شێت نی دەسا(ە)، ئەگەر شێت نیت دەسا(ج، د). واتا: باس لەوە دەکەن کە ئەجەل وەک بەردێکە کە مینای دڵ دەشکێنێ و دەبێتە هۆی پرژ و بڵاوییەکەی. حەریقی ئەم دنیایە، دنیای دەروێشانە و خۆت بدە بەر بای بێخەیاڵی خۆتەوە.

**6**

بەنی ئادەم خودا وەی کردووە ڕۆژێکی تا ماوە
سەراسەر عومری سەرفی سەرف و نەحوی زەرفی تاماوە[1]
مەداری توولی ئوممێدم خەیاڵی گەردن و زولفە
بەڵێ سەودای سەری عاشق لەسەر هەودایەکی خاوە[2]
بەسانی پەرچەمی ئاشوفتە سەرگەردان و ژوولیدە
بەمیسلی زولفی سونبول دڵ هەمیشە حاڵی شێواوە[3]
هەوای نافەی غەزالەی ڕێی خوتەن تووشی خەتای کردم
بە یادی میشکی زولفی ڕووم لە چینی پەرچەمی ناوە[4]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم) خودا(ج، د): خوا. وەی(ج، د، ه): وای. تاماوەی دووهەم(ج): تیا ماوە. لەنێوان تاماوی یەکەم و دووهەمدا، هاوشێوەی لێکدراو و لەنێوان سەرف و سەرفدا هاوشێوەی تەواو و لەنێوان سەرف و زەرفدا هاوشێوەی موزاریع هەیە. تاماو: بریتییە لە ئاواتە بەتاڵەکان.
واتا: خودای وای مرۆ خوڵقاندووە کە تا ڕۆژێکی ژیانی ماوە، هەر خەریکی سەرف و نەحوکردنی زەرفی ئاواتە بەتاڵەکانییەتی.
2. سەودای سەری(ه): سەوداسەری.
واتا: ئومێدی دوور و درێژم هەر بە دەوری خەیاڵی گەردن و زوڵفدا دێت و دەچێ، بەڵێ، لەبەر ئەو هەودا خاوەیە کە عاشق سەوداسەرە.
3. بەسانی(د، ه): بەساتی.
واتا: دڵم وەک پەرچەمی پەشێواو، ئاڵۆزکاو و سەرگەردانە و وەک سەر و قژی سونبول هەمیشە حاڵی دڵمـ شێواوە.
4. چین و خەتا، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
واتا: من بە هەوای نافەی غەزالی خوتەن تووشی خەتا بووم و ڕێی خەتام گرتەبەر.بە یادی مسکی بۆنخۆشی زولفیشی بوو کە ڕێی چینی پەرچەمی یارم وەبەر هات.
واتا: چرای تەمەنی ئەویندار بای دووری لێ هەڵبووە و وەلرفەی خستووە

چراغی عومری عاشق بای فەنای هیجرانی لێ هەڵبوو
لە فانۆسی ئەدەبدا حیفزی کە یەک دوو نەفەس ماوە
دەمێکە چاوەڕێی سورمەی غوباری مەقدەمی یارم
لە کووی خووبانەوە ئەمڕۆ نەسیم تۆزێکی هێناوە[1]
کیتابی عیشقی مەجنوون، ئایەتی ڕوخساری لەیلایە
لە سووڕەی یۆسفا دەرسی جنوونی ئێمە نووسراوە[2]
سەرم کاسی شەڕابی سوحبەتی کاسەی دڵی غەیرە
لە دەردی دوردی ئەم جامە پەنام بۆ ساقی هێناوە[3]

---

و خەریکە دەیکووژێنێتەوە. ئەو یەک دوو نەفەسەی کە ماویەتی ڕایگرە و مەهێڵە بکووژێتەوە، ئەوەش نیشانەی ئەدەبە.

1. لە (ب)دا جێی مەقدەم و غوبار گۆڕاوە کە نووسەر بە دانانی دوو نیشانەی خێ(موخر) و میم(مقدم) لەژێر وشەکانەوە چاکی کردووە.

واتا: من دەمێکەیە چاوەڕێی ئەوەم تەپوتۆزی بەرپێی یارم بێ کە وەک سورمە بۆ چاوی من وایە. وادیارە ئەمڕۆ شەماڵ کەمێکی لەو گەدەی لەگەڵ خۆی لە وڵاتی جوانانەوە هێنابێ.

2. کیتابی(ە): کتێبی. لەنێوان جنوون و مەجنووندا هاوشێوەی زاید و لەنێوان لەیلا و مەجنوون، سووڕە و ئایەت، دەرس و کیتابدا تەناسوب هەیە. یۆسف تەلمیح و ئیهامی تێدایە، مەبەستی شاعیر، حەزرەتی شێخ یۆسفی بورهانییە. لە بەیتەکانی دیکەشدا، مەبەستی سەرەکی شاعیر، هەر پیری موورادی خۆیەتی.

ڕەفیق حیلمی لەمەڕ ئەم بەیتەوە دەنووسێت: "بەلای منەوە گەلێ ژوور شێعرەکەی فزوولییەوەیە کە دانەری حیکایەتی لەیلی و مەجنوونە بە نەزم و یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی دەوری پێشووی تورک، فزوولی لە شێعرێکا دەڵێت: لەگەڵ مەجنوون، هەر دوو لە قوتابخانەیەکی عیشقا دەمانخوێند، من لە قورئان بوومەوە، ئەو هێشتا لە سووڕەی واللیل دا بوو."(ڕەفیق حیلمی، شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم ٢٠١٠ز، ل ٤-١٠٣)

واتا: ئیشقی مەجنوون ئەگەر کتێب بێ ئەوە جوانی ڕوخساری لەیلا ئایەتەکانی ئە کتێبەیە. شێتی ئێمەش لە سووڕەی یۆسفدا باسی کراوە کە چۆن زولەیخا گیرۆدەی ببوو.

3. دورد(ج، د): دەرد. لەنێوان کاس و کاسەدا هاوشێوەی موزەییەل و لەنێوان دەرد و دوردا هاوشێوەی ناقیس و جام و شەڕاب و دورد و ساقی تەناسوبیان پێکەوە هەیە.

کەسێ فیترەت بڵیند بێ بۆ ڕەواجی سککەیی دینی
خەراجی میسری قەلبی خۆی لە حوسنی یۆسفا داوە[1]
لەسەر سەودای قوماری شاهی خووبان «پیری بورهانی»
بە چەوگانی ئیرادەت گۆی سەرم بۆ بازی داناوە
نمای ڕووح و حەیاتی من بە جیلوەی ساقییە باقی
نەوەک وەک سوفلە بۆ سفرە لە دوونان، چاوی پڕئاوە[2]

---

واتا: دڵم کاس بووە لەبەر قسەوباس لەسەر کاسەی دڵی خەڵک و ئەگەر هاتوومە لای ساقی لەتاو ژانی ئەو جامەیە کە گەیوەتە بن و دواچۆڕ و خڵتەکەی.

1. لە حوسنی یۆسفا(ج، د، ە): بە حوسنی یۆسفی. جێی قەلبی و خۆی ئاڵوگۆڕی پێکراوە لە (ب)دا کە نووسەر بە دانانی نیشانەکانی خێ و میم چاکی کردۆتەوە. هەروەها لە (ئەلف) و (ب)دا "دینی" نییە و وشەیەکی دیکەیە کە نەمزانی چییە و ئاوا نووسراوە: دیبنی. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، ناوی یۆسف لە هەموو ئەو بەیتانەی وا هاتووە ئیهامی تێدایە و ئاماژەیە هەم بۆ حەزرەتی یۆسف، هەم بۆ شێخی خۆشەویستی مامۆستا حەریق کە شێخ یۆسف شەمسەددینی بورهانی بووە.
واتا: کەسێک سرشت بەرز بێ بۆ ئەوەی برەو پەیدا بکا سککەی دین و ڕوانینی، ئەو خەراجەی کە لە میسری قەلبیدا پەیدا دەبێ لە ڕێی جوانی یۆسفا دەیدا و خەرجی دەکا.
واتا: لەبەر سەودای ئەشقی پیری مراد، شێخی بورهانە کە گۆی سەرم خستۆتە بەر گۆچانی یاری کە لێی دا و بیرفێنێ.
2. سوفلە(ج، د، ە): سپڵە. * لە دوونان(ج، د، ە): لەدووی نان، بەم شێوەیەش هەر درووستە، هەروەها دەکرێ دوونان بە دوو نانیش بخوێنرێتەوە.
واتا: ئەگەر نمایەک لە ڕووح و ژیانی من ماوە لەبەر جیلوەی جوانی ساقییە، من وەک کەسانی سپڵە نیم کە بۆ سفرەیەکی دوونانی چاویان پڕ بووە لە ئاو یان وەک کەسانی سپڵە نیم کە بۆ سفرەیەکی حیزانە چاویان پڕ ئاو بووە.
واتا: بە قوربانت دەبم ئەی پیری مەیخانەی ئاواکەرەوەی جیهان، تۆ شاهیدم بە و بزانە کە ڕووحم داوە بە خۆشەویستی و نزیکی لە تۆوە.
واتا: ئەی شای وڵاتی متمانە و ئەی پادشای دین و ئەی پیری پڕ لە تەمکین و بڕوا و ئەی ڕەئیسی ئەولیای خودا< ڕەعمێ بە حاڵم بکە تاکوو دڵم ڕێی

به قوربانت بم ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
به شاهید بە کەوا ڕووحم لە ڕەهنی قوربی تۆ ناوە
شەهی موڵکی یەقین شاهەنشەهی دین پیری باتەمکین
ڕەئیسی ئەولیا ڕەحمێ هەتا دڵ ڕێی نەبەسراوە
لە دارولحوزنی میحنەت ناجییە وەک پیری کەنعانی
بە بۆی پیراهەنی یۆسف کەسێ چاوی هەڵێناوە
حوزووری تۆ بەهەشت، ئادەم دڵ و ئەهلی حەسەد شەیتان
بە بۆی دانەی تەمەع کێشاویەتە نێو دامی دونیاوە[1]
شەڕابی سوحبەتت ئیکسیری خاکی مەعدەنی ڕووحە
لە کارخانەی سەعادەت لوقمەیی لوقمانی هێناوە
عەدوو با هەر وەکوو عەقرەب بە کلکی نیشی خۆی دانێ

شوکر تۆزێ حەیای بوو وا بە چاویا دیارە دایناوە[2]

---

تەواو لێ نەگیراوە.
واتا: ئەو پیری مورادە نەجاتدەرە بۆ تۆ، وەک چون پیری کەنعان بە بۆنی کراسی یۆسف چاوی هەڵێنا و چاک بۆوە،

1. ئادەم، دڵ و(ج، د): ئادەم و دڵی. کێشاویەتە(ە): کێشاویە. نێو دامی(ە): ناو داوی. نێو(ج، د): ناو.
لە خشتەی یەکەمدا، شوبهاندنی بڵاو هەیە و ئەم بەیتە، تێلنیشانێکە بۆ چیرۆکی سەرەتای خیلقەت.
واتا: گەیشتن بە تۆ و لەلای تۆ بوون بەهەشتە، دڵی من وەک حەزرەتی ئادەمە و حەسوودەکانیش وەکوو شەیتان وان، شەیتان بە بۆی دانەی تەماح دڵی منیان لە تۆ دوور کردۆتەوە و منی خستۆتە نێو داوی دنیاوە.
واتا: بادەی دواندنی تۆ، وەکوو ئیکسیر وایە بۆ خاکی مەعدەنی ڕووحی من و ڕووحی من بە دواندنی تۆ، دەدرەوشێتەوە و مشتومالْ دەدرێ. دەڵێی لە کارگای بەختەوەرییەوە بۆ من پاروویەکی گەلێ دەرمانکەرت هێناوە.

2. ڕای م. سپێهرەددین لەسەر ئەوەیە کە مامۆستا حەریق بە هۆی ئەم بەیتانەوە هەتک کراوە.
واتا: دوژمن با هەروەکوو دووپشک لەسەر کلک بچەقێ و نیشی دابنێ، تۆزە حەیایەکی وا هەشی بوو بە چاویدا کە کوێر بووە دیارە دایناوە.

هەتا گوێی پێوەبووە مونکیر لە زەلکاوی حەسادەتدا
هەزارێ کلکی بگرێ، کەڵکێ ناگرێ، تازە خنکاوە
وەکوو پەروانە بۆ شەمعی جەماڵی تۆ «حەریق» ئەمڕۆ
چرای شەوقی بە کیبریتی تەبیعەت خۆش هەڵایساوە[1]



1. ئەمڕۆ(ە): ئەمشەو.

واتا: مونکیری تۆ وەکوو کەر لە زەلکاوی ئێرەییدا تا گوێی تێ چەقیوە. هەزار کەسیش بێن و کلکی بگرن تازە کەڵکی نییە و تێدا خنکاوە.

واتا: حەریق ئەمڕۆ وەکوو پەپوولە بەدەوری شەمی جوانی ڕووی تۆوەیە. و بەهۆی سروشتییەوە چرای مەیل و تاسەی خۆش هەڵگڕاوە و دادەئیسێ.

## 7

موژده بێ بۆ بولبولی دڵ گوڵ لە باغان هاتەوە
قومری عومری خۆی سەرف کا سەروی بۆستان هاتەوە[1]
شەهسەواری عەرسەیی مەیدانی مەردان هاتەوە
دڵبەری جانان لە خدمەت جانی جانان هاتەوە[2]
پیری ڕەوشەندڵ وەکوو خورشیدی تابان هاتەوە
نائیبی عوسمانی سانی خۆش بە سامان هاتەوە[3]
وا موعەتتەر بوو دەماغی ئەهلی نیسبەت هەر دەڵێی
نیسبەتی پیراهەنی یۆسف بە کەنعان هاتەوە

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم شێعرە، ساڵی ١٢٩٦ کۆچی مانگی، کە شێخی بورهان لە سەفەری حەج گەڕاوەتەوە نووسراوە.
سەروی بوستان(ج، د): سەر دەبستان.
واتا: ئەی دڵی وەک بولبولم مزگێنیت لێ بێ، گوڵت لەنێو باغان هاتەوە. ئەی قومری ئەتۆش تەمەنی خۆت لە ڕێدا دابنێ کە سەولی بێستانت هاتەوە.

2. شەهسەوار(د، ە): شاسوار. * مەیدانی مەردان: مەردانی مەیدان(ج)، مەردی مەیدان(د).
واتا:شاسواری نێو گۆڕەپانی پیاوان وا هاتەوە، دڵبەری خۆشەویستەکەم لە خزمەتی خۆشەیوستی خۆشەویستەکانم هاتەوە.

3. نائیبی عوسمانی سانی: عوسمانی ئەووەڵ، حەزرەتی عوسمان(رض)، خەلیفەی سێهەمی موسوڵمانانە، عوسمانی سانی، مەبەست حەزرەتی سیڕاجەددینە کە ناوی عوسمان بووە و نایبی عوسمانی سانی، مەبەست حەزرەتی شێخ شەمسەددینی بورهانییە.
واتا: پیری دڵ ڕووناکم وەک هەتاوێکی درەوشاوە هاتەوە، جێنشینی عوسمانی دووهەم بە خۆشەی گەڕاوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.
واتا: هێندە عەتراوی بوو دەم و لووت و دەروونی کەسانی سەر بە ئەو هەر دەڵێی: نیسبەتی کراسەکەی یۆسف، گەڕاوە شوێنی خۆی و دەڵێی یۆسف هاتۆتەوە بۆ کەنعان.

بۆ ئیفادەی نەشری فەیز و لوتف و بۆ ئیرشادی دین
وا لە قەسری عاریفان یەنبووعی عیرفان هاتەوە[1]
غونچە سەرپۆشی لە ڕوو لادا بە عەزمی دیدەنی
بولبولی تەبعی منیش بۆیە غەزەلخوان هاتەوە
سەرخۆشی کەئسولکەرەم سەرمەستی سەهبایی قیدەم
باشکوە و باحەشەم، مەجزووبی ڕەحمان هاتەوە
موددەتێ بوو ئەم هەوارە بێسەدا و هاوار بوو
تا بە جەزبەی حەق بەسانی نەی بە ئەفغان هاتەوە
خاتری موخلیس بە دیدارت وەکوو تەبعی «حەریق»
غونچەیی مەقسوودی پشکووت و بە خەندان هاتەوە



1. بۆ ئیفادەی نەشری فەیز و لوتف: بۆ ئیفادەی نەشری فەیزی لوتف(ج، د)، بۆ ئیفادە و نەشری فەیز و لوتف(ه). * ئیفادەی نەشر: ئیزافەی تەوزیحییە.
واتا: بۆ ئیفادە کردنی فەیزبەخشی و بۆ بڵاوکردنەوەی لوتف و ڕێنوێنی دینی، وا لە کۆشکی عاریفان، سەرچاوەی پڕ لە عیرفان گەڕایەوە.
واتا: غونچە دڵی کراوە و بە بۆنەی دیتنییەوە ڕووبەندی ڕووی لادا، بۆیە بولبولی تەبعی منیش دیسان کەوتۆتەوە غەزەلخوێنی.
واتا: سەرخۆشی بادەی کەرەم و سەرمەستی کۆنەشەرابی پێشینان، بە شکۆ و ڕێزەوە، ڕاکێشراوی دەرگای خودای ڕەحمان هاتەوە.
واتا: ماوەیەک بوو ئەم هەوارە بێدەنگ و هەرا بوو، تا لەبەر جەزبەی خودا، وەکوو نەی بە ناڵە و گریە هاتەوە.
واتا: خاتری منی موخلیسی تۆش، وەکوو تەبعی شێعرەکەم، خونچەی مرادی پشکووت و دیسان بزەی کەوتەوە ڕوو.

## 8

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم با بێتەوە[1]
وا وەعیدی بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ
مەر بە بای وەعدەی ویسالت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە[2]
میروەحەی زولفت لەدەورەی ئاتەشی ڕووت بێ، چلۆن
ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟
سووچی زولفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەکرێتەوە[3]
خەتت و موهری زولف و خاڵت حوججەتی موڵکی دڵە
نەقشی ئەو مۆرە بە ئاوی «خوڕخوڕە» ناچێتەوە[4]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
واتا: چاوەڕێی مزگێنی بای شەماڵم تاوەکوو لە هاتوچۆی نێو گوڵزار دەگەڕێتەوە، بەڵکوو گوڵ دەستوور و فەرمانی دابێ کە بولبولم پێویستە بێتەوە نێو گوڵزار.
2. وەعید و وەعدە، فیراق و ویسال، تەزادیان لەنێواندایە.
واتا: وا خەبەری ناخۆشی سەرمای دووری وەک بەفری زستانت، بە دڵمدا هاتووە، کێوی دڵم مەگەر بە بای وادەی پێگەیشتنت ڕەش بێتەوە و خۆشی کاتەوە.
واتا: تاوەکوو بسکت باوەشێنی ئاگری ڕووت بکا، ئاوری ئەوینت چۆن بە فرمێسکەکانم دەکووژێتەوە.
3. دەکرێتەوە(ج، د، ه): دەگڕێتەوە.
واتا: خەتای زولفت بوو کە دڵی وەک پەپوولەم ڕووی لە ڕووی تۆ کرد، چون بۆخۆت دەزانی شەم و پەروانە شە بە تاریکی پێک دەگەن و زولفی تۆش وەک شەو ڕەشە.یان نا وەک چۆن لە شەودا شەم و پەپوولە پێک دەگەن لەبەر گۆشەی زولفی تۆ کە وەک شەو وابوو دڵم ڕووی لە تۆ کرد.
4. موهر(ه): مۆر. نەقش(ج، د): نەخش. خەتت و موهری زولف و خاڵ،

دڵ لە ترسی چاوی ڕووی کردبوە میحرابی برۆی
ئێستە بیستوومە لە چینی زولفی جێی نابێتەوە[1]
کێوی هیجرت خستە سەر شانی دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بە زولفت زەحمەتە هەستێتەوە
سەد کەڕەت خستمتە گێژ و مەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری موژگانی قوللابت دڵم دێنێتەوە[2]
مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بە شادی دادەچێنم خاری غەم دەڕوێتەوە

---

پێچەوپەخشەی ڕێکە.
بەڵگەی تەواون بۆ دڵم، زولف و خاڵی تۆ کە وەکوو خەتت و مۆری ناو بەڵگەیەک وان. بە ئاوی دووجار خوڕیش، یان بە ئاوی دێی خوڕخوڕەش، نەخشی ئەو مۆرە تازە خۆ پاک نابێتەوە.
1. چاوی(ە):چاوەکەت. کردبوە(ە): کردە. زولفی(ج، د، ە): زولف.
واتا: دڵم خۆی لەبەر نیگاکانی نەدەگرت و بۆیە ڕووی لە برۆی وەکوو میحرابی مزگەوتی کردبوو بەڵام ئێستا بیستوومە لەوێش نەماوە و تەنانەت لە وڵاتی چینی زولفەکانیشیدا جێی نابێتەوە و قەرار ناگرێ.
واتا: باری هیجرانی وەکوو کێوت خستۆتە سەر شانم بۆیە دڵم لە پێ کەوتووە. تا دەستیشی نەگا بە زولفت پێم وا نییە بتوانێ هەستێتەوە.
2. دڵم دێنێتەوە(ە): دەرم دێنێتەوە، گەرچی لە نوسخەکاندا وا نەهاتووە بەڵام لەوە دەچێ ئەمەیان دروستتر بێت چون دەرهێنانەوە لەگەڵ قوللاب نیسبەتی زیاترە تا دڵ هێنانەوە.
واتا: سەدجار منت خستە نێو گێژاو پڕ لە سامی دەریای دوورییەوە، ئاخریش هەر بە قوللابی بژانگەکانی خۆت دەرم دێنییەوە.
واتا: مەزرای خۆشەویستی هەرچی تۆوی وەسڵ و گەیشتنم لێ چاند، هیچی لێ شین نەبوو، من بە خۆشی گوڵ دادەچێنم کەچی هەر دڕکی خەم پێدەگەیێنێ.
واتا: بۆخۆت دەزانی وا ماوەیێکە بوومەتە گەرد و تۆزی ژێر پێی جەفاوە، بڵێی تۆ کەی بێرەدا ڕابووری تا من وەکوو شوێنپێی هەنگاوێک سەرم بنێمە بەرپێتەوە.
واتا: غەمی دوری تۆ منیان زیندانی کردووە، بە قوربانت بم تاڵێکی زولفت بنێرە بەڵکوو دڵم لەو زیندانە دەربچێ و لە غەم ڕزگاریم بێ.

خۆت دەزانی موددەتێکە گەردی پاماڵی جەفام
کەی وەکوو نەقشی قەدەم سەردێنمە ژێر پێتەوە
دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەمت قوربانتم
تایەکی زولفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە
تۆخودا تاکەی لە تاریکەشەوی هیجرانی تۆ
دەستەوئەژنۆ دابنیشم، ڕەببی کەی ڕۆژ بێتەوە[1]
بێ ئیشارەی حیکمەتولعەینی شیفات نایێ شیفام
خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە[2]
فکری من چونکە دەقیقە عاشقی قەددی ئەوە
موو لە موو گیراوە چ بکەم لێک جویێ نابێتەوە[3]
زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵی بە ناسۆر کەوتووە
ئەی «حەریق» باسی مەکە توخودا بڵا نەکولێتەوە[4]

---

1. تۆخودا(ج، د): تۆخوا. تاریکەشەو(ج، د، ه): تاریکی شەوی. هیجرانی تۆ(ج، د):هیجرانتەوە.
واتا: توخدا تاکەی لە شەوی تاریکی دووری لە تۆ دەستەوئەژنۆ دابنیشم و هەر بڵێم ئاخۆ بڵێی کەی ڕۆژ بێطەوە؟
2. ئیشارە(ئیشارات) و شیفا ناوی دوو کتێبی ئیبنوسینان لە حیکمەتدا. حیکمەتولعەینیش، ناوی کتێبێکە لە نەجمەددین عەلی کوڕی عومەری شافعی ناسراو بە کاتبی کە میرەکی بوخارایی، شەرحی لەسەر نووسیوە. ناوی کتێبەکان، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
ئەم غەزەلەش بە نیوەچڵی و پڕ هەڵە لە کەشکۆڵی (و)دا نووسراوەتەوە هەر دوابەدوای پێنجخشتەکی زێوەر لەسەر شێعرێکی حەریق. لەوێدا لەبری حیکمەتولعەین، ڕەحمەتولعەین هاتووە(و، ل ٧٧)
واتا: تا ئیشارەی پڕ لە حیکمەتی چاوەکانی شیفابەخشی تۆ نەبن من شیفام نایە و چاک نابمەوە، بۆخۆت دەزانی دەردی دووری گرانە و وا زوو خۆش نابێتەوە.
3. لەنێوان دێڕی یەک و دوودا، پێچەوپەخشەی ڕێک(لەفونەشری مورەتتەب) هەیە.
واتا: فکری من ورد و باریکە بۆیە قەد و باڵای ئەوی خۆش دەوێ چونکە ئەویش بەژن و باڵاکەی باریکە. وەک ئەوە وایە موو لە موو گیرابێ، چبکەم چارە چییە ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە.
4. تۆخودا(ج، د، ه): تۆخوا.

واتا: برینم ناسۆرە تا مەرهەمی وەسڵیم پێ نەگا، تۆخودا حەریق هێندەی باس مەکە تاوەکوو لەوە زیاتر نەکولێتەوە.

## 9

هێندە بێزاری کە زانیومە بە زاری نایەوە
دوور لە باڵاکەت سەرینی نائومێدیم نایەوە[1]
بولبولێکی خۆش ئەدا بووم بۆ نەوای دەوری گوڵت
کێ وەکوو هودهود حیکایاتی سەبای گێڕایەوە[2]
بۆ پیاڵەی مەیلی لەیلی قەلبی مەجنوون قابیلە
شۆڕشی شیرین لە ناڵەی کۆهکەن فامایەوە
حەیفێ هێندەت دەربەدەر کرد دڵ لە ئیقلیمی ویسال
شیری منداڵیت بە زەهری هیجـــر پێ هێنایەوە[3]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم شاغەزەلە ماوەیەکی زۆر بە شێعری نالی زانراوە و پەڕەوازەی ناو دیوانەکەی ئەو بووە. مامۆستا هێمن لە وەڵامی نامەیەکی دۆستانە لە کتێبی پاشەرۆکدا باسی ئەم غەزەلە دەکات.
نایەوە هاوشێوەی تەواوی تێدایە و لە نێوان بێزاری و زاریدا هاوشێوەی زاید هەیە.
واتا: هێندە وەڕەز بووی لە من کە دەزانم هەرچەندیش بگریم هەر نایەوە، من دوور لە باڵاکەی تۆ سەرم ناوەتە سەر بالیفی بێ هیوایی.
2. خۆش ئەدا(ج، د، ە): خۆشنەوا.
واتا: من وەکوو بولبولێکی خۆش لەحن و ئاواز بووم بەدیار گوڵی تۆوە، کوا چ کەسێک وەک پەپووسلێمانکە حیکایاتی وڵاتی سەبای خۆش گێڕاوەتەوە.
واتا: هەر دڵی مەجنوون، شیاوی ئەوەیە وەک پیاڵە پڕ بێ لە مەیلی خۆشەویستی لەیلا، لەبەر ئاە و ناڵەی فەرهادی بێستوون بوو کە دەرک بەو شۆڕش و ئاگرە کرا وا شیرین هەڵیگیرساندبوو
3. زەهری هیجر(ج، د): ژەهری هیجران.
واتا: حەیف و جەغار کە هێندە دڵمت لە وڵاتی پێگەیشتن ڕاونا، تەنانەت بەو ژاراوی دوورییە شیری منداڵیشت پێ ڕشاندەوە.
واتا: بۆ خەتە سەوزەکانی کەنار دەوری گوڵی ڕووی تۆیە کە شین و زاری دەکەم، بە سەری وەکوو بێژنگی من خاک و خۆڵی عیشقت پاک

بۆ کەناری سەوزەیی دەوری گوڵی ڕووت شین دەکەم
خاکی کۆی عیشقت بە بێژنگی سەرم بێژایەوە
کەوتە سەر خەرمانی عومرم ئاگری تووڵی ئەمەل
سەد کەڕەت بارانی وەعزی لێ درا نەکوژایەوە
شیری ئەبرۆ، تیری موژگان، تاق و جووت دەنوێنی پێم
تا بزانم ڕووحی شیرینت چلۆن کێشایەوە[1]
جێی نەزەر بوو حاشییەی زولفت لەسەر ئایاتی ڕوو
زۆر موتاڵام کرد وەکوو دەور و تەسەلسول مایەوە[2]
تاقی میحرابی برۆت جێی نازە بۆ ئەهلی نیاز
سۆفی وەیزانی کەچە هێند کەر بوو خۆی گێڕایەوە[3]
شەمعی خووبان پەرتەوێکی «شەمس»ی ڕووی تۆی لێ
کەوت

---

دابێژرا.

واتا: لەبەر درێژیی ئاواتەکانم کە وەکوو ئاگر وان، خەرمانی عومرم هەمووی سووتا. زۆر جار نەسیحەتم کرد و بەڵام بە گوێی نەکردم.

1. لەنێوان شیر و تیردا هاوشێوەی لاحیق هەیە. لە دێری یەکەمدا، پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە.

واتا: شمشێری برۆ و تیری برژانگەکانت یەکاودوو لێم دەدەن بە تاق و بە جووت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لێم حاڵی بێ کە چۆن ڕووحی خۆشەویستم هەڵدەکێشی.

2. ڕوو(ب، ج، د، ە): ڕووت. * مایەوە(ئەلف): نایەوە، نایەوەش مانای دێتەوە.

حاشیە و نەزەر و موتاڵا تەناسوبیان پێکەوە هەیە. دەور و تەسەلسول، دوو زاراوەی فەلسەفین.

واتا: زولفت لەسەر ڕووت وەک کتێبێک وا بوو پڕ لە پەراوێز کە کەنارەکانی زولفتن و دەقەکەیشی ڕوخسارتە. ئەم کتێبەش هەر بۆوە دەبوو لێی بڕوانی و ڕوانگە و نەزەری لەسەر بدەی. من هەرچەند سەرنجم لێ دا هەر وەبیر باسی دەور و تەسەلسول دەکەوتمە.

3. کەچە(ج، د): کچە.

لەنێوان ناز و نیازدا هاوشێوەی زاید هەیە.

واتا: تاقی میحرابی برۆی تۆ، بۆ ئەهلی نیاز، جێگایەکی خۆشەویست و جوانە بەڵام سۆفی پێی وابوو کەچە و بۆخۆی هێندە کەر بوو باسی دەکرد.

هێند حەیا و شەرمی بە خۆیدا هات بەجارێ توایەوە[1]
گوڵبژێرێکی زەریفم کرد لەنێو باغی خەیاڵ
خۆزگە مەردێکی «ڕەشید» بۆ «شێخ»ی بخوێندایەوە[2]

**10**

خۆفم لە خودا چونکە لەبەر غەیری خودایە
ئەمنم بە درۆ، سووڕەتی وەک خۆف و ڕەجایە[3]
پاڵی ڕەحەتی داوەتەوە نەفسی خەسیسم
یا ئەمنی غەنا، یا ئەسەری یەئس و هەوایە
گەر تالیبی بۆ یۆسفی خۆت نەفسی عەجووزە
زوو بێنە، دەزوو بێنە دەڵێن ئەهلی وەفایە[1]

---

1. بە خۆیدا هات: بە خۆیدا هات(ئەلف)، بە خۆیە(ج، د).
شەمس، ئیهامی هەیە. لەنێوان شەمع و شەمسدا هاوشێوەی موتەڕڕەف و تەناسوب هەیە.
شەمی جوانان، تیشکێکی خۆری ڕووی تۆی لێ پرژاوە ئەگەر جوانە. هێندەش حەیا بەخۆ بوو لە شەرمان تواوە.
2. خەیاڵ(ج، د): ئەمەل. * ڕەشید: لێرەشدا مەبەست سەید ڕەشیدی خانەقایە، ئیهامی هەیە. شێخ: مەبەست شێخ یۆسف شەمسەددین، شێخی بورهانە.
واتا: زۆر بە وردی لەنێو باغی خەیاڵدا گەڕام و گوڵی جوان جوانم چنی و دەستەم کردن خۆزگە کەسێکی ئازا یان ڕەشیدناوێک بۆ شێخەکەمی خوێندبایەتەوە.
3. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
ئەمنم بە درۆ(ج، د): دیمەنم بەدروو.
واتا: ترسم لە خودا چونکە لەبەر غەیرە خودایە، ئەوە بە درۆ منم، ڕەنگ گۆڕاوێکی خەوف و ڕەجا.
واتا: نەفسی خەسیسیم بە ڕاحەتی پاڵی لێ داوەتەوە، یان لەبەر دەوڵەمەندییە یان لەبەر بێ هیوایی و وەسەر هەوابوونە.

ئینکاری سیرایەت مەکە ئەی مونکیری موفلیس
بێ سەیری قەمەر کە چ بەشەوق و بەزیایە
مونکیر بەمەسەل شەبپەڕە، بێ نووری هیدایەت
خۆی تالیبی زوڵمەت بوو خودا نووری نەدایە
هەر مەزبەلە، هەر مەشعەلە، جێی پەرتەوی «شەمس»ە
یەک جێگەیی فوزلە، یەکێ جێگەی فوزەلایە[2]
تێفکرە لە ئەجزایی عەناسیر بە تەبیعەت
یەک نائیلی مەرکەز، یەکێ مائیل بە هەوایە[3]
بارانی بەڕەحمەت لە تەڕەف مەبدەئی فەییاز
قەترێ ئەسەری سونبول و یەک چقڵ و گیایە[4]

---

1. زوو بێنە دەزوو(ج، د): زوو بێنەوە زوو. دەزوو ئیهامی تێدایە. ئەم بەیتە، تێلنیشانێکە بۆ چیرۆکی ئەو پیرێژنەی کە هیچی نەبوو بەڵام دەیویست لە کڕیارانی حەزرەتی یۆسف بژمێررێ، بۆیە کەڵافێک دەزووی هێنابوو.
واتا: ئەی نەفسی پیر، ئەگەر یۆسفی خۆتت خۆش دەوێ زوو، کڵافێک دەزوو بێنە تا بتوانی بیکڕی دەڵێن ئەو زۆر بەوەفایە.
واتا: نکووڵی لە سیرایەت مەکە ئەی نکووڵیکەری سواڵکەر، تۆ بزانە مانگ کە تیشک لە خۆر وەردەگرێ چ بە تریفە و گرشەیە.
واتا: مونکیر وەک شەمشەمەکوێرە وایە کە هەر تاریکانی خۆش دەوێ و وەبەر نووری ڕێنوێنی خودا نەکەوتووە ئەوەش لەبەر ئەوەیە بۆخۆی خوازیاری تاریکاییە.

2. مەزبەلە: زبڵدان. * فوزلە: شیاکە. * فوزەلا: کۆی فازیل.
لەم بەیتەدا، پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە.
واتا: چ زبڵدان و چ مەشعەڵدان، وەبەر تیشکی خۆر دەکەون بەڵام یەکیان گەندوگوو بەبار دێنێ و یەکیان زانا و بلیمەت.
3. لە (ب)دا جێی مائیل و نائیل گۆڕاوە. * نائیل(ج، د، ە): مائیل.
لەنێوان نائیل و مائیلدا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
واتا: لە هەموو توخمەکانی سروشت تێفکرە، یەکیان مەیلی بە ناوەندە و یەکیان مەیلی بە ئەوەیە لە هەوادا بڵاو بێتەوە.
4. ئەو بەیتەی سەعدیمان وەبیر دەهێنێتەوە کە فەرموویەتی:
باران کە در لطافت طبعش، خلاف نیست / در باغ، لاله روید و در

نوقسان لە تەڕەف قابیلە، نەک فاعیلی کامیل
ئەم قەولی منە ڕەئیی جەمیعی حوکەمایە[1]
«بورهان»ە لەسەر جەهلی عەدوو «شەمس»ی حەقیقەت
تالیع بووە، ئەو ئەحمەقە جۆیایی چرایە[2]
چاوی بە تەمەع پڕ بووە، قەلبی بە حەسادەت
وەک تەبعی بەهایم ڕەحەتی هەر لە شەوایە[3]
هیندوو نییە ئایینی لە ئایینە تەعن دا
ئایینە چ سووچی هەیە ئەو ڕوویی سیایە؟[4]
پەروانەیی هەر جەمعێ نەبی چاکە «حەریقی»
خۆت بێنەرە نێو زومرەیی ئەم شەمسی هودایە[5]

---

شورەبوم، خس.
واتا: خۆ بارانی بە ڕەحمەت لەلایەن سەرچاوەی بەخشینەوە بەسەر گیا و درکدا یەکسان دەبارێت.
1. کامیل(ج، د): موختار.
واتا: نوقسانییەکە لەلایەن ئەو شتە یان کەسەوەیە کە وەریدەگرێ نەک ئەوەی کە دەیدا و دایدەبارێنێ، ئەم ڕایەی منیش، ڕای زۆربەری بیرمەندانە.
2. بورهان و شەمس، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
واتا: لەسەر نەزانی نەیار، بەڵگەیە هەتاوی ڕاستینە و وەدەرکەوتووە. کەچی ئەو نەفامە وێڵ بەدوای چرادا دەگەڕێ.
3. وشەی تەبعی لە (ج) و (د)دا داکەوتووە.
واتا: وەک تەبعی چوارپێکان، هەر بە شەو ڕاحەت بێ ئەو نەفامە بۆی تەواوە چون چاوی بە تەماح و دڵی بە ئێرەیی پڕ بۆتەوە.
4. لەنێوان ئایین و ئایینەدا، هاوشێوەی دوازێدەیی هەیە.
واتا: ڕەوشتیکی باش نییە بۆ هیندوو کە بێ و تانە لە ئاوێنە بگرێ بڵێ بۆ من ڕەشم، خەتای ئاوێنە چییە؟
5. بێنەرە نێو(ج): بێرە ئەناو. * هودا: مەسدەری (هدی یهدی)یە.
واتا: لە هەر کۆڕێکدا نەبی بە پەروانە باشە حەریقی، هەر بە دەوری ئەم هەتاوی ڕێنوێنییەوە بسووڕێوە و بەس.

## 11

خەیاڵت مونحەسیر بوو ئەی دڵەی غافڵ لە دنیایە
نەدامەت بوو نەتیجەی ئاخری ئەم شۆڕ و غەوغایە[1]
ئەوا لازم بوو سەرخۆشی، لە تۆ ئەی دڵ کە سەرخۆشی
بە بادەی غافڵی بێهۆشی دەردت قەت شیفای نایە[2]
عەجەب بۆت بۆتە زستان زەمهەریری باری عیسیانت
کە شک نابەی چ سەرمایە، دەڵێی وەی وەی چ سەرمایە[3]
بە دەستی دێوی نەفسم دڵ وەکوو مورغی بێ پەڕ وایە
وەکوو پەروانە بۆ شەمعی تەلەسمی ئەو، بێپەڕوایە[4]
کە تفڵی عیشقی بێ مەشقم لەنێو بازاڕی سەودایە
بە ئەو سەودایە سەرخۆشە دەڵێ کارم لە سەودایە[1]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
لەم شێعرەدا، شاعیر لە زۆربەی جیناسەکان کەڵکی وەرگرتووە.
واتا: ئەی دڵی خەوتوو و بێخەبەر، خەیاڵت هەر لە چوارچێوەی دنیادا خولاوە. ئاخری ئەم هەموو بگرە وبەردەیە بوو بە پەژیوانی.
2. سەرخۆشیی دووهەم(ج، د): سیرپۆشی. لەنێوان سەرخۆشی و سەرخۆشیدا هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: سەرەخۆشی لە تۆ پێویستە ئەی دڵ کەوا سەرخۆشی. بە بادەی غافڵی و بێخەبەری کە بێهۆش کەوتووی دەردت قەت دەرمان نابێ.
3. زستان(ئەلف): زستانی. لەنێوان چ سەرمایە و چ سەرمایەدا هاوشێوەی لێکدراو هەیە.
واتا: سەرمای باری گوناحانت چ زستانێکی ساردی بە تووشەوە کردووی. کە هیچ سەرمایەیەکیش شک نابەی تا گەرمت دابێنێ دەڵێی وەی وەی چەندە ساردە!
4. بێ پەڕ وایە(ج، د):بێپەروا. * دێوی(ب): دێوە
لەنێوان بێ پەڕ وایە و بێپەڕوایەدا هاوشێوەی لێکدراو هەیە.
واتا: دڵ لەنێو دەستی دێوی نەفسدا وەکوو مەلی بێ پەڕ و باڵ وایە و وەکوو پەپوولە ترس و پەروای نییە لە شەمی تەلەسمی ئەو.

هەتا شەیتان مودەببیر بێ، موئەددیب نەفسی زاڵم بێ
عەجەب کەوتوویە دەست زاڵم ئوموورت عەینی زەڵمایە[2]
خودا ڕەببی نەجاتم دەی لە دەس ئەم دێوە بێ ڕەحمە
کەوا وەک دوشمنی خوێنی بەدایم لێم بەداوایە[3]
خەیاڵاتت هەموو پەشمە وەکوو ڕیس و گوریس وایە
هەچی دەیکەی دەڵێن هەی هەی فلانی چەندە ڕیسوایە
کە خاڵی بێ دڵی عاشق لە بادەی حوببی مەعشووقی
بەخۆڕاییت نەوێ چاکە وەکوو شیشەی شکاو وایە
مەبە تالیب بە زولفینی بەمیسلی شکڵی لا وایە
ئەگەر لەو لایە خۆت لادەی لەلام تەحقیقە ئەو لایە

---

1. سەودای سێهەم دەکرێ جارێک بە سوودایە بخوێنینەوە.
لەنێوان وشەکانی سەودادا هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: کە ئەوینی بێ ڕاهاتنی منداڵانەی من کەوتۆتە بازاڕی خێر و مامەڵەوە، بە ئەو سەودا و هەست و سۆزەوە سەرخۆشە و دەڵێ کارم لەسەر خێر و قازانجە.
2. کەوتوویە(ە): کەوتۆتە. شەیتان(ئەلف): شەیتانی. مودەببیر(ئەلف): مودبیر.
زەڵما: چاوگ(مصدر)ە بۆ تاریکی، ئاوەڵناوە بە مانای زۆر تاریک.
لەنێوان زاڵم و زەڵمادا ئیشتقاق هەیە.
واتا: تاوەکوو شەیتان مشوورخۆر بێ و پەروەرەندە نەفسی زاڵم بێ، سەیر کەوتوویە دەستی زاڵم و کاروبارەکانت دەقاودەق چەشنی تاریکاییە.
3. خودا(ج، د): خوا. * خوێنی(ج، د): خوێنین. * دێوە(ئەلف، ج، ە): دێوی
واتا: خودایە ڕەببی لەدەس ئەم دێوە بێڕەحمە ڕزگارم بکەی کە وێنەی دوژمنی تینوو بە خوێنم هەر داواکاری لێم هەیە.
واتا: خەیاڵەکانت هەموو بێ بایەخن وەکوو پەشم و هەر دەمیڕێسی و دەیانکەی بە ڕیس و ئەستوور دەبن وەکوو گوریس. هەر کارێک دەکەی هەر دەڵێن ماڵتە فلانی چەندە ڕیسوایە.
واتا: کە دڵی دڵدار ، بادەی ئەوینی یاری تێدا نەبێ، بە پووشێک نەتهەوێ، چاکە و وەکوو شووشەیەکی شکاو وایە و هەر لێی دەڕژێ و بەتاڵە.
واتا: داخوازیت زولفی یار نەبێ کە وەکوو شکڵی لا وایە ئەگەر لەو لایە واتە دنیا خۆت لا بدەی دڵنایم ئەولات دەستەبەر دەبێ.

لە قاپی ئاستانەی مورشیدی ئەرشەد، عەلی عالی
لەوێ ڕووحت فیدا کە تۆ نەجاتت هەر لەوەی دایە[1]
وەکوو پەروانە بۆ شەمعی جەماڵی ئەو کە موشتاقە
بە تەسویری «حەریق»م هێندە سۆزی ئەو لە دڵدایە[2]

**12**

موعتادی فەلەک دایمە هەر جەور و جەفایە
خۆ خاسسە لەگەڵ ئەهلی زەکایان بێوەفایە[3]
یاڕەببی ڕەقیب تووشی بەڵا و دەرد و غەمێ بێ
بەو دەردە بناڵێنێ هەتا ڕۆژی جەزایە[4]

---

1. لە قاپی(ج، د): نیقابی. * ئەرشەد(ئەلف): ئەرشەدی. * لەوەی(ە): لەوێ.
واتا: لەبەر دەرکی دەروازەی گەورەڕاهێنەری بەرز و بەڕێزت خۆت فیدا بکەی باشە چون ڕزگاری تۆ هەر لەوە دایە.
2. حەریقم(ج، د):حەریقی. * موشتاقە(ب، ج، د، ە): موشتاقم.
هێندە سۆزی ئەو(ئەلف): هێندە سۆزا وی.
واتا: وەک چۆن پەپوولە بۆ شەمی جوانی ڕووی یار تامەزرۆیە، دڵی منیش بە دیتنی وێنەیەکی گڕی تێبەر دەبێ ئەوەندە سۆزی ئەوینی ئەوم لە دڵدایە.
3. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
زەکایان(ج، د): وەفایان.
موعتاد: لێرەدا بە مانای گیرۆدەیی و عادەت؛ ئەم وشەیە ناوی مەسدەرە کە لەسەر کێشی ناوی بەرکار(مەفعوول)ەکەی هاتووە.
واتا: ڕەسم و دابی زەمانە دایمە هەر زوڵم و زۆرە بەتایبەت لەگەڵ ئەهلی فکر و بیردا بێوەفایە
4. بەو دەردە(ج، د): بەو دەردەوە.
واتا: ڕەببی ناحەزم تووشی بەڵایەک بێ کە تا ڕۆژی قیامەت پێوەی بناڵێنێ
واتا: بەو ڕیشەوە کە دایناوە ئێستاکە لەلای خۆی ڕەئیسێکە، زیکر و

بەو ڕیشەوە ئێستاکە ڕەئیسێکە لەلای خۆی
تەزکیری کە تەزویرە، لەسەر دامی خەتایە
بۆ ماچی دەمی ساڵێکە سۆفی لە ڕەهندا
ئیمانی بەخت کرد و شوکر ماچی نەدایە
زاهید مەکە مەنعم کە دەکەم وەسفی گوڵی خۆم
گوڵغونچەیی من لایقە موشتەق لە سەفایە[1]
هەر چەندە بە سین تیفلی، شوکر عاقڵی قوربان
تێی‌هەڵدە بە شەق ئەو کەرە هەر عەینی بەڵایە
هەر شوکری خودا بێنە بەجێ تۆ کە «حەریقی»
ئامالی ڕەقیبت کە هەموو جەور و جەفایە[2]

---

عیباداتی کە هەموو درۆ و ڕیایە و لەنێو داوی هەڵەدا تێکەوتووە.
واتا: سۆفی ساڵێکە ئیمانی لە گرێو ناوە بۆ ماچێکی کەچی شوکر نەیدایە.
1. سەفایە(ە): سەنایە.
واتا: ئەی زاهیدی بێ هونەر بەرگریم لێ مەکە کە پەسنی گوڵی خۆم دەدەم گوڵغونچەکەی من لە سەفا و جوانییەوە گیراوە و لێی هاتووە.
واتا: گەرچی بە تەمەن منالّی بەلاّم ئەقلّت شوکور تەواوە. لەوە کەرە بە شەق هەڵدە کە هەر ڕێک بەڵایە.
2. ئامالی ڕەقیبت(ج، د): ڕاماڵی ڕەقیب.
واتا: شکوری خودا بەجێ بێنە حەریق کە ئاواتەکانی ناحەزت هەموو هەر زوڵم و زۆرە.

## 13

سەری هەر موو زوبانی شوکرە یا دەستی تەمەننایە
دوعای پەیوەستە بۆ حەبلولمەتینی عومری ئاغایە[1]
بە عەقڵی مووشکاف و تەبعی حیکەمتبافی هەر وەسساف
دوتای ڕیشتەی سەنا بۆ حوسنی نەزم و دوڕڕی یەکتایە[2]
بەڵێ ئەجزا هەموو پێوەند و بەستەی ئولفەتی کوللە
قووای ئەعزای بە سەرداری ڕەئیسی کوللی ئەجزایە[3]
دوعاگۆ و چاکەر و فەڕڕاش و نازر جوملە مەنزوورە
لەسەر خوانی عەتای ئیحسان و بەزلی ئەو موهەییایە
سەرئامەد بۆ ئەدەب وەک عەقڵ و جوود و سیڕڕی مەخفی بوو

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم شێعرە لە نوسخەکاندا نییە، لە کتێبی (ه)دا دەرهاوێژراوە و تەنیا لە کتێبەکانی (ج، د)دا بە هەڵە و پەڵەوە چاپ بووە. بۆ ساغکردنەوەی ئەم غەزەلە، بەداخەوە هیچ نوسخەیەکی دیکەمان لەبەر دەست نەبوو بۆیەش بە شێوەی قیاسی هەندێک شوێنی ساغ کراوەتەوە کە ئاماژەیان پێ دەکەین.
واتا: هەر سەرەموویەکی لەشم، زمانە بۆ شکور کردن یان دەستە بۆ داواکاری یان دوعایەکی دوابەدوای یەکە بۆ تەناقی قایمی تەمەنی ئاغاکەی خۆم.
2. سەنا(ج، د): فەنا.
واتا: بە عەقڵی مووقەڵەشێو و تەبعی حەکیمانەی هەر پەسنبێژێک، تاڵە دەزووی دووجار بادراوی ستایش و سپاس بۆ ئەوەیە کە جوانی نەزم و گەوهەری شێعری تێ هەڵبکێشم.
3. دێڕی یەکەم لە (ج، د)دا: بەڵێ هەموو پێوەند و بەستە و ئولفەتی کوللە.
واتا: بەڵێ پاژەکان هەموو گرێدراوی ناسیاوی لەگەڵ گشتەکەن. هەموو وجوودی بە سەرداری و گەورەیی، ڕەئیسی هەموو بەشەکانە.
واتا: مەبەست لە پاژ هەموو دوعاگۆ و نۆکەر و خزمەتکار و ئەوانەن کە لەسەر سفرەی بەخشش و خێری ئەو حازر و ئامادەن.

تۆمەز ئیسمی لەگەڵ هەر سێ موافق یەک موسەممایە[1]
بە پەنجەی نەوبەتی سەردار ئەگەر بەحری گەرم دەرهات
دەڵێ دەریا وەجۆش هات و کەفی کرد لەو موعەممایە[2]
لەپاش مەوج و تەلاتوم تێ گەیی حەرفی حیسابم وت
تەماشای کرد لەگەڵ میللەت وەکوو بەحری کەرەم وایە[3]
بە نۆشی عەدلی تەلعەت یۆسفی میسری عەزیزانە
بە پێشی قەهری، سەیفەددین و سەیفوڵڵایی ئەعدایە
هەزار ڕەحمەت لە ڕووحی پاکی ئەو ئابا و ئەجدادە
کە ئەولادی وەکوو ئەجدادی خۆی هەمعەدڵ و هەمڕایە[4]
دوعام کرد سیلسلەی ئەم ئەسڵ و فەرعە هەر موسەلسەل بێ
جوابم بیست دوعای زنجیری عەدڵت حوکمی مومزایە[5]

---

1. ڕەنگە مەبەستی لەم بەیتە و دوو بەیتی دواتر، سازکردنی مەتەڵێک بێت بەڵام بۆمان ساغ نەبۆوە.
واتا: پێشڕەوی ئەدەب بوو و وەکوو عاوەز و ڕاز و کەرەم بە شێوەی شاراوە هەبوو. گۆیا ناوەکەی لە هەر سێکیان دەیخوێنێتەوە و یەک نێوە.
2. دەڵێ(د): دڵی. * دەریا وەجۆش هات(ج، د): دەریا و جۆشی هات.
واتا: ماناکەی بۆمان ڕوون نییە.
3. تێگەیی(ج، د): تیکی.
واتا: لەپاش شەپۆل و گێژدان، تێگەیشت قسەیەکی باشم وتووە. کە چاویشی لێ کرد لەگەڵ میللەت دیتی وەکوو دەریای کەرەم وایە.
واتا: بە نۆشاوی دادگەری، تاقانە یۆسفی میسری عەزیزانە و بە گەرمای تووڕەییشی شمشێری دین و سەیفوڵڵای دوژمنەکانە.
4. دێری دووهەم لە (ج، د)دا: کە ئەولادی وەکوو ئەجدادی عەدڵ و هەمڕایە، لەنگە.
واتا: لە ڕووحی پاکی باو و باپیرانی هەزار ڕەحمەت بێ کە ئەولاد و منداڵیان وەکوو خۆیان دادگەر و هاوڕێگایە.
5. دێری دووهەم لە (ج، د)دا: جوابم بیت دوعای زنجیری عەدڵت حوکمی مومزایە.
مومزا و مومەززا هەردووکیان ناوی بەرکار(مەفعوول)ن بەڵام لە دوو

لەبەر شیرینی پەیوەندی نەیستانی عەزیزانم
کەلامم فایقە و وەک نەیشەکەر، شەهدی موهەننایە[1]
ئەگەرچی ئەمتیعەی فکرم لەبەر چاوم بە ئاودا چوو
دڵم غەوواسی جەزبی گەوهەری دەریایی مەعنایە[2]



بابی جیاوازدا.
واتا: پاڕامەوە کە زنجیرە ئەم بنەماڵە بە ئەسڵ و فەرعەوە هەر درێژەی بێت. جوابم بیستەوە دوعای زنجیری دادت، عوکمێکی ئیمزاکراوە و هەروا دەبێت.
1. (ج، د): لەبەر شیرینی پێوەند نیەستا عەزیزان، کەلامم فایقە و وەک نەیشەکەر شەهد و منایە.
واتا: لەبەر شیرنایی پێوەندی لەگەڵ ئەو عەزیزانەیە کە باڵایان وەکوو نەی وایە، قسەکانم شرینابیان لێ دەچۆڕێ و وەکوو هەنگوینی شیلەدار وایە.
2. نزیکە لە واتای ئەم بەیتەی ئیبنویەمینەوە:
گر بدستان بستد از دستم فلک، دیوان من
شکر ایزد کانکە او می ساخت دیوان، با منست.
واتا: ئەگەرچی بەهۆی چاومەوە، کاڵای فکرم بە ئاودا چووە بەڵام دڵم هێشتا لە دەریای مەعنادا مەلەوانە و گەوهەری چاک دەدۆزێتەوە.

## 14

له قەیدی زەید و عەمرا نیم و دڵ پابەستەیی تۆیە
له هەر وەقتێ ڕەها بێ پێ دەزانم ڕەستەیی تۆیە[1]
دەبێتە ئیفتیرا و بوهتان ئەگەر نیسبەت بە غەیری دەم
بە هاژەی زولفەکەت زانیومە مارانگەستەیی تۆیە[2]
سەراسەر ڕەخنەیی چاوم نیشانەی تیری موژگانە
لەلای خۆی چەشمەسار و سەبزەیی نەوڕەستەیی تۆیە
حوبابی ئەشکی حەسرەت بۆتە فینجانی سەر و سینەم
له هەر جێ دەستەگوڵ لێدەن دەڵێن گوڵدەستەیی تۆیە[3]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم شاغەزەلە لە نوسخەی (ئەلف)دا نییە بەڵام لە سەرەتای نوسخەی (ب)دا بە خەتتێکی جیا لە خەتتی سوڵتان زۆر وردبینانە نووسراوەتەوە.
وەقتێ(ج، د، ه): وەختێ. ڕەستەیی(ه): ڕستەیی، هەردووکیان دروستن.
قەید: بەند، زنجیر، بەسراوە. زەید و عەمر: دوو نێون لە تەرکیباتی نەحویدا بۆ میسال هێنانەوە بەکار دەبرێن بۆ نموونە: ضَرَبَ زَیدُ عَمراً.
واتا: کارم بەسەر ئەم و ئەوەوە نییە و دڵم پابەستەی تۆیە. لە هەر کاتێک ڕزگار بێ ئەوە ڕێک دەزانم لەبەر تویە یان لە داوی تۆدایە کە ڕزگارە.
2. بوهتان(ج، د، ه): بوختان. بە غەیری(ه): وەغەیری. بە غەیری(ج، د): غەیری. زانیومە(ه): زانیم کە.
واتا: دڵم کە مارانگاز بووە دەبێتە بوختان ئەگەر بڵێم لەبەر کەسێکی دیکە بووە نا لەبەر تۆیە و بە هاژەی ماری زولفەکەت زانیومە کە پێوەدراوم و مارانگاز بووم.
واتا: چاوم هەمووی نیشانەی تیری موژگانە بۆیە کون کونە و ئاوی فرمێسکی پێدا دێ. وەکوو کانیاو و چیمەنی گوێ ئاوی تازەشین بووی تۆی لێ هاتووە.
3. لە هەر جێ دەستەگوڵ(ج، د، ه): لە جێی دەستەگوڵی.
واتا: حوبابی فرمێسکەکانی حەسرەتم درشت و گەورە وەک فینجان وان بەسەر سەر و سینەمەوە، دەستەگوڵ لە هەر جێیەک دابنێن دەڵێن ئەوە گوڵدەستە و منارەی تۆیە.

گڵێ بێنی بەسەرما کەی، گوڵێ بێنی بەسەرما کەی
غەم و شادی سەراپا هەرچی بێ وابەستەیی تۆیە
دڵم شیشەی شەڕابی ڕووتە سرکەی غەیری گەر تێ کەم
گوڵاویش بێ گڵاو بێ، شیشە چون سەربەستەیی تۆیە[1]
شکەستەی دەستوبەستە، چاوەکەم! جەبری لە ئەستۆتە
مەڵێ کەسرە بە شانم چون شکەستە و بەستەیی تۆیە[2]
تەنابی زولفەکەت لادە، خەیابانی خەیاڵم ڕاست
بە باڵای سەروی مەوزوونی قەدی بەرجەستەیی تۆیە[3]
ئەتیببا حوببیان مەسموم و دانەی حەببیان پووچە
ئەوەی مەغزێکی بێ؛ ئەمر و دەهانی پستەیی تۆیە[4]

---

واتا: گوڵ ئەگەر بێنی بەسەرمدا بکەی یا گڵ، چ لە شادی و چ لە غەمدا، هەمووی هەر بە هۆی تۆوەیە.

1. گوڵاویش بێ گڵاو بێ(ه): گوڵاویش بە گڵاو بێ. شیشە(ج، د): شووشە. سەربەستە(ج، د، ه): بەربەستە.

واتا: دڵم شوشەی شەڕابی ڕووی تۆیە ئەگەر سرکەی باسوخاسی کەسانی دیکەی تێ کەم، تەنانەت ئەگەر گوڵاویش بێت گڵاو وبۆگەن دەبێ چون شووشەکە بە سەر بەسراوی ئی تۆیە و بەس.

2. دەستوبەستە: دەستوبەستەی(ب)، دەستبەستە(ه)، دەستبەستەی(ج، د) *

لە ئەستۆتە(ج، د، ه): لەلای تۆیە.

واتا: دەستی شکاو و بەسراوی من ناچاوری بخەیە سەر شان و وە ئەستۆی بگری چون لەبەر تۆ شکاو و بەسراوە کە بکەوێتە گەردنت کەوایە مەڵێ کەسرە بۆ شانم.

3. تەنابی(ج، د، ه): تەنافی. سەروی مەوزوونی قەدی(ه): سەروی مەوزوون و قەدی.

واتا: زولفی وەکوو تەنافت لابدە، خەیاڵی من کە خەیابانێکی ڕاستە، وەکوو باڵای تۆ مەوزوون و ڕێک و پێکە.

4. حوببیان(ه):جەببیان. * ئەوەی مەغزێکی بێ: ئەمر و دەهانی پستەیی تۆیە(ج، د، ه): ئەوە مەغزێکە بێ ئەمر و دەهانی بەستەیی تۆیە، ئەمر و بەشێوەی ئەمڕۆ-ش دەتوانین بخوێنینەوە کە خشتەکە ئاوای لێ دێ: ئەوەی مەغزێکی بێ ئەمڕۆ دەهانی پستەیی تۆیە.

واتا: پزیشکان نەجاتدانیان، ژاراوی و دەنکی حەبەکانیان پووچە، ئەوەی

به ئومێدی دەوا بۆ لەززەتی دەردێ، دڵم دەردێ
دەزانم چون گوسەستەی تۆ هەموو پەیوەستەیی تۆیە
ئەگەر دەردت نەدایە نیسبەتت چۆن دەبوە دەرمانم
کە هەر کەس بێ بڵێ قوربان «حەریقی» خەستەیی تۆیە[1]

ناوەرۆک و ناوکێکی بێ ئەمرکردن و زاری بچووکی وەک پستەی تۆیە.
واتا: بە هیوای دەوا بۆ چێژی ژانێکم دڵم خەریکە دەردەچێت.چاک دەزانم کە ئەوەی لێشت جودایە پێوەندی هەیە بە تۆوە.

1. نەدایە، بێ، بڵێ(ە): نەبایە، دێ، دەڵێ.
واتا: ئەگەر ئازارت نەدابایە ئەوەی کە لەگەڵ تۆ نیسبەتم هەیە چۆن دەبووە هۆی چاکبوونەوەم نەتدیوە هەرکەس دێ باسم دەکا و دەڵێ حەریقی قوربان لەبەر تۆ ماندوو و هیلاکە.

## پیتی ت

**3**

ئەی دڵ وەرە شادی کە لەبۆ بەزمی ویسالت
وا دیومەتەوە دڵبەرەکەی تازەنیهالت[1]
موددێکە کە ئەی بولبولی گۆشەی قەفەسی غەم
فەسڵت بووە لەم گوڵبەدەمەی نەوخەت و خاڵت[2]
خامۆش و نمەدپۆش و موجەڕڕەد لە عەلایق
نەمبیستووە ئاوازی دەمی تفڵی مەقالت[3]
سا، هەڵسە لە شوکرانەیی ئەم موژدەیە ئەی دڵ
ئامادە کە ئەسبابی تەرەب ویسعەتی حاڵت
فەرشی غەزەلت ڕاخە لەنێو حوجرەیی دڵدا
«فەخرولعولەما» بێنەرە دیوانی خەیاڵت[4]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ( هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف )

واتا: ئەی دڵ وەرە شاد بە لەبەر بەزمی دیداری یارت، وا دیتوومەتەوە دڵبەرەکەی تازەلاوت.

2. موددێکە(ج، د): موددەیێکە. بولبول، ئیستعارەیە لە خودی شاعیر.

واتا: ماوەیێکە کە ئەی بولبولی گۆشەی قەفەسی غەم، جودا ببوویتەوە لەو گوڵبەدەمەی نەوخەت و خاڵت

3. نمەدپۆش: لبادلەبەر. * موجەڕڕەد: بەدوور، خاڵی. * مەقال: دوان، وتاردان، قسەکردن.

واتا: بێدەنگ و لبادلەبەر و دوور لە عەلاقەکانت، گوێم لە گۆرانی دەمی وتارە جوانەکانت نەگرتووە.

واتا: دەیجا ئێستا لە شوکرانە ئەم مزگێنییەدا، هەستە و کەرەستەی خۆشی بەپێی توانایی و بۆ کرانەوەی حاڵت حازر بکە.

4. بێنەرە(ج، د): بنێرە.

بۆ پێشکەشی ڕێی عەد بکە ئەوسافی جەمیلی
خەرجی کە لەڕێی دەعوەتی ئەودا سەروماڵت[1]
حەددم چییە عەددی بکەم ئەوسافی جەمیلی
مردووت مرێ کرماجی لەبۆ عەقڵ و کەماڵت[2]
زاتێکە موبەڕڕایە لە ئەنواعی نەقایس
ئیتر چ دەڵێی دەرحەقی، مەفقوودە مەجالت[3]
پێی بێژە لەبۆ شەوکەتی تۆ، فەخری زەمانە!
پابووستە ئەرز و فەلەکیش چەتری جەلالت[4]
شایستەیە شەئنت کە ڕەئیسولعولەمایە
ڕێم ناکەوێ، حەددی نییە تەعدادی خیسالت[5]

---

فەخرولعولەما: باوکی سەیدحەسەنی شێخولئیسلامی و باپیری م. هێمن بووە کە لە ساداتی چۆڕن.
واتا: فەڕشی غەزەلت ڕاخە لەنێو حوجرەی دڵتدا و فەخرولعولەماش بانگهێشتی دیوانی خەیاڵت بکە.
1. خەرجی کە(ج، د): خەرج کە.
واتا: ببژێرە سیفاتە جوانییەکانی لەپێناو هاتنی دا و سەروماڵت لە ڕێیدا دابنێ
2. کرماجی(ج، د): کرمانجی. * عەد کردن: ژماردن.
واا: من کوا حەددی ئەوەم هەیە سیفاتە جوانەکانی بژمێرم، مرددوت مرێ کرمانج بۆ ئەقڵ و کەماڵێک کە هەەت.
3. مەجالت(ج، د): خەجاڵت. * موبەڕڕا: بەری بوون. * نەقایس: کۆی نەقیسە. * مەجال: دەرفەت.
واتا: زاتێکە ئەو لە هەرچی هەڵە و نوقستانییە بێبەرییە، ئیتر چ دەڵێی لە حەققیدا دەرفەتت و مەجالیت نییە.
4. جەلالت(ئەلف): جەماڵت.
واتا: پێی بڵێ ئەی مایەی شانازی زەمانە و دەوران، لەبەر شکۆی تۆ، ئەرز ماچکەری پێتە و ئاسمانیش چەتری گەورەیی بۆ ڕاگرتووی.
5. حەددی(ب، ج، د، ە): حەددم. * شایستەیە(ج، د، ە): شایستەیی. * شەئنت(د، ە): شانت.
واتا: شان و شکۆت شیاوە کە گەورەی زاناکانە و من ڕێم ناکەوێ باسیان بکەم بەڕاستی لە ڕادەبەدەرن خیسالە باشەکانت.

تا ڕۆژی قیامەت لە جەلالا بێ، جەلالت
نەی بینێ ئیلاهی چ بەشەر ڕۆژی زەوالت[1]
پەڕوازی نییە بولبولی دڵ بۆ تەڕەفی گوڵ
تا دیویەتی پەروانە سیفەت شەمعی جەماڵت
مەقبووڵە لەلای فەخری جەهان، شێعری «حەریقی»
چت پێ هەیە ئەی موددەعی بێ بیکە سوئالت[2]

---

1. لە جەلالا بێ(ج، د): لە جەلالدا بێ. * جەلالت(ە): جەلالی.
واتا: تا ڕۆژی قیامەت جەلال و شکۆت لە بەرزی و شکۆمەندیدا بمێنێتەوە. یاخودا هیچ کەس ڕۆژی لەناوچوونت نەبینێ.
واتا: بولبولی دڵ هەڵنافڕێ بۆ لای گوڵ، تا شەمی جوانی تۆی دیوە و دەزانێ کە دەتوانێ لە دەوری بسووڕێتەوە وەک پەروانە.
2. جەهان(ە): زەمان.
واتا: لەلای شانازی دنیا، شێعری حەریق وەرگیراو و قەبووڵ کراوە. ئەی ئەو کەسەی کە دیعایەت هەیە هەرچی دەتەوێ وەرە و پرسیار بکە لێی.

# 1

قوربان وەرە قوربانە، سا بمکە بە قوربانت
ڕەنگین کە بە خوێناوم کاکۆڵی پەرێشانت[1]
ئازادییە ئەم ڕۆژە، سا فەرموو بە ئازانە
تیرت لە کەمانت خە بۆ قەتڵی شەهیدانت
جێژنانەیی من ڕووحە کردوومە بە قوربانت
تۆش ماچێ کەرەم فەرموو لەو سێوی زەنەخدانت[2]
تفڵی دڵی بێچارە موددێکە گرفتارە
غەمخواری دلازارە بۆ ناوەکی موژگانت[3]
ڕووح و دڵ و دین هەر سێ مەجمووع بە یەکدەفعە
قوربانی سەعاتێکی لەعلی لەبی مەرجانت
مەقسوودی من ئیزهارە بۆ ئەمسیلەیی مەدحت

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن(هزج مثمن اخرب)
خوێناوم(ە): خوێناوە.
واتا: قوربان ئەوا جێژی قوربانە و وەرە لە جێی قوربانی من بکووژەوە و بە بە خوێناوم کاکۆڵی سەر و قژی بژت، ڕەنگین بکە.
واتا: ڕۆژ، ڕۆژی ئازادییە، سا وەرە و ئازایانە، تیرت بخە کەمانەوە و منی پێ بکووژەوە تا لە ڕێتا شەهید بم.
2. من(ە): مە. * زەنەخدان: چەناگە.
واتا: من ڕووحم هێناوە بۆ قوربانی جێژنە و تۆش ماچێکم بدەیە لە چەناگەی خڕ و کاڵی وەکوو سێوت.
3. موددێکە(ج، د): موددەییێکە. * ناوەک(ج، د، ە):ناوک. * ناوەک: تیری بچکۆڵە.
واتا: دڵی بێچارە و منداڵم ماوەیەکە گرفتار و گیرۆدەیە، بۆ تیری برژانگەکانت خەمخۆر و لە ئازاردایە.
واتا: ڕووح و دڵ و دینم هەر سێکی پێکەوە بە قوربانی سەعاتێکی لێوی سووری وەکوو لەعلی مەرجانی تۆ بێ.

بۆ توحفەیی ئەوسافی ئەزهاری گوڵستانت[1]
ئەی خوسرەوی پەروێزم، شیرینی شەکەرڕێزم
فەرهادی دڵی کوشتم چاوی ڕەشی فەتتانت[2]
مومکین نییە تەقسیمی زەربی عەدەدی زەخمت
مینها کە لە تەقسیمە، زەربی خەمی چەوگانت[3]
دڵ تالیبی ڕوخسارت، جان تالیبی گوفتارت
فرزەندی خیرەد ڕۆیی بۆ لەعلی بەدەخشانت[4]
بۆستانە کەناری دڵ بۆ نەخلی قەدت قوربان
دیدەم وەکوو ڕووبارە بۆ سەروی خەرامانت

---

1. ئەوسافە(د):ئەوساف و. * ئیزهار: نیشان دان، ڕانان، بەسەر زاردا هێنان. * ئەمسیلە: نموونەکان. * ئەزهار: گوڵەکان. * توحفە: دیاری، دەگمەن، گرانبایی. * ئەوساف: کۆی وەسف.

واتا: مەبەستی من ڕانانی نموونەگەلێکە لە وەسف و پەسنی تۆ، گوڵەکانی گوڵستانت، نموونەیەکن لە باشییەکانت.

2. شەکەرڕێز(ه): شەکەرڕێژ. * شەکەرڕێز(ج، د): شەکرڕێز.

لەنێوان شیرین و خوسرەو و فەرهاددا تەناسوب هەیە.

واتا: ئەی خوسرەوپەروێز و پاشای من، ئەی دڵداری وەک شیرینی لێوانلێو لە شەکرم، چاوی ڕەش و فیتنەگێڕی تۆ، دڵی وەکوو فەرهادی منی کوشت.

3. لە تەقسیمە(ه): لە تەقسیمدا.

تەقسیم، زەرب، عەدەد و مینها سەر بە زانستی بیرکاری(ڕیازی)ن و ئیهامی تەناسوبیان هەیە.

واتا: زەربی ژمارەی زامەکانی تۆ دابەش ناکرێ کاتێک، نامەوێ لە زەبری خەمی چەوگانی زولفت بەشی کەس بدەم.

4. بۆ لەعلی بەدەخشانت(ج، د): بدو بدخشانت. * خیرەد: ئاوەز.

بەدەخشان: ناوی ناوچەیەکی کوێستانییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستانی ئێستادا کە لەبەر لەعلەکەی بەناوبانگ بووە.

واتا: دڵ خوازیاری ڕوخسارت و گیان ئاواتەخوازی وتاری تۆیە، منداڵی هۆش و بیریشم بە دوای لێوی وەکوو لەعلی بەدەخشانی تۆدا ئاوارە بووە.

واتا: کەناری دڵم بێستانە بۆ دارخورمای قەد و باڵات و وەکوو ڕووبار چاوم ئاوی پێدا دێ لەبەر سەوڵی ئەو باڵایە.

واتا: قەڵای دڵی من، بەرنیشانەی تیری تۆیە و سینگم وەکوو سەحرا وایە کە تۆ خۆتی تێدا نمایش بدەی.

قەلعەی دڵەکەم قوربان نیشانەیە بۆ تیرت
سینەم وەکوو سەحرایە، بۆ جیلوەیی مەیدانت
بەو چاوە کەوا مەستە، دڵ سستە سەرم مەستە
ئەم ئەبرووە پەیوەستە، بۆ قەتڵی موحیببانت[1]
تەنها کە «حەریق»م من بۆ شەمعی شەبوستانت
مەمکووژەرەوە توخدا، سا تۆ، بە ڕەقیبانت[2]

1. بەو چاوە(ە):بۆو چاوە. * بەو چاوە(ج، د): بۆ چاوێ. * ئەبرووە(د): ئەبروویە.
واتا: بەو چاوە مەستەت دڵم سستە و دەلەرزێ و سەریشم مەست بووە، برۆی پەیوەستی تۆش کافییە بۆ کوژتنی ئەوانە خۆشیان دەوێی.
2. حەریقم(ج، د): حەریقی. * توخدا(ج، د): توخوا. * مەمکووژەرەوە(ە): مەمکووژە وەرە. مەمکووژەرەوە(ئەلف): مەمکووژەوە.
واتا: من کە تەنها حەریق و ئاگرێکم بۆ شەمی شەبوستانت توخودا بە ناحەزەکانت مەمکووژێنەرەوە و خامۆشم مەکە.

## 3

ئەم خوسرەوی خووبانە کەوا دێتە نەزارەت
شیرینە ئەگەر دڵ بڕفێنێ بە ئیشارەت [1]
ئیسمێکی شەریفی هەیە مەنعە لە تەسەرڕوف
جیسمێکی لەتیفی هەیە لایق بە سەدارەت[2]
نەقدی دڵ و ڕووحم هەیە بۆ موژدە لە ڕێیدا
زۆر لایق و شایستەیە بیدەم بە بەشارەت[3]
میوەی ئەمەلم کاڵە بە دوو چاوەیی کاڵی
کاڵایی خەیاڵم هەموو ڕۆییوە بە غارەت[4]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ( هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف )
لە وشەی "شیرین"دا ئیهامی تەناسوبی هەیە.
واتا: ئەم جوانی جوانانە کاتێک لێت دەڕوانێ، زۆر شیرنە ئەگەر بە ئیشارەیەکی چاوەکانیشی دڵت بڕفێنێ.

2. شەریف: بێگەرد. * سەدارەت: سەرۆکایەتی. * بەشارەت: مزگێنی. * مەنعە لە تەسەرڕوف: زاراوەیەکە لە زانستی نەحوی زمانی عەرەبیدا، ئەو ناوانەی غەیرەمونسەریفن، کەسرە و تەنوینیان ناچێتە سەر وەک عومەر یا یۆسف، بێگومان، مەبەستی شاعیر، پیری مرادی خۆی، شێخ یۆسفە.
واتا: ناوێکی پاکی هەیە کە ناکرێ داگیری بکەی و بیگۆڕی، لەش و لارێکی نەرم و نیانی هەیە کە شیاوی سەرۆکایەتییە.

3. بەشارەت(ج، د): ئیشارەت.
واتا: دڵ و ڕووحم حازر و لەبەردەستە تا پێشکەشی ڕێی بکەم، ئەو شیاوی ئەوەیە کە لە مزگێنیدا دڵ و ڕووحمی بدەمێ.

4. کاڵە(د): تاڵە. * چاوەیی(ج، د): چاوی. * لەنێوان دوو وشەی کاڵدا هاوشێوەی تەواو و هەروەها لەنێوان کاڵ و کاڵادا هاوشێوەی دوازێدەیی(موزەییەل) هەیە. کاڵایی دەتوانین بە شێوەی کاڵای-یش بخوێنینەوە.
واتا: میوەی ئاواتم کاڵن لەبەر کاڵی چاوەکانی یان لەبەر کاڵی کانی چاوی،

لەو وەقتەوە، تەخفیف کرا ئیسمی شەریفت
من سووکی لەلام بۆتە نیهایاتی وەزارەت[1]
نوقتەی دەهەنت وا دڵی هێناوەمە تەنگی
جێگایی خەیاڵێ نییە بۆ فیکری بەکارەت[2]
تۆ ساحیبی ئەم چاهی زەنەخدانە بی قوربان
سەد یۆسفی کەنعانی دەبێ بێتە زیارەت[3]
باکم نییە لەو خەنجەرە دەیکەی بە کەمەردا
شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بە ئیشارەت
شەیتانی ڕەقیب دوشمنمە بۆیە کە ڕەحمان
ڕەحمی نییە بۆ حاڵی دڵی پڕ لە مەرارەت[4]

---

کاڵای خەیاڵیشم بەم هۆیەوە هەمووی تاڵان کراوە.

1. لەو وەقتەوە(ج، د، ە): لەو وەختەوە. * نیهایاتی(ج، د): نیهایات. * تەخفیف: سووکەڵە کردن وەک چۆن ناوی یۆسف لە کوردیدا دەکرێتە وسوو، دیارە مەبەستی ناوی شێخ یۆسف، پیری مرادی خۆیەتی. * نیهایات: کۆی نەهایەت؛ ئەوپەڕ، کۆتایی.

واتا: لەو کاتەوە بە سووکی ناوتیان بردووە، من سووکی لەلام بۆتە ئەوپەڕی ڕێز و گەورەیی.

2. جێگایی دەکرێ بە شێوەی جێگای-ش بخوێنینەوە. بەکارەت: نوێ، دەکارنەکراو.

واتا: زاری وەکوو نوقتە بچووکت وەها دڵی تەنگ کردووم و وەها دڵی بە تەنگی وێک هێناومەتەوە کە جێگای خەیاڵێکی نابێتەوە بۆ بیرێکی تازە و فکر لێ نەکراو.

3. دەبێ بێتە(ج، د): دەی بەیتە. * یۆسفی کەنعانی تێلنیشانێکە بۆ ئەو چیرۆکەی حەزرەتی یۆسف کە براکانی بە منداڵی خستیانە ناو بیری کەنعانەوە.

واتا: تۆ خاوەنی ئەم چاڵی چەناگەیە بی قوربان، سەدی وەکوو یۆسف کە خۆی لە چاڵدا بووە دەبێ بێنە زیارەتت.

واتا: لەو خەنجەرە ناترسم بە کەمەرتا هەڵت واسیوە، چونکە شیری برۆت مکە جەرگی بە ئیشارەت بڕیوم.

4. مەرارەت(د): حەرارەت. * مەرارەت: تاڵی. * شەیتانی ڕەقیب: ئیزافەی تەشبیهی هەڵگەڕاوەیە.

ئەم غەزەلە ناتەواوە و لە (ئەلف، ب) و (ج، د، ە)دا ئەمە بەیتی

چاوت وەکوو شیشەی مەیە، خۆت بادەفرۆشی
ڕووحی بەنی ئادەم دەکڕی بێیتە تیجارەت[1]
تالیب مەبە بۆ لەفزی بەبێ مەعنی «حەریقی»
تەجنیس و لەتافەت بخەرە بەستی عیبارەت[2]

---

دوایینەکەیەتی. مامۆستا زێوەر، پێنج خشتەکییەکی لەسەر ئەم غەزەلە داناوە کە حەوت بەندە و لە کەشکۆڵی (و)، لاپەڕەکانی ٧٥ و ٧٦ دا هاتووە. بۆ ئەوەی جیاوازییەکان وەدیار بکەوێ، دوابەدوای ئەم غەزەلە، پێنج خشتەکییەکەی مامۆستا زێوەریش دادەنێم.

واتا: ڕەقیبی وەک شەیتان دوژمنی منە بۆیە خودای ڕەحمان و بە ڕەحم، ڕەحمی بە حاڵی دڵی پڕ لە تاڵیی مندا نایەتەوە.؟؟؟

1. دوو بەیتی کۆتایی ئەم غەزەلە لەڕووی (و) نووسراوەتەوە و بێجگە لە دیوانەکەی مامۆستا زێوەر، لە هیچ کام لە سەرچاوەکانی دیکەدا نییە. خشتەی دووهەمی ئەو بەیتە بەم شێوەیەش دەتوانین بخوێنینەوە: ڕووحی بەنی ئادەم دەکڕێ بێتە تیجارەت.

واتا: چاوی تۆ وەکوو شووشەی بادە جوانە، خۆشت مەیفرۆشی، بۆ ئەم تیجارەتەش مرۆڤ پێویستە ڕووحی بدا بۆی.

2. تەجنیس: هێنانەوە و ڕیزکردنی ئەو وشانەی کە لە ڕواڵەتدا زۆر وەیەک دەچن.

لەتافەت: کۆی ئەو سەنعەتە ئەدەبییانەیە کە دەبنە هۆی ڕازاندنەوە و جوانترکردنی شێعر. تەجنیسیش لە خۆ دەگرێت واتە لەتافەت ناوێکی گشتییە بەدوای ناوێکی تایبەتدا، من وای بۆ دەچم کە ئەم وشەیە لەتافەت نەبێت و تەناسوب بێت، چونکە مامۆستا حەریق یەگجار زۆر هەم لە تەجنیس کەڵکی وەرگرتووە و هەم لە تەناسوب.

واتا: خوازیاری لەفزی بێ مانا مەبە حەریقی، بۆ پەرەپێدانی ڕستەکانت، کەڵک لە تەجنیس و لەتافەت وەربگرە.

**پێنج خشتەکی "زێوەر" لەسەر غەزەلی ژمارە (٣)ی پیتی (ت)**

{جَمراتُ هَوی الوصلِ عَلی القلبِ إنارت}
الشمسُ مِنَ الخِجلةِ بالحُجبِ تَوارت} }
فەرهادسیفەت کەوتمە ناو ڕەنج و مەرارەت
ئەم خوسرەوی خووبانە کەوا دێتە نەزارەت
شیرینە لەلام دڵ دەڕفێنێ بە ئیشارەت

لوقمان بە نیگاهی وەکوو دێوانەیە حاڵی
هەر لەحزە دەڕۆم و دەچمە دەرگەهـ و ماڵی
ئەفگار و خەیاڵی لە دڵم سەند خەت و خاڵی
میوەی ئەمەڵم کاڵە لەبەر دیدەیی کاڵی
کاڵایی خەیاڵم هەموو داناوە بە غارەت

سەد تاجری دین خۆی لە زەرەر داوە لە دەرتا
بەستراوە دڵی موئمین و کافر لە کەمەرتا
سەودایی شەڕ و شۆرە لەگەڵ ئێمە لە سەرتا
باکم نییە لەو خەنجەرە کردووتە بە بەرتا
شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بە ئیشارەت
بۆ تۆیە موسەڵڵم لە جیهان شاهیی خووبان
داماوە لە تەسویر و سەنات مانی و سەحبان
مومکین نییە ئەم سووڕەتە تەرکیبی لە ئینسان
تۆ ساحیبی ئەم چاهـ و زەنەخدانەیی قوربان
سەد یۆسفی کەنعانی دەبێ بێنە زیارەت

دەریایی خەیاڵم کە وەکوو دیجلەیە جۆشی
نوتقم کە وەکوو ڕەعدی بەهار[ان]ە خرۆشی
غەمزە و نیگەهت خستمیە بەحری خەمۆشی
چاوت [کە] وەکوو شیشەی مەیە خۆت بادەفرۆشی
ڕووحی بەنی ئادەم دەکڕێ بێتە تەجارەت

کەشتی ئەمەلم کەوتەوە تۆفانی تەئەسسوف
نایێ بەسەرمدا کەڕەتێ بادی تەلەتتوف
مەنعی نییە گەر نایەتە لای من بە تەکەللوف
ئیسمێکی شەریفی هەیە مەنعە لە تەسەڕڕوف
جیسمێکی لەتیفی هەیە قابیل بە سەدارەت

«زێوەر» وەرە گەر تالیبی ئەفگاری دەقیقی
لادە لە مەجازی وەرە سەر عیشقی حەقیقی
بێ فائیدە لەم نەوعە خەیاڵانە غەریقی
تالیب مەبە بۆ لەفزی بەبێ مەعنا «حەریقی»
تەجنیس و لەتافەت بخەرە بەستی عیبارەت[1]

1. هەروا کە لە ژێرنووسی غەزەلی ژمارە سێدا باسم لێوە کرد، مامۆستا زێوەر پێنج خشتەکییەکی لەسەر ئەم غەزەلە داناوە کە من لەڕووی (و) نووسیومەتەوە. جێی ئاماژەیە کە لە خودی دیوانەکەی مامۆستا زێوەردا، لەسەر ئەرکی مەحموود زێوەر، چوار بەندی لە لاپەڕەی ٣٣دا بە ناوی خودی زێوەر و سێ بەندیشی لە لاپەڕەی ٢٩٠دا بە ناوی پێنج خشتەکی زێوەر لەسەر شێعری مەلاساڵحی حەریق چاپ کراوە. هەڵبەت لە دیوانەکەدا، ڕیزی بەندەکان بەم شێوەیە نییە و هەندێک جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەم دەقەی ئێرە. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بڕواننە: دیوانی زێوەر، ساغکراوەی مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، لاپەڕەکانی ٣٣ و ٢٩٠.

## 4

تاریکە دڵم ڕەوشەنیی شەمسی هیدایەت
نوقتەی دڵەکەم مەبدەئی هاتۆتە نیهایەت [1]
ڕۆژم وەکوو شەو وایە بەبێ شەمسی جەماڵت
سوبحی ئەمەلم چاوەنوارە لە عینایەت[2]
نامەی عەمەلم ڕووڕەشە، وەک سەفحەیی قەلبم
غەیری ڕەشی ڕەنگی نییە خۆش حاڵ و حیکایەت
ئاهێکی جگەرسۆز و نیگاهێکی دڵەفرۆز
با بێ لە تەڕەف تۆوە بە تەئسیر و سیرایەت[3]
بەرقی بە ڕقی دوشمنی دین، مونکیری بەدبین
کەی دێتە ئەسەر خەرمەنی هەستیم بە ڕیعایەت[1]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
لەنێوان مەبدەء و نیهایەت، هەروەها تاریک و ڕەوشەنیدا، سەنعەتی تەزاد هەیە.
واتا: ئەی رووناکی خۆری ڕێنوێنی، دڵم تاریکە و وەک نوقتەیەکی لێ هاتووە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی وێک گەیشتۆتەوە.
2. لە عینایەت(ب، ج، د): بە غایەت. * شەمسی(ه): شەمعی.
واتا: بەبێ هەتاوی جوانیت ڕوژم وەکوو شەو وایە و بەربەیانی ئاواتەکانم چاوەڕێی ئەوەن تۆ سەرنجیان بدەیەی.
واتا: نامەی کارەکانیشم ڕەش بووەتەوە هەروەکوو لاپەڕەکەی دڵم و بێجگە لە ڕەشی ڕەنگی دیکەی نییە، ئەمەیە حاڵ و حیکایەتی خۆشی من.
3. ئاهێکی(ب، ج، د): ئاهێکە. * نیگاهێکی(ب، ج، د): نیگاهێکە.
واتا: ئاخێکی جەرگسوتێن و نیگایەکی دڵداگیرسێن با لەلایەن تۆوە بێت بە شێوەی کاریگەری و گرتنەوە.
تەئسیر: شوێن دانان، کاریگەری. * سیرایەت: تەئسیر، گرتنەوە، وەرگرتن.

عیسیان بە ئیزاعەی دڵ و نیسیان بە ئیتاعەت
وەک جووتەبرا سوحبەتییان گەیوەتە غایەت[2]
«سەیید» سەنەدە، شاهیدی سادقمە «موحەممەد»
بێ سەیقەلی تۆ دڵ نییەتی دەرک و دیرایەت[3]
ئەی پادشەهی مڵکی ویلایەت بە عەداڵەت
مەزڵوومی شەڕی نەفسم و هاتوومە شکایەت
کەوتوومە ئەژێر دەستی شەیاتینیی نەفسم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم بە عینایەت[4]

---

1. دوشمنی(ج، د، ه): دوژمنی. * ئەسەر خەرمەنی(ج، د): سەر ئاخری من. بەڕق: برق، کارەبا. * هەستی: هەبوون، وجوود. * ڕیعایەت: لە بەرچاو گرتن.
لەنێوان بەڕق و بە ڕقدا هاوشێوەی لێکدراوی بڵاو(هاوشێوەی موڕەککەبی مەفڕووق) هەیە.
واتا: ئاگری ڕقاوی دوژمنی دین و مونکیری ڕەشبین کەی دێتە سەر خەرمانی هەبوونم بە نۆرە و لەبەرچاوگرتن.
2. ئیتاعەت(ئەلف، ب): ئیتاعە. * عیسیان: گوناح، تاوان. * ئیزاعە: بە فیڕۆدان، زۆربوون. * نیسیان: بیرچوونەوە. * غایەت: ئەوپەڕ.
لەنێوان عیسیان و نیسیاندا، هاوشێوەی لاحیق هەیە.
واتا: تاوانی تێکەڵ بە فیڕۆدانی دڵ و لەبیربردنەوەی عیبادەت وەکوو دوو برا قسەکانیان گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی.
3. سەنەدە(ج، د): سەنەد و. * سادقمە(ج، د): ساقمە. دەرک و درایەت(ج، د): دەرکی درایەت.
سەیید: مەبەست سەیدڕەشیدی خانەقایە.
شاهیدی سادقمە محەممەد: ئاماژەیە بۆ مەلامحەممەد سادقی مەرزینگ، خاڵی باوکی مامۆستا هەژار.
واتا: سەیدڕەشید چاک دەزانێ و محەممەدسادقیش شاهیدمە کە ئەگەر تۆ دڵم سەیقەلی نەدەی ئاوێنەی دڵم دەرک و دیرایەتی نییە.
واتا: ئەی پاشای وڵاتی دۆستی و دادگەری، زوڵم لێکراوی شەڕ نەفسم و بۆ شکایەت هاتووم.
4. کەوتوومە ئەژێر(ج، د، ه): کەوتوومەتە ژێر. * نەفسم(ه):نفووسم. * شەیاتینیی(ج، د): شەیاتین و. شەیاتینیی نەفسم(ب): شەیاتینیی و نەفسم، دەکرێ بە شێوەی شەیاتینی و نەفسم-یش بخوێنرێتەوە.

قوربان بە فیدای قاپی سەگی قاپییەکەت بم
وەبزانە سەگم ڕامگرە بۆ حیفز و حیمایەت[1]
وەک تازی لەدووی سەیدەوە من بەسمە توفەیلی
بەو شەرتە کە وا پەسنیگەریت بێ بە عینایەت[2]
حەیفە سەگی قاپیت لە زیانا بێ زوبانی
بێباکم ئەگەر نا لە هەزار جورم و جینایەت[3]
بێ تۆشەم و هاتوومە ئەدەر ماڵی کەریمان
هەر جارە بەبێ تۆشە دەچن ئەهلی ویلایەت[4]
«بورهان» وەکوو «کەنعان» و «شەڕەفکەند» کە «میسر» بوو
کردت بە مەدینەی ئەمەل و کەعبەیی غایەت[5]

---

واتا: کەوتوومەتە ژێر دەستی نەفسی وەکوو شەیتانم، دەستم بدەرێ کە دەست شکاوم و سەرنجم لێ بدە.

1. سەگم(ج، د): سەگەکەم. لەنێوان قاپ و قاپیدا، هاوشێوەی موزەییەل هەیە.

واتا: قوربان بە فیدای قاپی بەردەمی سەگی بەردەرکەت بم، من ڕاگرە وەک ئەو سەگە بۆ ئاگاداری و پشتگیری.

2. من بەسمە(ج، د): ئەمن دەبمە. * بەسمە(ە): دەبمە. * تازی(د): تاژی.

واتا: وەک تاژی لەدووی ڕاوەوە من بەرماوەی ڕاوەکەم بەسسە، بە مەرجێ کە تۆ جارجارە بە سەرنجەوە ئاوڕم لێ بدەیتەوە.

3. قاپیت(ە):قاپیەت. * زوبانی(ە):زەمانی. * زوبانی(ج، د): زەمانی.

واتا: حەیفە کە سەگی بەردەرگەت زمانی تووشی زەرەری کا دەنا من حازرم بۆ هەر جۆرە تاوانێک.

4. هاتوومە(ج، د، ە):هاتوومەتە. * بێ تۆشە(ج، د): بێ توێشە. * تۆشە(ج، د): توێشوو. * ویلایەت: دۆستایەتی، ئاماژەیە بۆ دوو قۆناغی سۆفیگەری.

واتا: بێ تۆشەم و هاتوومەتە بەردەرکی ماڵی بەخشندەکان. هەر دەمێک کە تۆشە شک بەرن ئەهلی ویلایەتی و دۆستی بەر بەو ماڵە دەگرن.

5. بورهان و شەڕەفکەند، ناوی دوو ئاوایین لەنێوان بۆکان و مەهابادا. لەنێوان ناوی شوێنەکاندا تەناسوب هەیە. هەروەها، "مەدینە" و "کەعبە"، ئیهامی تەناسوبیان تێدایە. تێلنیشانێکە بۆ چیرۆکی حەزرەتی یۆسف کاتێک

هەم «شەمس»ی بە ئیسنادی و هەم قوتبی بە ئیرشاد
ئەو خەرقە بەسە بۆ نەزەری ئەهلی کیفایەت
هەم حازر و هەم غایب و هەم جەمع و پەرێشان
ئەم جەمعە نەقیزەینە لە تۆ بوو بە ڕیوایەت[1]
بۆ بەحسی سیفاتت چ جەلالی چ جەماڵی
هەر عەقڵێ کە کول بوو هەموو کول بوو لە بیدایەت[2]
سەد هەروەکوو «مەنسوور» و هەزاری وەکوو «شیبلی»
جاڕووکەشی دەرکن بەهەوای دەرک و دیرایەت[3]

---

ئەم لە میسر و باوکی لە کەنعان بووە.
لە دێڕی یەکەمدا، شوبهاندنی بڵاو(تەشبیهی مەفرووق) هەیە. شاعیر، زێدی خۆی بە کەنعان و زێدی پیری موورادی خۆی-شێخ یۆسف-بە میسر، شوبهاندووە.
واتا: بورهان بۆ من وەکوو کەنعان وایە لە دووری یۆسف و شەرەفکەندیش کە شێخ یۆسفی لێیە وەکوو میسر وایە. ئەتۆ بە بوونی خۆت بورهانت وەک مەدینە و شاری ئاواتەکان لێ کرد و شەرەفکەندیش بۆ من بوو بە کەعبەی دڵخواز و بێ نەهایەتم.
واتا: هەم خۆری بە بەڵگە و سەنەدی و هەم قوتبی ڕێنوێنی و ئیرشادی بۆ خەڵک، بۆ ئەو کەسانەی ڕەدا دەهێنن تەنیا خەرقەی پۆشەنت بەسە کە تۆ شێخی.
1. نەقیزەینە(ە):نەقیزەنیە. * ئەم جەمعە نەقیزەینە(د): لە مەجمەعی تەقەیوزی سنە.
لەنێوان حازر و غایب و هەروەها جەمع و پەرێشاندا سەنعەتی تەزاد هەیە.
واتا: هەم حازری و هەم غایب و هەم کۆی و هەم بڵاو، ئەم هەموو لێکدژە وا لە تۆدا کۆ بوونەتەوە، تۆ دەیگێڕییەوە.
2. لەنێوان کول و کولدا هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: لە باسی خوو و خدەکانتدا چ ئی جوانی و چ ئی شکۆداری، هەر لە سەرەتاوە هەر عەقڵێ کە تەواو و کامڵ بوو کول و بێکارە بوو.
3. لەنێوان دەرک و دەرکدا هاوشێوەی تەواو هەیە.
مەنسوور: مەبەست حسێنی کوڕی مەنسووری حەللاجە کە لە ساڵی ٢٤٤ک.م لە دایک بووە و یەکێک لە خوداناسانی گەورەی سەدەی سێهەمی کۆچی بووە. قازی شەرعی بەغدا بە دەستووری خەلیفەی عەبباسی حوکمی لە سێدارەدانی دەدا و لە ساڵی ٣٠٩ک.م لەپاش گەلێک ئازار و ئەشکەنجە لە دار دەدرێ.

سەر دانێ لە مەیدانی موریدانی «حەریقی»
بۆ گۆیی شەقێن چاکە خۆشت وت بە کینایەت

شیبلی: مەبەست ئەبووبەکری شبلی خوداناسی گەورەی سەدەی سێهەمە. کە لە ساڵی ٢٤٧ک.م بەدنیا دێت و لە ساڵی ٣٣٤ک.م لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات.
واتا: سەدی وەکوو شیبلی و هەزارێکی وەکوو مەنسووری حەللاج، گسک لێدەری بەردەرگای ماڵەکەتن کە تۆ دەرک و دیرایەتیان پێ زیاد بکەی.
واتا: سەر دابنێ لە مەیدانی موریدەکانیدا حەریقی وەکوو گۆ با لێی بدەن. بەڕاستیش بۆ گۆی شەقێن چاکە سەری تۆ و بە کینایەوە چەن جوان ئاماژەت پێ کرد.

## پیتی د

**1**

که قەتڵی خوێنی من زولفی کەچی کرد
نییە داخم ئیتر زولفی کە چی کرد[1]
خەیاڵم کرد لە باغی خاڵی فەرمووی:
هەتیو! لاچۆ خەیاڵی خۆت لە چی کرد؟
لە خزمەت ئاسمانی حوسنی ڕووی تۆ
سەما کەوتە سەما گەردنکەچی کرد[2]
بە تیری غەمزە جەرگت پارە کردم
تەماشای تیری موژگانت کە چی کرد[3]
ئەگەر وەسفت بە {ما هذا بَشر} کەم

1.کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن فعولن ( هزج مسدس محذوف)
ئەم شێعرە تەنیا لە (ە)دا هەیە. لەنێوان کەچی و کە چیدا هاوشێوەی لێکدراوی بڵاو هەیە.
واتا: کە زولفی کەچ و خواری خوێنی منی ڕشت، ئیتر داخم لێ نایە کە چی دیکەی کردووە یان نەکردووە.
واتا: خەیاڵم لە باغی ڕووی دەکردەوە کە خاڵەکانی تێدایە کە وتی: هەتیو لاچۆ ئەو فکر و خەیاڵ لە چی دەکەیەوە؟
2. لەنێوان سەما و سەمادا هاوشێوەی تەواو هەیە.
واتا: لە خزمەت ئاسمانی جوانی ڕووی تۆدا، سەما کەوتە هەڵپەڕکێ و سەما و لاساری نواند.
3. دووپاتکردنەوەی تیر لە دوو دێری بەیتێکدا زۆر دروست نییە، ڕەنگە تیری یەکەم تیغ بووبێت.
واتا: بە تیری غەمزە و نازت جەرگت هەڵدڕێم تۆ تەماشای تیری بژانگەکانت بکە کە چیان بەسەر هێناوم.
واتا: ئەگەر بڵێم: خودایە ئەوە چ مرۆڤێکە ئێستاش پەشیمانم و دەڵێم تەماشا من چۆنم وەسف کردووە.

پەشیمانم دەڵێم وەسفم بە چی کرد؟
خەیاڵاتی شەو و ڕۆژم لە شام و
نەهاری زولف و ڕووی تۆ بوو هەچی کرد[1]
«حەریق» سینەی کە پڕ دووخانی خەم بوو
لە داخی «ئەحمەدی دووخانەچی» کرد [2]

1. نەهاری(ە): نەهار و، بە شێوەی قیاسی ساغ کراوەتەوە.
لە هەر دوو دێڕی ئەم بەیتەدا، پێچەوپەخشەی ڕێک(لەف‌ونەشری مورەتتەب) دەکار کراوە.
واتا: خەیاڵاتی شەوم، ڕەشی زولفتە و خەیاڵاتی ڕۆژم، نەهاری ڕووتە.
2. ئەحمەدی دووخانەچی کێیە و چ کارەیە، هیچ زانیارییەک لەبارەیەوە لەبەر دەستماندا نییە.
واتا: حەریق کە سینگی پڕ لە دووکەڵی خەم بوو، لە داخی ئەحمەدی دووخانەچی وای لێ هات.

**2**

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەک نمەکگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند[1]
گوڵ بە تۆزێ بێنەوە لاف و گەزافی لێ دەدا
وا شوکر سۆزەی نەسیمت هات ئەویشی لێ ستاند[2]
نەشتەری موژگانی تۆ هاتە ئەسەر سەفحەی دڵم
هەر خەتێ بوو، غەیری خەتتی سەبزی تۆ، پاکی کڕاند[3]
لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا
حیرەتم ماوە کە چۆن ئەو دڵبەرە دڵمی ڕفاند؟[4]
بۆ گوڵی رووت، ماتەمی پەرچەم دەبینێ بۆیە وا

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
واتا: چاوەکەم ئەمڕۆ گوڵ لە گوڵشەن خۆی ڕازاندەوە و خۆی پێ نیشان دام، من نمەکگیر نەبووم و قەسەم ب ەمەرگی خۆت هەر قسەم دەگەڵ نەکرد.

2. تۆزێ بێنەوە(ج، د، ە): تۆزی پێتەوە، ئەگەر ئەمەیان بە دروست دابنێین خشتەی یەک و دوو لە مانادا یەک ناگرنەوە.
سۆزەی(د): سۆمەی. ئەویشی(د): ئەو پشتی. * نەسیمت هات ئەویشی(ە): نەسیم هات و ئەویشی.
واتا: بە تۆزە بۆنێکەوە گوڵ خەریک بوو لە خۆی دەربچێ، شوکور، شنەی سرەوی نیانی تۆ هات و ئەو کەمە بۆنەشی لێ ئەستاندەوە.

3. هاتە ئەسەر(ج، د، ە): هاتۆتە سەر.
واتا: تیغی برژانگی تۆ هێرشی هێنایە سەر لاپەڕەی دڵی من و هەر خەتێکی وا لێی نووسرابوو هەمووی هەڵکڕاند غەیری خەتتی سەوزی دەوری لێوی تۆ نەبێ.

4. جەیشی حەبەش: ئیستعارەیە لە زولفی ڕەش و درێژ.
واتا: لەشکری ئاخ و داخی من و سپاسی ڕەشی پرچەکانی وا تێک هەڵەنگووتوون و بەشەڕ دێن، لەم ناوەدا حەیران ماوم ئەو دڵبەرە چۆن و بە چی توانی دڵم بڕفێنێ؟

ماهی نەورۆزم بە شیوەن وەک موحەڕڕەم خۆی نوواند[1]
تۆ لە ئەووەڵ گۆی وەفات هێنایە نێو مەیدانەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند[2]
تۆخودا قەت غیرەتە بۆ تۆ ئەرێ سەروی ڕەوان
گوڵ بەبێ تۆ وا لە باغا خێوەتی خۆی لێ چەقاند؟[3]
با وجوود ئینساف بدەم چاکە، گوڵیش موشتاقتە
هەر لە شەوقی تۆیە سەرپۆش و گریبانی دڕاند
هەر کەسێ مایل بە پیرێکە و تەریقێکی هەیە
تۆ بە شوعلەی غەم «حەریقی» وا وەجاخت هەڵگڕاند[4]

---

1. ماتەمی پەرچەم(ج، د): هاتم و پەرچەم.
لەم بەیتەدا، لە سەنعەتی پێچەوپەخشەی ڕێک(لەفونەشری موڕەتتەب) کەڵک وەرگیراوە.
واتا: ئەگەر پرچت ڕەشە، لەبەر ئەوەیە کە ڕەشپۆشی ڕووی گوڵی تۆیە. مانگی نەورزۆزم ئەوەی دەزانی و بۆیە دەستی دا شیوەن و ئەویشم لێ بوو بە موحەڕڕەم.
2. لەنێوان گۆ و چەوگان و مەیداندا تەناسوب هەیە.
واتا: تۆ لە ئەووەڵەوە بەڵێنیت بە من دابوو و لە مەیداندا باسی وەفات دەکرد کە وەکوو گۆیەک وا دەبێ بەڵام ئێستاکە دەبینم بەڵێنەکانی خۆت نابەیتە سەر و بە بێوەفایی پشتی هەموو وادەکانت دەشکێنی و دەڵێی بە گۆچانی خیلاف لە پشتی گۆی وەفات داوە.
3. تۆخودا(ج، د): تۆخوا.
واتا: ئەی سەوڵی باڵابەرز کوا ئەوە غیرەتە تۆ لە باغدا نی و گوڵ ڕەشماڵی خۆی لە باغدا هەڵداوە؟
واتا: کەمێشکیش با بە ئینساف بم چاکە، گوڵیش کە سەرپۆشی دڕاندووە و دەمی کردۆتەوە وادیارە لەبەر تامەزرۆیی و شەوقی تۆیە.
4. پیرێکە و(ج): پیرێکە.
واتا: هەر کەسێ مەیلی بە لای پیرێکە و ڕێگای تەریقەتێکی گرتۆتە بەر، حەریقی تۆ ئەو ئاورگەت بە بڵێسەی غەم هەڵگڕاندووە و ئەو ڕێگایەت ئاوا کوێر نەکردۆتەوە.

## 3

بەو نوورە کە زاهیر بوو لەسەر ڕوویی موحەممەد
عالەم هەموو ئاشوفتە بوو وەک موویی موحەممەد[1]
مەخجووڵ و سەرەفکەندەیە نەسرین و بەنەفشە
بۆ موویی سەمەنبوویی دوو گێسوویی موحەممەد[2]
مەجزووبە هەموو کەس بە ڕمووز و بە ئیشارەی
مەجبوورە لە دەس ساعید و بازوویی موحەممەد[3]
سەروی چەمەنیش پێی لە گڵ و خاری غەمایە
لەرزانە لە حەسرەت قەدی دڵجوویی موحەممەد[4]
لالەش وەکوو من سینەیی پڕ حەسرەت و داغە
تا دیویەتی ڕوخسارەیی گوڵبوویی موحەممەد[1]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)

ڕەوی لەم شێعرەدا دەکرێ بە یەک "ی"ش بنووسرێ و بخوێنرێتەوە وەک ڕووی، مووی، ئەبرووی.

واتا: بەو نوورە کە ئاشکرا بوو لە ڕووی پێغەمبەرەوە، خەڵکی هەموو وەک سەر و قژی محەممەد شێوان و بڵاوبوونەوە.

2. سەرەفکەندەیە(ج، د): سەرەفگەندەیە. * بەنەفشە(ە): وەنەوشە. بەنەفشە(ج، د): بنەوشە.

لە خشتەی یەکەمدا، پێچەوپەخشەی ڕێک(لەف‌ونەشری موڕەتتەب) هەیە.

واتا: شەرمەندە و سەردانەویون گوڵەکانی وەنەوشە و نەسرین، لەبەر مووی وەک سەمەن بۆنخۆشی دوو پرچەکانی پێغەمبەر.

3. ئیشارەی(ج، د، ە): ئیشارە. بە ڕمووز و(ج، د): بە ڕمووز.

واتا: نهێنی و ئاشیرەتەکانی ئەو سەرنجی هەموو کەس ڕادەکێشێ و لەبەر دەست و بازووی هەموو کەس مەجبوورن دان بە جوانی ئەودا بنێن.

4. چەمەنیش(د): چیمەنیش. * گڵ(د): گوڵ. * لەرزانە(د): لەرزیانە.

واتا: سەوڵی ناو چیمەنیش پێی لە قوڕدا چەقیوە و دەوری ب ەدڕکی غەم گیراوە و دەلەرزێ لەتاو، ڕێکی وبەرزی باڵای بێ گرێ ئەو پێغەمبەرە.

گردی زەقەنی سیبی پڕ ئاسیبی عەجایب
زەخمی هەیە بۆ شاهـ و گەدا، گوویی موحەممەد[2]
زاهید وەرە پێش تۆ سەری ئیمانی زەعیفت
ڕوو تێ کە لە میحرابی دوو ئەبروویی موحەممەد[3]
بورهانە لەسەر نەفیی مونافاتی شەو و ڕۆژ
موویێ کە پەرێشانە لەسەر ڕوویی موحەممەد[4]
عالەم وەکوو من جەرگی بڕاوە بە نیگاهـ و
ڕەمکردن و ئیستادەنی ئاهوویی موحەممەد[5]
ڕووح و دڵ و دینت هەیە هەر سێ کە «حەریقی»
خەرجی کە لەڕێی وەسف و سەناجوویی موحەممەد[6]

---

1. داغە(ە): داخە. * لالەش:گوڵی لالە(یش).

واتا: تەنانەت لالەش کە داغێکی لە دڵیدا هەیە لەبەر ئەوەیە کە ڕوخساری لە گوڵ جوانتری پێغەمبەری دیتووە و ئێرەیی دەبا بەو ڕوخسارە.

2. ئەم بەیتە و بەیتی دواتر لە کتێبی (ە)دا نەهاتووە.

گوویی: مەبەست گۆی خڕی چەناگەیە، ئەم وشەیە بە کوویی-ش دەکرێ بخوێنینەوە بەڵام ئەو کاتە، تەناسوبی نێوان وشەکان کەمتر دەبێتەوە.

لەنێوان سیب و ئاسیبدا، هاوشێوەی زێدە(هاوشێوەی زاید) هەیە.

شاهـ و (ئەلف، ب): شاە. * عەجایب(ب):عەجائیب.

واتا: خڕی چەناگەی چەشنی سێوی، پڕە لە برینی سەیر و سەمەرە، ئەو گۆ خڕ و جوانەی چەنەی زامی بۆ هەموو کەس هەیە چ شا بێ و چ گەدا.

3. ڕوو تێکە(ج، د): ڕوویێ کە. بەپێی نوسخەکان ڕووی تێکە-ش درووستە.

واتا: زاهید وەرە بۆ خاتری ئیمانی زەعیفت، ڕوو بکە میحرابی برۆکانی پێغەمبەر.

4. بورهان: بەڵگە.

لەم بەیتەشدا، پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە.

واتا: کوا شەو و ڕۆژ پێکەوە مونافین؟ بەڵگە لە ڕوو و مووی پێغەمبەر چاکتر ئەوە نییە پێکەوەن؟

5. ئیستادەنی(ئەلف، ب): ئیستادەن و. * ئیستادەنی(ج، د): ئیستادەن.

واتا: هەموو کەس بە ڕەو و نیگا و ڕاوەستانی ئاسکێکی وەک محەممەد جەرگیان بڕاوە.

6. هەر سێ کە(ج، د، ە): هەرسێکی. * خەرج(ە):سەرف.

## پیتی ر

**1**

تەعاروفی بە سیغارە، شیعاری ئەهلی کیبار
سەبیلی عادەتی مەسدوودە بۆ ڕەواجی سیغار[1]
لە قاوی قاوەچی هەر کەس کە مەشرەبی چا بێ
بە دوودی قەننە قەناعەت دەکا فەقیر و هەژار[2]

---

واتا: ڕووح و دڵ و دینت ئەگەر هەیە حەریقی هەرسێکیان بدە لە ڕێی پەسن بێژی و پێداهەڵگوتنی پێغەمبەردا.

1. کێشی شێعر: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن(مجتث مثمن مخبون محذوف) ئەم شێعرە لە (ج، د)دا زۆر پڕ هەڵە و پەڵە چاپ کراوە. ڕۆنانی ئەم هەمگە هەڵەیەم پێ بێ کەڵکە بوو. * کیبار(ئەلف): کوبار.

سیغار: کۆی سەغیر بەمانای بچووک، جگەرە لە کوردیدا. * کیبار: کۆی کەبیر بە مانای گەورە. * سەبیل: ڕێگا، مۆدنە. * مەسدوود: بەسراو. * ڕەواج: برەو، ڕەمێن.

لەنێوان "سیغار" و "سیغار"دا هاوشێوەی تەواو هەیە.

واتا: نیشانەی ئەهلی گەورەیی، تەعاروف کردنە بە چکۆلەکان یان تەعاروفە بە سیغار، ڕێگە ئاسایی بەسراوە بۆ برەوپێدانی سیغار.

2. لە قاوی قاوەچی(ج، د، ه):لە قاوەی قاوەچی. لە قاوی قاوەچی(ئەلف): لە قاوە قاوی چی، لە نوسخەی ئەلفدا بەم شێوەیە هاتووە و بەوپێیەی لەم دوو سێ بەیتەی سەرەتادا، هەر خشتەیەک، سەربەخۆ واتادارە، ئەم خشتەیە ئاواش بێت هەر واتای دێتەوە. * مەشرەبی(ج، د): شوربی. * مەشرەب؛ زەوق. * قەننە: نێرگەلە، سەبیلەی کلک درێژ.

میزاجی ئادەمی خاکی هەوا بە ئاویادا
عینانی سەبــری بەدەس با گەییشتە کوورەیی نار[1]
بە موڵکی وەحدەت ئەگەر ئاشنا بێ مونکیری حاڵ
دەزانێ عومری عەبەس بوو لە کەسرەتی ئەغیار
زەرەر نەبێ سەمەرێکی نییە درەختی غەیر
ئەگەر بە بەرد و پلار سەرچڵی بخەیتە خوار[2]
درەختی موڵکی دڵم میوەیێکی کاڵی هەیە
خودا بکا بە تەحەممول بگا بە سەبر و قەرار
بە داغ و حەسرەت و غەم دەچمە حەڵقەیی ماتەم
سەفایەکی نەبوو سەعییم لە تەوفی کۆیی نیگار[3]

---

واتا: هەرکەس کە مەشرەبخۆش بێ قاوە قاوی نییە، مرۆڤی هەژار بە دووکەڵی نێرگەلەش ڕازییە.
1. خاک و با و ئاو و ئاگر، کە لەلایەن زانایانی کەوناراوە بە چوار توخمی سەرەکی سروشت ناسراون، لەنێوانیاندا تەزاد هەیە و شاعیر بە شێوەی ئیهامی تەناسوب، ئاماژەیان پێ دەکا.
کوورەیی نار: کورەی ئاگر یا (اثیر) کە بە بڕوای زانایانی قەدیم، لەسەر هەوای زەمینەوەیە و دەوری داگرتووە.
هەوا بە ئاویادا(ج، د): هەوا و ئاو و بادە.
واتا: سروشتی مرۆڤی خاکی، هەوای لە خۆبایی بوون، بە ئاوی داداوە و لە ناوی بردووە، جڵەوی سەبریشی کەوتۆتە دەست باوە تا ئاسمانی بەرز و گەیشتووە بە ئاگری دەوری دنیا.
واتا: ئەو کەسەی نکوولّی لە حاڵ دەکا و ئەهلی قالە، ئەگەر ئاشنای موڵکی وەحدەت و یەکێتی خودا نەبێ، دوایە ئاخری دەزانێ بە هۆی زۆری ئەغیارەوە تەمەنی بە فیڕۆ چووە.
2. زەرەر(ج، د، ه): زەرەری.
واتا: داری غەیرە، بەرێکی نییە بێجگە لە زەرەر تەنانەت ئەگەر بە بەرد و پلار، هەموو سەرچڵەکانی بشکێنی و دایهێنییەوە خوارێ.
واتا: داری موڵکی دڵی من، میوەیێکی کاڵ و پێنەگەیشتووی هەیە کە خودا بکا بە سەبر و خۆڕاگری بە ئاسوودەیی خۆی بگات.
3. سەفا: شوێنێک لە مەککە کە حاجیان لە کاتی سەعییدا لە نێوان ئەوێ و مەروە، حەوت جار دێن و دەچن و بەشێکە لە ڕێوشوێنی حەج، چێژ و خۆشی. * تەوف: سووڕانەوە، تەواف. * ئەم وشانە واتا سەفا و سەعی و

لە وەقتی عالەمی ئەڕواحەوە هەتا ئێستا
سەفەر دەکەم نەگەییشتم بە مەنزڵی دڵدار
فیدای زیندەدڵانی تەریقی خووبانم
هەمیشە تازەدڵن وەک گوڵی هەمیشەبەهار
لە چەشمەساری مەعاریف کەسێ نەسیبی نەبێ
هەمیشە چاوی تەڕ و زاری وشکە، لێوی بەبار[1]
«حەریقی» ئاگری غەم سیخی عومرمی سووتاند
کەبابی سینە بە ناپوختە هاتە مەجلیسی یار



---

تەوف، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
واتا: زۆر بە داغ و ئیرەیی و غەمەوە دەچمە ناو حەڵقەی دەرد و ماتەمی خۆم، خۆشییەکی نەبوو هەڵسووڕانم لە دەوروبەری کۆی یاردا.
واتا: لەوەت اجیهانی ئەڕواح ساز بووە من هەر سەفەر دەکەم کەچی ب ەماڵی دڵدارەکەم هەر نەگەیشتم.
واتا: فیدای زیندوودڵانی ڕێگای چاکانم کە هەمیشە دڵیان تازەیە وەکوو گوڵی هەمیشەبەهار.
1. تەڕ و (ە): تەڕە. * چەشمەسار(ج، د): چەشمەی ساری. * کەسێ(ج، د): کەی.
واتا: کەسێک لە کانیاوەکانی زانایی ئاوی نەخواردبێتەوە و بێ بەهرە بێ لێی، هەمیشە هەر دەگری و زاری وشکە و لێوی بارگرتوویە.
واتا: ئەی حەریقی ئەوا ئاگری غەم، شیشی عومرمی سووتاند. بە کاڵی و نەپێژراوی کەبابی دڵم هاتە نێو مەجلیس و کۆڕی یارەوە.

**2**

بێینە سەر باسی نیگاری گوڵعیزار
لالەڕەنگ و شۆخوشەنگ و چاوخومار[1]
چاوی مەخمووری کە هەڵبێنێ بە ناز
دڵ لەلای نامێنێ ئارام و قەرار
پەرچەم و کاکۆڵی داوی دین و دڵ
گۆشەیی چاوی فریوی ڕۆژگار

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مسدس محذوف)
ئەم شێعرە لە (ئەلف، ب، ج، د)دا نییە و تەنیا لە (ه)دا هەیە.
واتا: با بێینە سەر باسی دڵبەری ڕووجوانی وەک گوڵ، کە ڕەنگی وەک لالەیە و شۆخ و شەنگە و چاویشی خومارە.
واتا: کاتێ چاوی مەخمووری بەناز هەڵدەهێنێ، دڵم ئارام و قەراری لێ دەبڕێ
واتا: پەرچەم و کاکۆڵی داوە بۆ دین و دڵم و گۆشەیی چاویشی، وەک ڕۆژگار فریوم دەدا.
واتا: دڵبەر و زەریف و ناسکە و نیوەنیگاکانی وەکوو ئاسکی تەتاری وایە.
واتا: لێوی سووری دڵی پڕ لە خوێناو کردووەم و ئەوە لە جۆگەلەی چاومەوە سەرڕێژی کردووە و فرمێسکی سوورم دادەبارێت.
واتا: ئەگەر ڕۆژ و شەو دژی یەکن. یاری من لەیل و نەهاری کۆکردۆتەوە بە ڕوخسار و پرچی.
واتا: سینەم پڕ لە سۆزێکی ئاگراوییە لەبەر ڕووی وەک ئاگری یار و وەک تەندوورێکی پڕ لە سۆز و بڵێسە وایە.
واتا: گەڕان لەم شارەدا چ خۆشە کاتی بەهار، لایەک گوڵغونچەیە و لایەکیش لالەزار.
واتا: بێوەفایی بۆ یار ماوە کە کردبوویەوە کار و کەسب و پیشەی خۆی.
واتا: کەس وەک من ئاوا بێبەش و بێ هیوا نییە و تەنانەت باغیش وەک من بە زۆری هێندە زەرد نییە.
واتا: ئافەرین بۆ شێعری سافت ئەی حەریق وا بێ غەل و غەش شێعری ئاودار و بەتام و چێژ دەڵێی.

دڵبەر و خورسەند و شیرین و لەتیف
نیمنیگاهی شیبهی ئاهوویی تەتار
لێوی لەعلی وا دڵی خستوومە خوێن
جۆگەلەی خوێنین لە دیدەم دێتە خوار
ڕۆژ و شەو هەر دوو مونافین پێکەوە
یاری من جەمعە لەلای لەیل و نەهار
سینە پڕسۆزە بە ڕووی نارینی نار
وەک تەنووری پڕ لە سۆز و پڕ شەرار
تەرفی ئەم شارە چ خۆشە بۆ بەهار
لایێ گوڵغونچە، لەلایێ لالەزار
بێوەفایی هەر لەبۆ یار مایەوە
ئاخری هەر بێوەفایی کردە کار
کەس وەکوو من بێبەش و مەئیووس نییە
باغ وەکوو من زەرد نییە وا بێژومار
ئافەرین بۆ تەبعی سافت ئەی «حەریق»
بێ غەل و غەش ئێژی شێعری ئاودار

## 3

عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ
هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یۆسفی والا کوڕ[1]
ئەو نوورە کە مەنشەء بوو، بۆ عاشقی مەبدەء بوو
تێفکرە لە ئەو نوورە مەعلووم و هووەیدا کوڕ
عیشقێ کە بەقووەت بێ مایل بە مورووەت بێ
نەمدیوە کە تالیب بێ ئیللا کە تەڵەب کا کوڕ
عیشقێ کە بە غەوغا بوو وەک عیشقی زولەیخا بوو
سەرگەشتە و ڕیسوا بوو بۆ یۆسفی والا کوڕ
شیرین کە شەکەرڕێز بوو، بۆ کێ بوو دلاوێز بوو
بۆ خوسرەوی پەروێز و فەرهادی هەواخوا کوڕ[2]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن(هزج مثمن اخرب)
نۆ بەیتی سەرەتایی ئەم شێعرە لە (ب)دا وادیارە ون بووە بەڵام لە باقی کتێب و نوسخەکاندا تەواوی شێعرەکە هەیە.
حەزرەتی لەولا: کینایەیە لە پێغەمبەر(ص) و ئاماژەیە بەم حەدیسە: (لولاکَ لولاکَ لَما خلقتُ الافلاکَ)
واتا: کە ئەوینی ڕاستەقینەت دەوێ غەیری کوڕ داوا مەکە، پێغەمبەر و یۆسف هەر دوو کوڕ بوون.
واتا: ئەو تیشکە وا سەرچاوە بوو، بۆ دڵداری سەرەتا بوو، لەو تیشکە تێفکرە، ئاشکرا و دیارە کە ەو تیشکە پێغەمبەر بووە و پێغەمبەریش دیارە کوڕە.
واتا: ئەوینێک کە بەهێز بێ و مەیلی بەلای جوامێرییەوە بێ، نەمدیوە کە ئیشقێکی ئاوا غەیری کوڕ داوای هیچی دیکە بکا.
واتا: ئەوینێک کە پڕ لە دەنگ و هەرا بوو و وەکوو ئەوینی زولەیخا بوو کە خۆی سەرشێت و ڕیسوا کرد بۆ کێ بوو؟ دیارە بۆ یۆسی پێغەمبەر بوو کە ئەویش کوڕە.
2. دێڕی دووهەم لە (ج) و (د) و (ە)دا: بۆ خوسرەوی پەروێز بوو، فەرهادی هەواخوا کوڕ.

کچ مایلی واڵایە وەک دامی بەڵا وایە
کوڕ وەک کوڕی شا وایە بێ خەوف و موحابا کوڕ
کچ تەبعی کەج و ناقیس، کوڕ تەبعی تەڕ و خالیس
هەمسوحبەت و هەمجالیس، خۆش مەنزەر و سیما کوڕ [1]
کچ زولفی پەرێشانە، کوڕ پەرچەمی ئەفشانە
کاکۆڵی بە جەمعییەت هەمشانی کچە یا کوڕ؟
کچ ساحیبی لەرزانە، کوڕ مەردی لە مەیدانە
کوڕ هەمدەمی ئینسانە، خۆش مەشرەب و گۆیا کوڕ
هەر کەس بە تەبیعەت بێ، ئەربابی مەحەببەت بێ
لەم نوقتە تەماشا کا، خانم کچ و ئاغا کوڕ [2]
قامەت کە وەکوو نەی بێ، کێ دیویە لەگەڵ بەی بێ
ئەم نیسبەتە ئەخلافە دەرحەق بە کچە، یا کوڕ [3]

---

تێلنیشانێکە بۆ زنجیرە داستانەکانی خوسرەو و شیرین لەگەڵ فەرهاد.
واتا: شیرین کە شەکری لێ دەباری بۆ کێ ئاوا دڵبەری دەکرد دیارە لەبەر خوسرەوپەروێز و فەرهادی هەوسباز بووە کە هەردووکیان کوڕن.
واتا: کچ مەیلی بە ڕەنگاوڕەنگی و ئاوڵ و واڵاوە هەیە و وەکوو داوی بەڵا وایە. کوڕ بەڵام دەڵێی کوڕی شایە و هیچ مەترسی و خەتەرێکی لەڕێدا نیە.
1. خۆش مەنزەر(ە): خۆش مەنزوور. کەج(ج، د، ە): کەچ.
واتا: کچ تەبعی لار و هەڵەیە بەڵام کوڕ تەبعی تەڕ و خالیسە، هاودەم و هاونشینی جوانی خۆش ڕووت دیارە کوڕە و بەس.
واتا: کچ پرچی پەخشانی هەیە و کوڕ کاکۆڵی هەڵدراوە، پەرچەمی کۆکراوە بزانە هاوشانی کوڕە یا کچ؟
واتا: کچ لەرزانەی هەیە و کوڕ پیاوانە دێتە مەیدانەوە. کوڕ هاودەمی مرۆڤە و خۆشمەشرەب و گۆیا دیارە کوڕە و بەس.
2. مەحەببەت(ج، د، ە): مورووەت.
واتا: هەر کەس تەبیعەتی باش بێ و خانی دڵۆڤانی بێ، لەم نوقتەوە لێی بڕوانە بزانە خانم کچە و ئاغاش کوڕە.
3. ئەخلاف(ج، ە): ئەخلاق. * نیسبەتە(ە): نیسبەتی.
واتا: کێ دیویەتی باڵا وەکوو نەی باریک بێ و بەری بەی بگرێ؟ ئەم نیسبەتە جیاوازییەوە بزانە ئی کچە یا کوڕ.
واتا: سەد حەیفێ کە تۆ ئەی ناڵی بەو پیریەشەوە هەر منداڵی و داوای

سەد حەیفێ کە تۆ «ناڵی» بەو پیرییە منداڵی
بەم تەرزە لە عیشق ئەدوێی، زیبا کچ و دیبا کوڕ
موویێ کە لە ڕووی کوڕ بێ، ڕێحانەیی نێو باغە
سەد جەرگی لە بۆ داغە، ساحێب خەت و ئینشا کوڕ
بۆ خەڵوەتی تەنهایی فیلواقیعە کچ چاکە
ئەمما لە عیشق بدوێی، ئەدنا کچ و ئەعلا کوڕ[1]
بۆ خەڵوەتی تەنها کچ بۆ بەزمی تەماشا کوڕ
بۆ فاسقی ڕیسوا کچ، بۆ عاشقی سەودا کوڕ
کچ وەقتێ شکا سەددی، نامێنێ چ سەرحەددی
نەقسی نییەتی عەددی، مەحفووز و موبەڕڕا کوڕ
لەم تەبعە کەچە لادە، عومرت هەموو بەربادە
خۆی ساقیی و چاوبادە، مەزبووت و موهەییا کوڕ

---

ئیشقی کچ دەکەی و بەم جۆرە باسی ئەوین دەکەی و دەڵێی کچ زیبایە و کوڕ دیبایە.

واتا: مووی کوڕ وەک ڕەیحانە باغییە.سەد جەرگ بۆی داغە، کوڕ خاوەنی خەت و ئینشا و نووسینە.

1. تەنهایی(ج، د، ه): تەنیایی. * ئەمما لە عیشق(ج، د، ه): ئەمما کە لە عیشق.

واتا: بۆ خەڵوەتی تەنهایی لە ڕاستیدا کچ چاکە بەڵام کە باسی ئەشق دەکەی کچ نەوییە و کوڕ بەرزە.

واتا: بۆ خەڵوەتی تەنهایی کچ و بۆ بەزمی تەماشا کوڕ باشە.بۆ فاسقێک ئیشتیای لە ڕیسوایی بێ کچ چاکە و بۆ ئەویندارێکی سەوداییش کوڕ چاکە.

واتا: کچ کە سەددی شکا و پەردەی نەما، هیچ سنوورێک ناناسێ و نەقسەکان ناژمێررێ بەڵام کوڕ بێگەرد و بێ خەتایە.

واتا: لەم تەبعە ناقیسە لادە تا تەمەنت بە با نەدراوە، ساقی و چاوبادە، مەزبووهت وحازر هەر کوڕە.

واتا: ئەم ئەوینە زەمینییە مەجازە و دوورە لە ڕاستییەوە ئاکامەکەشی موجازات و سزایە بەڵام ئەگەر مەلەوانی ڕاستی و حەقیقەتی، تاقانە گەوهەری دەریای ئەم ڕاستییە کوڕە و بەس.

واتا: هەر ئیشقێک کە حەقیقی بێ وەک عیشقی حەریقی وایە، مەیلی بە دەقیقییە و لە ڕێی خودادا بۆ کوڕە و بەس.

ئەم عیشقە مەجازاتە، ئەنجامی موجازاتە
غەوواسی حەقیقەت بە، دوڕدانەیی دەریا کوڕ
هەر عیشقێ حەقیقی بێ، وەک عیشقی «حەریقی» بێ
مەیلی بە دەقیقی بێ، بۆ مەعریفەتوڵڵا کوڕ

## پیتی س

**1**

حوزنی من یا حوسنی تۆ ئیشکالە تا ئاخر نەفەس
بۆچ زەکاتی حوسنی تۆ یا حوزنی من ناگا بە کەس[1]
زاهیرەن فەرمووتە وەقتی مردنی حازر دەبم
وا لە خۆشی مردنم دەمرم دەسا ئینسافە بەس
چۆن دەکەی مەنعی دڵی من تۆ لە شەهدی لێوی خۆت؟
لێوی تۆ وەک شەککەرستانە و دڵی من وەک مەگەس
چاوەکەم لەو باغی حوسنە مەنعی چاوی من مەکە
لازمە بۆ پاسەبانی باغەکەت جووتێ عەسەس [2]
تازە فەرمووتە لەلای کەس ڕازی عیشقی من مەڵێ

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
بۆچ(ە):چون. * حوزنی من یا(ج، د): حوزنی من و. * حوزن: ماتەم. * حوسن: جوانی.
لەنێوان حوزن و حوسندا هاوشێوەی موزاریع هەیە.
واتا: هەتا دواهەناسە، جوانی و غەمی من، گرفتیان هەیە، بۆچی زەکاتی غەمی من و جوانی تۆ بە کەس ناگا و هەر تۆ جوانی و هەر من غەمبار؟
واتا: وادیارە فەرمووتە کاتی مردنی دێم و سەری لێ دەدەم و وا لە خۆشی ئەوەی کە دەمرم خەریکە بمرم، دەی تۆش ئینسافێکت ببێ و وەرە.
واتا: چۆن دەکرێ بەرگیری دڵم بکەی لە لێوی شیلەدارت. لێوی تۆ پڕ لە شکر و شیرینییە و منیش مێشی دەوری شیرناییم.
2. مەکە(ب):بکە. پاسەبانی(ج، د، ە): پاسەوانی. * عەسەس: ئاژان، پاسەوان.
واتا: نووری چاوم بەرگیری لە چاوم مەکە و مەڵێ کە چاوم لێ مەکە، بۆ پاسەوانی باغی ڕووی تۆ جووتێ پاسەوان خۆ پێویستە با ئەوانیش چاوی من بن.

نەددەزانی دڵ کە کون بوو دەنگی لێ دێ وەک جەرەس؟[1]
پێی بڵێن زاهید بە خێری خۆی لە وەعزی من گەڕێ
عیشقی من شوعلە و بڵێسە، وەعزی ئەو وەک خار و خەس
خاڵی سەوزە، داغی سەوزە، بەحسی ناسۆری مەکەن
تا زەدەی ئەو بێ «حەریقی» قەت شیفای نایێ بە کەس[2]



---

1. نەددەزانی(ج، د، ە): نەتدەزانی. * جەرەس: زەنگ.
واتا: بەم زووانە فەرمووتە نهێنی ئەوینی من مەدرکێنە لای کەس، بۆ نەتددەزانی دڵێک کە کون بێ وەکوو زەنگوڵە دەنگی لێوە دێ؟
واتا: بە زاهید بڵێن با بەخێری خۆی دەس لە مەوعیزە و نەسحەتی من هەڵگرێ، ئەوینی من ئاگر و بڵێسەیە و قسەی ئەو پووش و پەڵاش.
2. بەحسی(ج، د، ە): باسی. نایێ(ە): نایە. نایێ بە کەس(د): نابێ کەس.
واتا: داغ و خاڵی ڕووی هەردوو شینن، باسی برینی ناسۆری حەریقی مەکەن کە زۆر قووڵە و تا ئەنگاوی ئەو بێ، بە کەس چاک نابێتەوە.

## پیتی ش

**1**

عالەمێکە پڕ شەڕ و شۆر و نیزاع و ئیڕتیهاش
ڕۆزگارێکە سەراسەر میحنەت و پڕ ئیغتیشاش[1]
کەس نییە بۆ ئیستراحەت سەر بنێتە سەر سەرین
کەس نییە ئاسوودە بێ پاڵووی لە خاری ئیفتیراش[2]
تالیبی ئیمساک و خیسسەت ڕووبەڕوو هاتۆتە پێش
ساحیبی عیرفان و دانیش سەربەزانوو چۆتە پاش[3]
بۆ سولووکی ڕێی مەعاریف پاڵەوانیش ناتەوان
بۆ تەریقی جەزبی جیفە وەک یەکە ورد و هەراش[1]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم شێعرە لە (ئەلف)دا نییە، لە سەرەتای (ب)دا نووسراوە و خەتی نووسەر جیاوازە لە خەتی سوڵتان کە شێعرەکانی نوسخەی ئەلفی لە بەر گرتۆتەوە.
ڕۆزگارێکە(ە): ڕۆژگارێکە. * ئیڕتیهاش: دەسبڕین، فڕوفێڵ.
واتا: دنیایەکی پڕ لە شەڕ و تێکهەڵچوون و دەسبڕینە، دەروانێکی مەینەتبار و پڕ لە ئاڵۆزی و شێواوییە.
2. پاڵوو: کەنار، کەلەکە. * ئیفتیراش: جێی پاڵ وێدان، نیسبەتدانی بوختانی نامووسی.
واتا: کەس نییە بە مەبەستی حەسانەوە سەری بە هێمنی بنێتە سەر سەرین و پاڵووی و کەناری هیچکەس ئاسوودە و دوور نییە لە دڕکی بوختان و تۆمەت.
3. خیسسەت(ج، د، ە): دەرخست. * ئیمساک: دوورەپەرێزی.
واتا: خوازیاری دوورەپەرێزی و چنۆکی بەرەو ڕووت هاتووە و ناترسێ و ڕووداره. خاوەنی عیرفان و زانستیش، سەر لەسەر ئەژنۆ دۆش داماوە و کشاوەتە دواوە.

نان و ئاوی ئەهلی دڵ هەر غوسسەیە و خوێنی جگەر
دەستی بەرداوە لە عورزە تالیبی نانی بەلاش
هەر کەسێ دانگێ شوعووری بێ، شەعیرێکی نییە
ئەبلە بێدەنگ بۆتە ساحێب موڵکی شەشدانگی مەعاش[2]
گەر بە تێڵا و زۆر نەبێ ڕۆزی وەدەس کەس ناکەوێ
شاهیدە بۆ موددەعای ڕاست حوکمی قازی و ... جاش [3]
دین بە زایع [چوو] مەگەر بۆی ڕێ کەوێ پیاو ناگەهان
وەک کەلیموڵڵا خودا کردیە دەلیلی سەنگتراش[4]
نەک وەکوو قازی زەرووری و وەک مەلای ناخوێندەوار
یا خەلیفەی کۆڵەتاش و موڕشیدی خۆهەڵتراش[5]

---

1. سولووک: پێوان، بڕین. * جیفە: منداری بۆگەنیو، بریتییە لە ماڵی دنیا.
* هەراش: درشت و گەورە.

واتا: بۆ پێوانی ڕێی زانستەکان، پاڵەوانیش بێ هێزە و بۆ بڕینی ڕێی نان پەیداکردن گەورە و درشت وەک یەک ئازان.

واتا: ئەهلی دڵ و هەست، نانیان غەمە و ئاویان بۆتە خوێناوی جەرگ. خوازیاری نانی مفتە و خۆڕایی، هیچ عورزەیەکی نییە و ڕووی کردۆتە تەوەزەلیی.

2. نییە(ج، د، ە): هەیە. شەشدانگی مەعاش(ج، د، ە): شەشدانگ و مەعاش.

واتا: ئەو کەسەی دانگێک مشووری هەیە، دەنکەجۆیەکی نییە و نەفامیش بەبێدەنگی بۆتە خاوەنی شەشدانگی ڕزق و ڕۆزی.

3. وەدەس(ب): سەرەتا لەناو دەقەکەدا وەبەر نووسراوە پاشان کەوانەیەک کراوەتەوە و لە سەرێ کراوە بە وەدەس. * بۆ موددەعای ڕاست: بۆوو موددەعایە(ە)، بۆ موددەعی ڕاستی(ج، د).

واتا: خۆ بە تێڵا و زۆری نەبێ، ڕزق و ڕۆزی ناکەوێتە دەست کەس، بۆ گەواهی لەسەر ڕاستی ئەم قسەیەش شاهیدن حوکمی قازی و کیری جاشەکەر.

4. «چوو» لە (ب)دا داکەوتووە. ڕێ کەوێ(ج، د، ە): ڕێک کەوێ. * مەگەر(ج، د): گەر.

واتا: دین لە کیش چووە و مەگەر مرۆڤ کوتوپڕ بۆی هەڵکەوێ و پێێ بگا وەک چۆن خودا، مووسای کردە بایس بۆ بەردتاش.

5. خۆهەڵتراش(ج، د): جەوهەرتراش.

حەریق ▪ 125

یا وەکوو من بەخت و تالیع یاوەر و یارم نەبوو
جێی موتاڵا و نۆبەدەرسم بۆتە دەورەی نۆبەئاش[1]
وەک ئەرەستوو بم، جیهانگیرم سکەندەر بێ، نییە
جارێ بابایەک ڕەفیقم بێ وەکوو وێڵداشی باش[2]

---

کۆڵەتاش: کۆنەپەرەست، نائاگا، بەدفەساڵ. * خۆهەڵتراش: کەسێک کە هەر بەخۆیدا هەڵدەڵێ.

واتا: نەک دینێکی وەکوو قازی زەرووری و مەجبوور وەک مەلای نەخوێندەوار و خەلیفەی کۆنەپەرەست و موریدی خۆبەزلزان.

1. نۆبە دەرس(ج، د، ه): نۆرە دەرس. * بۆتە دەورەی(ه): بوو بە دەورەی.

واتا: یان دینی کەسێکی وەکوو من کە شانس و نەسیب یار و ئاریکارم نەبوو و لە جێی خوێندنەوە و نۆرەی دەرس وەرگرتن کارم بووبووە لە نۆرەی ئاشیدا ڕاوەستان.

2. بابایەک: بابایە(ه)، بابایێ(ج، د). * وێڵداش(ج، د): یۆڵداش.

ئەسکەندەری مەقدوونی: پادشای یۆنانی کەونارا، کوڕی فیلیپی دووەم، کە ساڵی 356ی بەر لە زایین بە دونیا هاتووە و تا تەمەنی 16 ساڵی شاگردی ئەرەستوو بووە.

واتا: وەک ئەرەستوو زاناش بم، سکەندەری جیهانگیر شاگردم بێ، بابایەکی هاوڕێم نییە لەگەڵم بێ وەک دۆستێکی باش.

## پیتی م

**1**

هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دووتاتم
لە خانەی کوولدا کۆڵم بە فەرزی شای ڕوخت ماتم[1]
ئەگەرچی ساکینی موڵکی عەجەم بووم دوور لە ڕۆم کەوتم
لە سایەی پەرچەمی تۆوە ڕەئیسی موڵکی شاماتم[2]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
کوول:کوڵم(ه)، کوک(ج، د). کوول: فیلی شەترەنج(ه.ب) * فەرز: فەرزی، فەرزین؛ وەزیر، جێی ئاماژەیە لە فەرهەنگی دێهخودادا فێ ژێرەی هەیە نەک سەرە واتا دەبێ فیرز بێت.
کوول، فەرز، شا و ڕوخ و مات هەموویان بە یاری شەترەنجەوە پەیوەستن و ئیهامی تەناسوبیان هەیە. لەنێوان کوول و کۆڵدا هاوشێوەی ناقیس هەیە.
بە فەرزی(و، ل ٧٦ ): لە دەورەی، هەروەها لە (ب)دا لەسەر بەفەرزی نووسراوە لەدەورەی.
واتا: با هەموو کەس بزانێ کە من سەوداسەری زولفی تاتای تۆم و لە خانەی فیلدا- کە زۆر بەهێزە- کۆڵەوارم و بە لەبەرچاوگرتنی شای ڕوخسارت مات بووم.
2. ئەم بەیتە ئاماژە بەوەیە کە م. حەریق هاتۆتە وڵاتی ئێران و لە مەڵبەندی خۆی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆم(عوسمانی)دا بووە دوور کەوتۆتەوە. شامات، ئیهامی تەناسوبی تێدایە چون ناوی ناوچەیەکیشە.
واتا: ئەگەرچی کەوتوومەتە ئێران و لە وڵاتی خۆم کە سەر بە عوسمانییە دوور کەوتوومەتەوە یان ئەگەرچی لە ڕووی سپی تۆ دوور کەوتوومەتەوە، لەسایەی پرچی ڕەشی تۆ شوکور ئێستا بۆخۆم بوومە سەرۆکی وڵاتی شامات.
واتا: هەروەکوو ڕەعییەتی چۆن لە موڵکی ئاغایەکدا دادەنیشێ، دڵی منیش خۆش دانیشتووی موڵک و وڵاتی ئەندامەکانی لەشی تۆیە. هەرجێیەکی پێ خۆشە، جاوە یان دڵ، لێی گەڕێ با دابنیشێ و بیگرێتەوە وەی بە قوربانی

دڵم هەروەک ڕەعییەت خۆشنشینی موڵکی ئەعزاتە
لە هەر جێ دادەنیشێ لێی گەڕێ قوربانی باڵاتم
موتاڵای حاشیەی زولفی لەسەر سەفحەی ڕوخی سەعبە
بەوەم چا بوو بە منداڵی لە دەرسی عیشـــقی ڕاهاتم[1]
ئەگەر ڕاستت دەوێ سەروی بوڵەندباڵا درۆ ناکەم
لەپاش فەوتی حەیاتیشم بە ئومێدی مولاقاتم[2]
نەوای ناڵەی حەزینم ڕاستە وەک قافڵەی حیجازی دێ
وەرە سەر سەیری بەزم و سۆزشی شۆری مەقاماتم[3]
دەڵێن فەرموویە یار بێتە موتاڵای خەتتی ڕەیحانی
بڵێن با شەمعی ڕوخساری هەڵایسێنێ ئەوا هاتم[4]

---

باڵات بم کە موڵکی تۆیە.
1. بەوەم(ج، د، ە): لەبۆم. عیشقی(ج، د):عیشقا. زولفی، ڕوخی، عیشقی(ە، و): زولفت، ڕوخت، عیشق.
واتا: خوێندنەوەی پەڕاوێزەکانی زولفی کە کەوتۆتە سەر دەقی ڕوخساری کەمێک گرانە، من کە دەتوانم بیانخوێنمەوە لەبەر ئەوەیە لە منداڵی فێری دەرسی ئیشق و ئەوین بووم.
2. لەنێوان ڕاست و درۆ و فەوت و حەیاتدا سەنعەتی تیباق هەیە. ڕاست، ئیهامی تەناسوبی تێدایە.
واتا: سەوڵی بەرز و بێ گرێ ئەگەر ڕاستیت دەوێ ئەوا من درۆت پێ ناڵێم کە پاش مەرگیشم هەر ئاواتەخوازی دیداری تۆم.
3. سۆزشی شۆری(ج، د، ە): سۆزش و شۆری. نەوا و شوور: ناوی دوو مەقامی مۆسیقای ئێرانین.
حیجاز: گۆشەیەکە لە دەزگای شووردا. * ڕاست: گۆشەیەکە لە دەزگای ڕاستی پێنجگادا.
لە (و)دا:

نەوای ناڵەی حەزینم دێ وەکوو قافڵەی حیجازی ڕاست
وەرە سەر ناڵەیی پڕتەرزشی؟ شۆر و مەقاماتم.

واتا: دەنگ و ئاهەنگی گریانی من بەرز و بڵند و زۆرە و وەکوو کاروانی ڕێی حیجاز بەڕێوەیە.گەرەکتە ئەتۆش وەرە سەر سەیری ئەم ئاهەنگ و بەزمە پڕ جۆشەی کە دڵم دەیگێڕێ.
4. فەرموویە(ج، د):فەرمووتە.
لە (و)دا: دەڵێن فەرموویە یار دێتە موتاڵای خەتتی ڕەیحانیم.

به شیرینی مەزەی لێو و خەتی سەبزت دڵم خۆشە
لە مەیخانەی غەمی عیشقت کەوا سەرمەستی سەهباتم
بە یادی مەدرەسەی عیشقت گەلێ عیلمم کەسب کردن
ئەوێستاکە لەبەر چاوت شەڕابخۆری خەراباتم[1]
قڕانی عاشقانە کەس نەما دەرچێت و سەر دەرکا
مەگەر بۆ موفلیسی وەک من کە بێ قڕان و پەناباتم[2]
کەوا پارچەی غەزەل دەبڕێ «حەریق» ئەمڕۆ لە دیوانت
دەڵێ هەر چاوەڕێی دەستەخەیاتەی زولفی تاتاتم[3]

---

خەتی ڕەیحانی ئیستعارەیە لە گەندەمووی دەوری لێو کە بە خەتی سەوزیش شاعیر ناوی دەبا، هەروەها ناوی چەشنێک خەتی خۆشی ئیسلامییە کە لە شێوەی خەتی نەسخە.

واتا: دەڵێن یار فەرموویەتی با بێ و سەیری گەندەمووی دەموچاوم بکا کە چەن جوانە، پێی بڵێن با شەمی ڕووی داگیرسێنی ئەوا من هاتم.

1. ئەوێستاکە: ئەوێستاکەش(ە)، ئەمێستاکە(ج، د). خەرابات: مەیخانە

واتا: دڵم بە تامی شیرینی لێوت و بە خەتی سەوزی دەوری لێوت خۆشە، لەنێو غەمی ئیشقی تۆدا کە وەک مەیخانەیە ئەمن سەرخۆشی گۆزەڵەی شەابی گەردنی تۆم.

واتا: بە یاد و بیرەوەری فێرگەی ئەوینی تۆوە گەلێ زانستم وەچنگ هێنا کەچی ئێستا لەبەر چاوە مەستەکانت منیش ڕێی مەیخانەم گرتۆتە بەر و بوومە شەڕابخۆری ئەوێ.

2. لەنێوان قڕان و قڕاندا، هاوشێوەی تەواو هەیە.

واتا: هەموو ئاشقانت قڕ بوون و قوربانی بوون لە ڕێی ئیشقتدا غەیری گەدایەکی وەک من نەبێ کە بێ پارە و پووڵ و پەناباتم.

3. کەوا(ج، د، و):کەوای. * دیوانت، دەستەخەیاتەی(و): دیوانا، دەست و خەیاتەی.

غەزەل: ناوی قالبێکی شێعری، پارچەی هاوریشم.

پارچە و غەزەل و خەیاتە، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.

واتا: حەریق ئەمڕۆ کە لە دیوانی تۆدا شێعر دەنووسێ و بە پارچەی غەزەلی ئاوریشمین، کەوا دەبڕێ و دەدوورێ، دەڵێ هەر چاوەڕێم لە پرچی ئاوریشمینیشت چەپکێ بنێری تا غەزەلەکەم جوانتر و خۆشتر بێ یان کەواکەم چاکتر وجوانتر بێ.

## 2

ئەی خزری ڕەهی زوڵمەتی سەر ئاوی حەیاتم
بێ شەمسی ڕوخت ساکینی قەعری زوڵوماتم[1]
ئەفسوردەیی سەرمایی حوزووز و شەهەواتم
ڕەنجیدە و ئازوردەیی دەستی خەتەراتم[2]
دڵ بۆتە پیادەی جڵەوی ئەسپی هەناسەم
بۆ دەوری ڕوخی شاهی جیهان بەیدەقی ماتم[3]
هەرچەند کە هەڵاتم وەکوو بووم شوومی وڵاتم
هەر چاوەنواڕی کەرەمی پیری هەراتم[1]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)

تەنیا، هەشت بەیتی یەکەمی ئەم شێعرە لە نوسخەی (ب)دا هەیە و باقی بەیتەکانی تێدا نییە.

سەر(ە): نێو. * سەر(ج، د): سەری. * زوڵومات: کۆی زوڵمەتە واتە تاریکی، تاریکترین شوێنی زەوی کە دەڵێن ئاوی حەیاتی لێیە. حافز دەڵێ: قطع این مرحله بی همرهی خضر مکن، ظلمات است بترس از خطر گمراهی.

واتا: ئەی خدرزی زیندەی ڕێی تاریکەڵانی ئاوەکەی ژیان، بێ خۆری ڕووی تۆ، دانیشتووی قووڵایی تاریکاییم.

2. سەرمایی(د):سەرای. * حوزووز:کۆی حەز. * خەتەرات: کۆی خەتەرە بە مانای مەترسی و بەدڵدا هاتن.

واتا: گرمۆڵەبووی سەرمای حەز و شەهوەتەکانم و ڕەجاو و ئازاردیتووی بەردەستی خەتەرە و وەسوەسەکانم.

3. دەور(ئەلف، ج، د): دوو. * بەیدەق: پیادە لە شەترەنجدا. * پیادە و ئەسپ و بەیدەق و ڕوخ و شا و مات، زاراوەی شەترەنجن و ئیهامی تەناسوبیان هەیە.

واتا: دڵم بۆتە پیادەی پێش جڵەوی ئەسپی هەناسەم و لە دەوری ڕووی شای جیهاندا وەکوو سەربازێکی مات و بێدەنگم.

گەرچی وەکوو سەردەفتەر و سالاری عوساتم
لەم خاکی دەری ڕەحمەتە مەئموولە نەجاتم[2]
قوربانی سەگت بم شەهی مەیدانی هیدایەت
وەک سالیکی بێ مەسلەکی ڕێی هات و نەهاتم
زەنگی خەتەرە و وەسوەسە وا قەلبی قەڵب کرد
هەر مونتەزیری گۆشەیی میرئاتی جەلاتم[3]
حەیران و سەراسیمە وەکوو بولبولی بێ گوڵ
ئاشوفتە و گیرۆدەیی خاری وەکەناتم[4]
تەعمیری دڵی باغی لە باغ چاترە قوربان
لەم چاوە منیش مونتەزیری مائی فوڕاتم[5]
تا مەتلەعی کەنعانییە نێو چاهی زەمیرم
سەنگین بە سەعادەت بوو تەرازوویی نیشاتم
بۆ دیدەیی یەعقووبی خیرەد یەک نەزەری تۆ



---

1. پیری هەرات: مەبەست خواجە عەبدوڵڵای ئەنساری خواناسی گەورەی سەدەی پێنجەمی کۆچییە.
هەڵاتم لەگەڵ وڵاتم و هەراتمدا و بووم لەگەڵ شووم، هاوشێوەی لاحیقن.
2. عوسات: کۆی عاسی بە مانای تاوانبار و گوناحکار. * مەئموول: ئاواتەخواز.
3. خەتەرە(ە): خەتەر. * خەتەرە: بە دڵدا هاتوو، وەسوەسە. * قەڵب: بەدەڵ. * میرئات: ئاوێنە.
لەنێوان قەلب و قەڵبدا هاوشێوەی ناقیس هەیە.
4. خاری وەکەنات(ج، د): خاڵی گۆناتم.
وەکەنات: کۆی وەکەنەت بە مانای هێلانەی مەل.
5. باغی: سەرکەش. لەنێوان باغی و باغدا هاوشێوەی دوازێدەیی(موزەییەل) هەیە.
مامۆستا سپێهرەددین لە پەراوێزی ئەم بەیتەدا دەنووسێ: «سەروەرم شێخ محەممەد فەرموویان: ئەم بەیتەی حەریق ئاماژەیە بۆ کاتێک کە حەزرەتی شێخ لە ڕۆژاوای خانەقای ئێستادا باغێکیان ڕەنێو دەهێنا و لەلای ئەم باغەوە، خەریکی خاوێنکردنەوەی کارێزێک بوو.» * فوڕات: شیرن و ڕەوان(بۆ ئاو)

خاسییەتی پیراهەنی کردۆتە خەڵاتم[1]
زانیومە کە سووئی ئەدەبە شیکوە لە ئەحواڵ
چ بکەم دەسەڵاتم نییە بێ سەبر و سوباتم[2]
تۆ «شەمس» و منیش زەڕڕەیی بێ جیلوە بە قوربان
نیسبەت هەیە، عەیبی چییە جۆیایی بەراتم
با وەسفی هەموو زیللەت و ئەحواڵی ڕەزیلیم
چون مونکیری تۆ نیم وەکوو سوڵتانی وڵاتم[3]
بەم تەبلەیی عەتتاری خەیاڵاتە «حەریقی»
هەر بانگ کە: وەرە موشتەری بۆ شەهد و نەباتم[4]

**3**

کەی دێیەوە سەر ڕەحمی دڵی زار و نەزارم؟
کەی دێ قەدەمی خێرت ئەسەر خاکی مەزارم[5]

---

1. کردۆتە(ە):کردوە بە. تەلمیحە بە داستانی چاکبوونەوەی چاوی باوکی حەزرەتی یۆسف بەهۆی بۆی کراسەکانییەوە، دیارە ئەم تەلمیحەش بەو بۆنەوەیە کە پیری مورادی شاعیر، ناوی یۆسف بووە.
2. ئەحواڵ(ە): ئەواڵ. * شیکوە لە(ج، د): شەکوای.
3. ڕەزیلیم(ە): ڕەزیلم. * ڕەزیلی: پەستی * زیللەت: سووک و چرووکی
4. شەهد و نەباتم(ج، د):شەهدی نەباتم. * هەر بانگ کە(ئەلف): هەر بانگە.
شەهد و نەبات، ئیستعارەیە لە شێعری شاعیر.
5. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف)
ئەم شێعرە لە (ئەلف) و لە (ب) دەو بەشەدا وا بە خەتتی سوڵتان نووسراوەتەوە، نییە بەڵام بە خەتتێکی دیکە لە سەرەتای نوسخەکەدا هاتووە و لە ڕووی ئەو ساغ کراوەتەوە.
ئەسەر(د، ە): لەسەر.
لەنێوان زار لەگەڵ نەزار و مەزاردا هاوشێوەی زاید و لەنێوان نەزار و

تا کەی لە تەوافی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆت
وەک پەرچەمی پێشانی سەرەفکەندە و خوارم[1]
جارێ نەبوو جاری نەبێ فرمێسکی نەدامەت
بارێ نەبوو بارێ نەیەنێ بۆ دڵی زارم[2]
قوربت سەبەبی بوعدە لە یار و لە دیارم
ڕازیم بە جەفا گەر بە وەفا بێیە دیارم[3]
بۆ لەززەتی عەفوت کە جەریئم لە مەعاسی
مەدڕێنە دەخیل پەردەیی ڕوخسارەیی کارم[4]
چت داوە لە ڕووترشی و سرکەدەمیی ئەغیار
قەندی لەبی شیرین بدە دەمتاڵی خومارم[5]
ئەی عەرعەری بوستانی هیدایەت وەرە باغان
داغانی قیامت کە قەدی سەرو و چنارم[6]
گوێ مەگرە لە ئیهرار و لە ئیسراری ڕەقیبان
سەد عەفعەفی بێ، من لە عەفووت چاوەنواڕم[7]

---

مەزاردا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
1. سەرئەفکەندە(ج، د): سەرئەفگەندە.
تەواف و حەرەم و قیبلە تەناسوبیان پێکەوە هەیە.
2. لەنێوان جارێ و جاریدا هاوشێوەی ناقیس و لەنێوان بارێ و بارێدا هاوشێوەی تەواو و لەنێوان جار و بار و زاریشدا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
3. لەنێوان قورب و بوعد، تەزاد و لەنێوان یار و دیاردا هاوشێوەی زاید و لەنێوان دیار و دیاردا هاوشێوەی تەواو و لە بەینی وەفا و جەفادا، هەم هاوشێوەی لاحیق و هەم سەنعەتی تەزاد هەیە.
4. جەری: ئازا. * مەعاسی: کۆی مەعسییەت واتە تاوان.
5. بدە دەم(ج، د، ه): بە دەمی. لەبی(ج، د): لەبت. سرکەدەمی(ب): سرکەی دەمی.
6. قیامت(د، ه): قییامەت. * سەروی چنارم(ج): سەرو چنارم. * قیام: ڕاوەستان، هەستان
داغان و باغان هاوشێوەی لاحیق و عەرعەر و سەرو و چنار و بوستان تەناسوبیان پێکەوە هەیە.
7. سەد عەفعەفی بێ: من سەد غەزەبت بێ(ه)، سەد غەزەبت بێ(د).
ئیهرار:وەنووزە کەوتنی سەگ لەبەر سەرما، وەڕین. * ئیسرار:

تا دیومە لەنێو مەسحەفی ڕووت سووڕەیی یۆسف
بۆ ئایەتی حوسنت لە هەموو ڕەسمێ کەنارم
تاووس کە لەسەر زینەتی باڵی، سەری دانا
ئەمنیش بە پەڕی فکرەوە بێ سەبر و قەرارم
پەروانەیی شەوقت، مەخەرە ئاگری میحنەت
شەمعی دڵەکەت هەڵکە لەبۆ بەزمی نیگارم[1]
مۆرەی دڵی برد زولفی لەبۆ تەختەیی سینە
لەم نەردە مەڵێن دا مەیە، دێم فێری قومارم[2]
گەر باڵ و پەڕی بەخت نەسووتایە، «حەریقی»!
بۆ سەیدی مەعانی بە مەسەل بازی شکارم

---

گوێقوڵاغکردنەوەی کەر و ئەسپ.
1. پەروانەیی شەوقت: ئیزافەی مەسدەر بە مەفعوولە، پەروانەی شەوقی من بۆ تۆ.
2. دا مەیە(ج، د، ە): وا مەیە، دەکرێ "دامەیە" بەسەر یەکەوەش بنووسرێت.
لەنێوان مۆرە و تەختە و نەرد و دامەدا تەناسوب هەیە.

## 4

به زاهیر گەر لە ئەسبابی سروور و سووری تۆ دوورم
بە شوکری نیعمەتی وەسڵت لە شادی دام و مەسروورم[1]
لە بووک و پێخەسوو، بەربووک و پۆپ چەرمگ، نەبووم ئەمما
دوعاگۆیی دەلیلە ئەڵبەتە لەو زومرە مەحشوورم[2]
لە خەیمەی ساحەبی سەیف و قەڵەم وەزعی عەلەم وا بوو
سەدای تەپڵی بەشارەت بوو، بڵێ فەتحیم و مەنسوورم[3]
بە نەقدێ گەر حەیاتی عارییە قابیل بە تەقدیمە
نیساری فەرموو دا وا بڵێم شوکر بۆ یاری مەنزوورم[1]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم غەزەلە لە نوسخەکانی (ئەلف، ب)دا نییە و تەنیا لە سێ کتێبی چاپکراوی دیوانی حەریق واتا (ج، د، ه)دا هەیە. شاعیر نازناوی خۆی نەهێناوە، هۆکارەکەی ڕوون نییە بەڵام لەو سەردەمەدا نەریتێکی باو نەبووە جا ڕەنگە بەیتەکانی ئەم شێعرە لەوە زیاتر بووبێ و ون بووبێت یان چونکە داشۆرینی تێدایە ناوی خۆی نەهێنابێ. هیوادارم ڕۆژێک کۆی شێعرەکە ساغ بکرێتەوە و لیمان ڕوون بێ کە مەبەستی شاعیر لە هۆنینەوەی ئەم هەڵبەستە چی بووە. لێرەدا من بەراوەردێکم کردووە لەنێوان دەقی هەر سێ کتێبەکەدا و ئەوەی باشتر و ڕەوانتر بووە هەڵم بژاردووە و لە هەندێک جێدا بە شێوەی قیاسی ساغم کردۆتەوە هەڵبەت لە هەموو شوێنەکاندا جیاوازی نێوان دەقەکانم خستۆتە ڕوو. * شوکر(د): شەکر.
لەنێوان سوور و دووردا، هاوشێوەی لاحیق و لەنێوان سروور و سوور، هەروەها مەسروور و سروورردا هاوشێوەی زاید هەیە.
2. پۆپ چەرمگ: سەرسپی بە زاراوەی کوردانی هەوشار. زومرە(د): زومرەیە.
3. عەلەم: علیم(ه)، عیلم(د). * بڵێ(ه):بەڵێ. * خەیمە: خێوەت. * سەیف: شمشێر، شیر. * عەلەم: ئاڵا.

خەیاڵی قەسدی فەسدت بوو کە دەستی نەشتەرت لەرزی
لەبەر پێی موددەعی کەوتووی دەڵێی پاک (....) شوورم[2]
لە سۆزی سینە، عوودی مەجمەری بەزمی موحیببانم
لەگەڵ ئەفسووردەییش بۆ گەرمی مەجلیس ئاگری سوورم[3]
وجوودم گەر خرایە ڕەنجە، دڵ هەر مەخزەنی گەنجە
بۆ سەیرانیش لەلای ئەهلی دەروون ئاباد و مەعموورم[4]
قوتابی نیم لە هەوڵی نان و شەکر و لوقمەیی قازی
لە ئەهلی تالیبی تەحسیل و زیکر و ویردی مەئسوورم[5]
دەڵێ بیستوومە خوانەخواستە گیر نەبووە هیچ تیرت
لەدەس کەوتووی لەبەر پێدا دڵی بێزار و بێ زوورم
لە فەتحی بابی خێر وەک بولحەسەن بۆ قەلعی خەیبەر ڕۆی
چ خێر بوو وا لەدەس چووی هەر ئەڵێی من ترکی مەئموورم[6]

---

1. عارییە(ه): عارییەت. * یاری(ج، د): پاری. * یاری(ه): پارە. دا وا بڵێم(ه): تا بیڵێم.
لە (ج، د)دا، لەنێوان "بڵێم" و "شوکر" وشەی "سەد" هاتووە.
2. ئەو بەیتە هەروا بە ناتەواوی لە (ج، د) دا هەیە و لە (ه)دا نەهاتووە. دێڕی دووهەم دەتوانێ بەم دوو شێوەیە بێت: دڵی پاکی شەڕ و شوورم یان دڵی پاک پڕ شەڕ و شوورم یان دەڵێی من پاک و ڕووسوورم. دەڵێی(ج، د): دڵی.
3. عوودی(ج، د): عوودا. لە سۆزی سینە عوودی(ه):لە سۆزی سینەیی عوود.
4. خرایە(ه): خەرابە. * خرایە(د): خرابە، ئەگەر ئەمە بە ئەسڵ دابنێین ئەو کاتە بەیتەکە ئاوای لێ دێتەوە: وجوودم گەر خرابە، ڕەنجە دڵ، هەر مەخزەنی گەنجە.
5. لوقمەیی قازی: لوقمە بی قازی(ج)، لوقمەقازی بم(ه). * تالیب(ه): تایب. * ویردی مەئسوور: ویردەکانی تایبەتی پێغەمبەر(ص).
6. ئەو بەیتە لە (ه)دا نەهاتووە. قەلعی(د): قەڵای. * ترکی(د): تەرکی.

لە دەعوادا یەدی بەیزا، عەسای مووسات لە دەستا بوو
ئیجازەی ماری خۆشت پێ نەما فەرمووتە مەسحوورم[1]
بە مەرگی تۆ دەلیلی نابەڵەدیە بۆ هەموو لایەک
مەلای دەرس لابەلا گاهێ سەرەوخوار، گەهـ سەرەوژوورم[2]

1. یەدی بەیزا، عەسای مووسات(ە): یەدی بەیزا و عەسای مووسات.
2. ئەو بەیتە لە (ە)دا نەهاتووە. نابەڵەدیە(ج، د): با بەڵەدیە. * گەهـ(ج): کە.
* مەلای(ج، د): مەلا.

## 5

وەکوو کاکۆڵی سەرشانی عەزیزم
پەڕاکەندە و پەرێشانی عەزیزم[1]
دوو چاوم پڕ لە مرواری سریشکە
لەبۆ لەعلی بەدەخشانی عەزیزم
لە تەندووری دڵم بۆی وەک تەنوورە
جگەرسووتاوی هیجرانی عەزیزم
هەموو ڕۆژێ لەبۆ تەسلیمی ڕووحم
وەکوو قوربانی قوربانی عەزیزم
مەڵێن کوشتەی خەدەنگە یا نە خەنجەر
شەهیدی تیری موژگانی عەزیزم
بەدایم مەست و مەخموورم لە بادەی
پیاڵەی چاوی فەتتانی عەزیزم[2]
لە فەننی دڵبەریی و دڵڕوبایی
نییە ئەمساڵ و ئەقڕانی عەزیزم
هیلالی نەو، نەحیفی گۆشەگیرە
لە حەسرەت ماهی تابانی عەزیزم
وەکوو شاهی جیهانم تا «حەریقی»
گەدای دەرماڵی دەربانی عەزیزم

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن فعولن ( هزج مسدس محذوف)
ئەم شێعرە تەنیا لە (ە)دا هەیە و لە (ئەلف) و (ب)دا نییە.
2. مەخموورم(ە): مەخموورە، بە شێوەی (ت.ق) ساغ کراوەتەوە.

**6**

به قوربان ئێستە هیجرانت دەناسم
کە ناری فیرقەتت بۆتە لیباسم[1]
بەبێ دوککانی حوسنت موددەتێکە
لە بازاڕی ڕەواجا من کەساسم
موشەووەش بوو وەکوو کاکۆڵەکەی تۆ
لەف و نەشری خەیاڵاتی قیاسم[2]
بە تابووری بلووکی نووکی موژگان
شکا تەرتیبی نیزامی حەواسم[3]
بە تیرێکت کە جەرگت پارە کردم
مەکە، بەو بارە من هەر بوو خەلاسم[4]
کە خاڵی لەعلی لێوت ڕەهبەرم بێ
لە خزری زیندە نابێ ئیلتیماسم[5]
کە شک نابەم گوڵی ڕووی لالەڕەنگت
ئەوا موحتاجی ڕووی لالەعەباسم
لەبەر تەعنەی عەوام ئەندێشە ناکەم
کە من عاشق بە گوڵغونچەی خەواسم
بە شەمعی جەمعی ڕوخسارت «حەریق»م

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن فعولن ( هزج مسدس محذوف)
ئەم شێعرە لە (ئەلف، ب)دا نییە.
2. کاکۆڵەکەی تۆ(ج، د): کالەکی توو.
3. تەرتیبی نیزام(ە): تەرتیب و نیزام.
تابوور:سپا. * بلووک: کۆمەڵێک وڵاتی هاوپەیمان.
لەنێوان تابوور و بلووک و نیزامدا تەناسوب هەیە.
4. من هەر(ە): هەر من.
5. خزر(د، ە): خدر. * ڕەهبەر(د): زەهیر.

نەسیمی ئیلتیفاتی تۆ دەناسم[1]

1. حەریقم(ج، د):حەریقی.

**7**

له خدمەت قازییا، لاریم نییە بۆ سەر چ جای ماڵم
چ حیکمەت بوو ئیشاراتی نەفەرموو بۆ شیفای حاڵم[1]
فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجی موڵکی جان و دڵ
نیساری تۆزی بەر پێت بێ ڕەواجی عومری سەد ساڵم
دەمێکە چاوەڕێی سورمەی غوباری کوویی خووبانم
بە خاکی مەقدەمی تۆ نائیلی میعراجی ئامالم[2]
لەبەر تەوقی وەفا دەموت کە قومری سەروی باڵاتم
لەبەر تەنگی قەفەس حەیفێ وەری جەمعی پەڕ و باڵم[3]
بە حوکمی خۆتە ئیمزا بۆ مولاقاتی شەڕەفیابی
لە هەر لایێ دەفەرمووی حازر و موشتاقی ئیقباڵم[4]
لە خدمەت خان و سەرهەنگدا سەلامم فەوجی سەربازە
دوعا سوڵتان و یاوەرمە لەبۆ سەرتیپی ئەقوالم[5]



---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم شێعرە لە نوسخەی (ئەلف)دا نییە بەڵام لە نوسخەی (ب)دا بەختەوەرانە بە خەتی نووسەری سەرەکی واتا سوڵتان هەیە و لە سەردێڕیشیدا نووسراوە: نامەی حەریقی کە بۆ خزمەت جەنابی میرزاعەلی قازی ناردوویەتی و بەیتی ئاخریشی لە عەلی بەگی فەیزوڵڵابەگی دواوە چون لەو کاتەدا (اجتماع علیتین بقرب اعلی) ڕوویدابوو.
خدمەت(ج، د، ە):خزمەت. * نەفەرموو(ە): فەرموو. * نەفەرموو(ب، ج، د): نەفەرمووی.
ئیشارات لەگەڵ شیفا ناوی دوو کتێبی ئیبنوسینان لە حیکمەتدا.
قازی لاری: ناوی کتێبێکی کۆنە لە فەلسەفە و مەنتقدا.
2. کوویی خووبان: وڵاتی جوانان. * نائیل: پێگەییو. * ئامال: ئاواتەکان.
3. وەری(ج، د، ە): دری.
4. ئیقباڵم(ج، د، ە): باڵاتم. * ئیقباڵ: ئیستیقباڵ.
5. خدمەت(ە): خزمەت. سەلام(ە): سیلاح. تەناسوبێکی جوان لەنێوان

وشەکانی ئەم بەیتەدا هەیە.

---

وشەکانی ئەم بەیتەدا هەیە.

**8**

له ئەم عیده بەعیدم من له دیداری ڕەفیقانم
خودا سا تۆ قەریبم کەی له خوانی وەسڵی یارانم[1]
لەلایێ عیشرەت و شادی، لەلایێ گەردنازادی
ئەمن کەوتوومه نێو داوێ، حەریقی ناری هیجرانم[2]
سەرم قوربانت ئەی ساقی که تۆ سادەی وەره سا دەی
فیداتم دەستوبردێ که ئەجەل نەک بێ به میوانم[3]
دڵم کەوتۆته زوڵمات و دەڵێ پێم خۆشه تاریکی
به تارێکی سەری زولفت ئومێدم ماوه وەبزانم[4]
خودا عومرت بدا باقی، وەره ساقی بده ڕاقی
که تۆ هەمڕازمی مەی بێنه بۆ دەرمانی دەردانم[5]
هەتا کوفری سەری زولفت ببینم وا لەنێو کوفرام
که دیتم شەمعی ڕوخسارت دەڵێم ئۆخەی موسوڵمانم[6]
به ڕەنگی ئەشکی خوێنینم که ڕووسوورم له قاپی حەق

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
لەنێوان عید و بەعیددا هاوشێوەی زاید و لەنێوان بەعید و قەریبدا تەزاد هەیە.
2. داوێ(ب): وادی.
3. لەنێوان "سادەی" و "سا دەی"دا هاوشێوەی لێکدراوی بڵاو هەیە.
4. لەنێوان تاریکی و تارێکیدا، هاوشێوەی ناقیس هەیە. تەلمیحه بەم داستانه که دەڵێن ئاوی حەیات له تاریکی دایه یانی ئاوی حەیاتی ڕوخساری یار لەنێو تاریکی زولفیدا شاردراوەتەوە.
5. ڕاقی(ئەلف): ساقی. * خودا(ج، د): خوا.
لەنێوان باقی و ساقی و ڕاقیدا هاوشێوەی لاحیق و لەنێوان دەرد و دەرماندا تەزاد هەیە.
6. کوفری سەری زولف و شەمعی ڕوخسار، ئیزافەی تەشبیهی هەڵگەڕاوە(مەقلووب)ن.

لە فەیزی تۆوەیە ساقی بەجۆشە تاوی گریانم
بە خوێناوی دڵی زارم وەرە کاکۆڵ حەنائی کە
مەڵێ ڕاوەستە تا قوربان، لە عیدەینا بە قوربانم
لەنێو ئاتەشکەدەی غەمدا کەبابی دڵ ئەوا برژا
شەڕاب بێنە بە پەیمانە تەواوە عەهد و پەیمانم[1]
شوکر وەسڵم هەیە ئەمڕۆ لەگەڵ پەیکان و تیغی تۆ
کە کوشتەی تیری موژگانم، کە چاکی تیغی حیرمانم[2]
وتت دانەی خەیاڵت بێنەرە نێو دامی زولفینم
ئەگەر دەیکەم پەرێشانم، ئەگەر نەیکەم پەشیمانم
سەفی تابووری موژگانت لە قەلعەی دڵ کە جێگیر بوو
هەتیوی دڵ نەما جێگەی لەبۆ کوێ ڕۆیی نازانم؟!
«حەریقی» تەرکی یار ناکەم سەرم ببڕن ئەگەر فەڕزەن
نییە باکم لەبەر تەعنە، موریدی پیری ڕەندانم[3]



**9**

بولبولی دەوری گوڵ و تووتیی شەککەرشکەنم
قومریی سەروی خەرامان و تەزەروی چەمەنم[4]

---

1. پەیمانە(ج، د): پێوانە.
2. چاکی(ئەلف، ب): چاکە.
3. لە (ئەلف)دا لەسەر "تەعنە" نیشانەی هەمزە هەیە کە دەبێ تەعنەی(ج، د، ه) بخوێنرێتەوە بەڵام تەعنەی موریدی پیری ڕەندان، مانایەکی بەجێی نییە.
4. کێشی شێعر: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن(رمل مثمن دالبون محذوف) دەوری(د): دووری. * تەزەرو(ج، د): تەرز. * تووتیی شەککەرشکەن: مەلی خۆش قسە و شیرین ڕاوێژ. تەزەرو: ناوی باڵندەیەکە؛ قەرقاوڵ، تەرەزوو، کەڵەشێری کێوی.
لە هەر دوو دێڕی ئەم بەیتەدا، تەشبیهی بەلیغ هەیە.

بێنەوا و ساحیبی ئاوازی حەزینم بە نەوا
شەمعی هەر جەمعم و پەروانەیی هەر ئەنجومەنم[1]
سوحبەتی قودسی و سەیری مەلەکووتیم دانا
بە عەلاقەی ئەم و ئەو هەمدەمی زاغ و زەغەنم[2]
لەززەتی جەننەتی ڕووم داوە بە دانەی خاڵی
ئەمە ئیرسی پەدەریمە بە پسەر پێ دەکەنم
موڵکی تەجریدی بەجێ هێشت و بەهەشتی دانا
ئێستە گیرۆدەیی خاروخەس و دارودەوەنم[3]
بەهەوای ئابی حەیاتی دەهەن و نۆشی لەبی
خزری زیندەیی سەرچاوەیی چاهی زەقەنم[4]
هاوسەری موشکی سەری زولفە، قەتاری نەفەسم
مالیکی قافڵەیی چین و خەتا و خوتەنم[5]
مەجمەعەی سینە و فینجانی مەم و شەربەتی دەم
خەلعەتی یارە کە زانیویە غەریبی وەتەنم[6]
قەندی لێوی تەڵەبی چا نییە، بۆ سرکە دەکەی؟
نەک بە تاڵی بدوێ خوسرەوی شیرین سوخەنم[1]



1. لەنێوان بێنەوا و بە نەوادا، هاوشێوەی ناقیس و تەزاد هەیە. شەمع و جەمع هاوشێوەی لاحیقن.
2. مەلەکووتیم(ج، د):مەلەکووتم. * قودسی: ئاسمانی، بەهەشتی. * مەلەکووتی: یەزدانی، خودایی. عەلاقە: نیسبەت، پێوەندی، هۆگری. * زاغ: قەلەڕەشە. * زەغەن: کۆلارە.
3. دار(ج، د): داس.
تەجرید: ڕووت کردنەوە، تەنیایی، گۆشەگیری، نەبوونی پێوەندی بە دنیای ماددییەوە.
4. خزر(د، ە): خدر. * ئابی حەیاتی(د): ئاب و حەیاتی، ئاوی حەیاتی(ە)
5. هاوسەری موشکی سەری(ج، د):هەر سەری موشک و سەری. * چین و خەتا(ە): چینی خەتا.
6. مەجمەعەی(ە): مەجمەعی. مەجمەعەی(ئەلف، ب): مەجمەعە. یارە(ە): پارە. * مەجمەع: تەبەک، سینی. * خەلعەت: خەڵات.

وەجدی مەجنوون لە پیاڵەی غەمی لەیلا دایە
بە خەیاڵی لەبی شیرین، بێستوون هەڵدەکەنم[2]
شادی بێگانەیە، خزمم غەمە گەر مردیشم
ئەوە واریس لە حیساب و حەقی گۆڕ و کەفەنم[3]
گەنجی فکرم کە لەنێو کونجی غەما دیوەتەوە
موڵکی شادیم هەیە تا ساکینی بەیتولحەزەنم
تیرەکەی بێخەتەرە یاری کەمان ئەبرۆ «حەریق»
گەرچی ئەو ڕۆستەمە ئەلحەق ئەمنیش ڕوویینتەنم[4]



1. چا نییە(ە): چاییە. * بۆ سرکە دەکەی(ج، د، ە): سا، سرکە مەکە. * سرکە: سرتە.
لە وشەکانی چا و سرکە و شیریندا ئیهامی تەناسوب هەیە. تاڵ و شیرین، پێکەوە تەزادیان هەیە.
2. لە وشەی شیریندا، ئیهام هەیە. دێڕی دووهەم، تێلنیشانە بۆ داستانی شیرین و فەرهاد.
3. دێڕی دووهەم لە (ئەلف)دا: ئەوە واریس لە حیسابی گۆڕ و کەفەنم، لەنگە و بەم شێوەیە ساغ کراوەتەوە. حیساب و حەقی(ب): حیسابی حەق.
4. بێخەتەرە(ە): بەخەتەرە. ڕوویینتەن(ئەلف، ب): ڕووبیتەن. * ڕوویینتەن: مەبەست کەسێکە کە گیانی لە کانزای ڕووی بێت.

## 10

بەشی ناسینی نامەردی لە کەسدا مەردی نابینم
لەلایێکی کە ڕووگەرمی نەبێ دڵسەردی نابینم[1]
چ ڕووسپیەک بە ڕووسووری لە بۆتەی ئیمتیحان دەرچوو
درۆ ناکەم بە وەجهی ڕاســـتی ڕووزەردی نابینم
لە کەند و ڕەندی عالەم قەت مەپرسە گەر خیرەدمەندی
خودا هەڵناگرێ ڕەندم نەدیوە کەندی نابینم[2]
لە کەس وردیم نەدیوە تا درشتی پێ نمایان بێ
کەسێ بڕوێش دەکا و لافی دەقیقە، وردی نابینم[3]
گەلێ کەس دەستی چا دەڕوا وەکوو چا ئابڕووی ڕۆیی
وەلی بۆ دین وەکوو دونیا بە دەستوبردی نابینم[4]
ئەوەی عارف بوو دەیزانی ئەمن چم دەکوت و لام باشە
دەڵێم زاهید بە دارا چێ ئەمن وەک بەردی نابینم[5]
«حەریق» دەردی گرانە دەردی بێهاودەردییە[تی وا]

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئەم شێعرە بە گشتی لەسەر سەنعەتی تەزاد یان تیباق دامەزراوە. دەتوانین بڵێین شرۆڤەیەکی تەواوە بۆ ئەو پەندە عەرەبییەی کە دەڵێ: تُعرَفُ الاشیاءُ باضدادها. بەداخەوە دەقی سەرەکیمان بۆی نەبوو، تەنیا بەراوەردێک کراوە لەنێوان کتێبە چاپکراوەکاندا.

2. کەندی یەکەم(د): گەند. * کەندی دووهەم(ج، د): کوند.

3. بڕوێش: دانەوێڵەیەکی درشتە. * دەقیق: لە عەڕەبیدا یانی ئارد، ورد.

4. وەلی(ج، د): دەڵێ، بە شێوەی تەسحیحی قیاسی ساغ کراوەتەوە. * وەلی(ە): بەڵام.

5. لە (ج، د)دا : ئەوەی عارف بێ دەیزانی ئەمن چم گوتوە لام باشە/دەڵێم زاهید بە دار چێ ئەمن وەک با بەرد نابینم.

له هاوده‌ردی گه‌ڕاوم حه‌یفێ هیچ هاوده‌ردی نابینم[1]

1. له (ج، د)دا: "حه‌ریق، ده‌ردی گرانه، ده‌ردی بێهاوده‌ردییه" كه ناته‌واوه. * حه‌یفێ(ج، د): حه‌یفه.

## 11

خودا ڕەحمێ بکا بدخاتە داوم
دەبێ ڕۆشن بینایی هەر دوو چاوم[1]
وەرە بڕوانە حاڵی من چلۆنە
خۆراکم بوو بە زووخاوی هەناوم
لەبۆیە هێندە بێ تاب و قەرارم
کە دوور لەم پەرچەم و کاکۆڵی خاوم
لە حەسرەت لێوی ئاڵی شەککەرینت
وەکوو کوورەی حەداد دایم بەتاوم
نەکەی فکری کە حاڵم چاکە بێ تۆ
بە تەحقیق وا بزانە بۆت نەماوم
وەرە ڕەحمێ بکە قوربانەکەت بم
لەبەر دووری ئەتۆ بێ خورد و خاوم
ببینە ڕووحەکەم بێ تۆ چلۆنم
ئەوا دەتکێ لەدووی یەک خوێن لە چاوم
خودا بکە وەک ئەمن کافر نەبیتن
ئەوەند دەرد و غەمت سەریان لێ داوم
«حەریقی» غەرقی خوێنە شەو هەتا ڕۆژ
وەرە دەرمان بکە جەرگی بڕاوم

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن فعولن ( هزج مسدس محذوف)
ئەم شێعرە لەلایەن کاک عەبدوڵڵای حەبیبیەوە بە دەستم گەیشتووە کە لە نوسخەیەکی خەتتی بە
ناوی (جنگ اشعار)دا بینیویەتی. نوسخەکە ساڵی ١٣١٤ک.م نووسراوەتەوە و لە کتێبخانەی میللی ئێرانا دەپارێزرێ.

## 12

نەما ئابی بەقا، بادی فەنا، خاکی بە با داوم
کە یارم ئاتەشی دووری لە پووشی جەستە بەرداوم[1]
بە قوربانت بم ئەی ساقی بدە پێم ڕاحەتی ڕووحم
بەبێ ئابی حەیاتی تۆ جگەرسووتاو و برژاوم[2]
بە شەوقی شەوچرای کوڵمت فریبت دا کە مورغی دڵ
بە شێوەی زولفەکەت زانیم کە من گیرۆدەیی داوم[3]
کە دیتم شەمعی ڕوخسارت بە پەروانەی دڵی خۆم وت
لەنێو چاوانی خۆم نووسیوە هەر بەو شەمعە سووتاوم
تەماشای چاوەکەم کردی برۆت فەرمووی ئەمن تاقم
بە شۆخی زولفی لاولاوت دەوێژێ هەر ئەمن لاوم[4]
دەڵێن وا جێژنی نەورۆزە، دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جێژنە پیرۆزە بدەم ڕووحم، بەسەر ماوم [5]
وەرە سەرچاوەیی چاوم دەڵێی دەریایی عوممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم
هەموو کەس مەستی بادەی کەیف و شەوقی بەزمی

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
ئاب(ج، د، ە): ئاو. * ئاتەش(ە): ئاگر. * پووش(ە): پێست.
ئاو و خاک و با و ئاگر، لەلایەن زانایانی کەوناراوە، بە چوار توخمی سەرەکی سروشت دەناسران.
فەنا و بەقا دوو قۆناغی سولووکن کە لە باری واتاشەوە تەزادیان هەیە.
2. ئاب(ج، د، ە): ئاو.
3. فریب(ە): فریو. * شەوچرای (ج، د): تۆ چرای. * فریبت دا کە(ج، د): فرینت کە.
4. لە وشەی تاقدا، ئیهام هەیە.
5. ماوم(ە): چاوم. * بەسەر(ج، د): لەبەر.

جانانە
بەتەنها هەر ئەمن ئەمڕۆ لە خاکی میحنەتا ماوم[1]
تەماشای چاوی نێرگس کە بە مەستووری چ مەخموورە
تەماشای پێکەنینی گوڵ بە ئەحواڵی پەشێواوم [2]
دیارە، ساقی بێ باقی، نییە مەیلی بە دڵداری
دەڵێم ها نەقدی جان و دڵ، دەڵێ لاچۆ لەبەر چاوم
دەوای هیجرانی گوڵ ئەی دڵ لە «شێخ ئەحمەد» تەمەننا کە
بڵێ ئەمڕۆ بە ناحەق نەونەمامێ جەرگی پێکاوم [3]
حەقم بستێنە ئەی نەخلی موراد و سەروی ئازادم
وەکوو عارەب دەخیلت بم زەلیل و زار و داماوم
«حەریقی» ناری هیجران و غەریقی ئەشکی حیرمانم
لە خاک و بادی عالەمدا ئەنیسی ئاگر و ئاوم [4]



## 13

بۆ جەمعی غەم و شادی بوو نەورۆز و موحەڕڕەم
ڕووت بەرگی گوڵی شادی و زولفت شەوی ماتەم[5]

---

1. میحنەت(ە): مەینەت. بادەی، شەوقی(ج، د): بادە و، شەوق و.
2. مەخموورە(ج، د): مەخموورم.
3. شێخ ئەحمەد(ج، د): شێخ شاباز.
4. ئاو(ە):تاو. لەنێوان حەریق و غەریقدا هاوشێوەی موزاریع هەیە.
5. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
بەداخەوە ئەم غەزەلە لە (ئەلف)دا نییە بەڵام لە (ب) لەو بەشەدا هاتووە کە بە خەتتی خۆشی سوڵتان-ناو نییە و بە خەتتێکی دیکە نووسراوەتەوە.
بوو نەورۆز و(ج، د، ە): نەبوو ڕۆژی، بە نەورۆز و موحەڕڕەمیش دەخوێنرێتەوە.
لە دێڕی یەکەمدا، پێچەوپەخشەی ناڕێک(لەفونەشری موشەووەش) و لە

بەو وەجهە دەڵێن مەسحەف و بەو نوقتە دەڵێن دەم
بەو زولفە دەڵێن قەید و بە ئەو حاشیە پەرچەم[1]
تەفسیری شەوی وەسڵ و غەمی ڕۆژی فیراقە
مەشهوورە لە دنیا بە بەهەشت و بە جەهەننەم[2]
تەقسیمی ئەزەل وا بوو لە ڕاوێ، من و یارم!
بۆ سەیری ئەمن سەید و ڕەقیب کەلبی موعەللەم[3]
تەسبیحی سەنای زولفی خەیاتە و لەبی مەرجان
سەررِیشتەیی ئێمەی دەوێ بۆ عیقدی مونەززەم[4]
شادی ئەسەری مەستییە بێ شەرت و وەفایە
بۆ فورسەتی تەنگانە غەمە موونیس و مەحرەم[5]
عومرێ کە ئەساسی، هەوەس و بازیی نەفس بێ
قابیل نییە بۆ خێوەتی شادی و عەلەمی غەم[6]
بێ سێبەری سەبر و گڕی شەوقێکی مودارا
نەمدیوە لە گەرما و لە سەرما دڵی خوررِەم[7]

---

دێری دووهەمدا، شوبهاندنی بڵاو(تەشبیهی مەفرووق) هەیە.
1. وەجە: ڕوخسار. * مەسحەف: کتێبی پیرۆز. * قەید: زنجیر. * حاشیە: پەراوێز.
لە هەر دوو دێری بەیتەکەدا، شوبهاندنی بڵاو هەیە.
2. لەنێوان دێری یەکەم و دووهەمدا، پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە. هەروەها لە بەینی وشەکانی دێری یەکەمدا، سەنعەتی تەزاد هەیە. بەیتەکەش بەگشتی، تەشبیهی بەلیغە.
3. ڕاوێ(ج، د، ە): دوایی. * سەید: نەچیر. * کەلبی موعەللەم: سەگی ڕاهێنراو.
4. تەسبیح و خەیاتە و سەررِیشتە و عیقد، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
5. ڕەنگە هەمدەم بۆ سەروای ئێرە شیاوتر بێت.
6. بازی(ب، ج): باری. خێوەتی شادی و عەلەمی غەم: خێوی وی شادی و ئەلەم و غەم(ە)، خێوی شادی و عیلم و غەم(ج، د).
7 . بێ سێبەری سەبر و گڕی شەوقێکی مودارا(ج، د، ە): بێ سێبەر و سەبر و گڕەشەوقێکە مودارا، گڕی شەوقێکی مودارا دەکرێ بە شێوەی گڕەشەوقێکی مودارا-ش بخوێنینەوە.
لەم بەیتەدا، پێچەوپەخشەی ناڕێک و لەنێوان وشەکانیشدا، تەزاد هەیە.

بۆ دڵبەری مەعنی لە حەرەمخانەیی ئەسرار
خۆی و قەڵەمی ماوە «حەریق» ئێستە بە مەحرەم[1]

## پیتی ن

**1**

ئەی تۆبە لە دەس ڕۆژی فیراق و شەوی هیجران!
وەیڕۆ لە هەرا و کەشمەکەشی ساعەتی حیرمان![2]
هەر خۆزگە بە پارم لە فیراق و غەمی یارم
هەر چاوەنوارم لە نیگای دیدەغەزالان [3]
جاران بوو کە ماڵم دەچوو باقی بوو کەماڵم
ئەمجارە بەجارێ سەر و ماڵم چوو بەتاڵان
تا سونبولی زولفت بووە پەرژینی گوڵی ڕووت
نەمدیوە لە دووریشەوە عیشوەی خەت‌وخاڵان
بۆ سەبزەیی نەوخێزی خەتی لالەڕوخانم
هەوری خەفەتم حازرە بۆ دیدەیی گریان
غونچەی ئەمەلم چونکە نەپشکوتووە ئەمساڵ
بولبول بە دڵم دێژێ کە سەد خۆزگە بەساڵان
تۆ تاری سەری زولف و منیش ئەشکی بەحەسرەت
خۆش دێن لەیەک ئەو ڕیشتە و ئەم دانەیی مەرجان[4]

---

1. حەرەمخانە: حەڕەفخانە(ه)، حەرەمی(ج، د).
2. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)
3. فیراق و غەمی یارم(ج، د، ه): فیراقی غەمی یارم. لەنێوان یارم و پارمدا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
4. خشتەی دووهەم لە (ج) و (د)دا: خۆش بەیەکا ڕیشتەیی دام و دانە و مەرجان. * ئەم(هـ): ئەو.

قەترەی عەرەقی شەبنەمی بەرگی گوڵی ڕووت بوو
وەم زانی کە مەرجانە لەسەر لەعلی بەدەخشان[1]
تا ڕیشتەیی زولفت بووە دامی دڵی مەیلم
مەجنوونی دوجەیلم لە هەموو قەومێ هەراسان
جەرگم بەدەمی تیغی برۆت ببڕە بە شەرتێ
بیدروی بە تەڵی زولف و بە تای سووزەنی موژگان[2]
لەو چاکە کەوا دیومە کەواچاکی دووگیرفان
گیرفانی دەروونم بە خەیاڵ پڕ بوو لە عیرفان[3]
دڵ بۆیە سیوادی بووەوە زوو لە خەتی تۆ
منداڵ بوو کە فێر بوو لە خەتی لەوحەیی جانان[4]
تا ئایەتی حوسنی لە خەتی مەسحەفی ڕووت خوێند
ساحێبی سەواد و خەتە ناتیق بوو بە قورعان
تەشریحی خەیاڵی فەلەکولئەعزەمی وەجهت

---

لەم بەیتەدا، پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە.

1. لەو بەیتەدا، شوبهاندنی لێکدراو(تەشبیهی مورەککەب) و پێچەوپەخشەی ڕێک هەیە.

2. ببڕە(ە): بێرە. * سووزەن(ج، د):سووژن. لەنێوان تەڵ و تای سووزەندا تەناسوب هەیە.

3. چاک: پیر، شەخس، ئەو کەسەی مەبەستی شاعیرە، ڕوون نییە زیندوو بووە یان مردوو بەڵام ئاشکرایە خۆی بە مەقاماتی عیرفانییەوە نواندووە و حەریق، بە گاڵتەوە باسی دەکات.
لەنێوان گیرفان و عیرفاندا، هاوشێوەی لاحیق هەیە.

4. منداڵ(ج، د): مناڵ. * سیوادی بووەوە: فێری خوێندنەوە بوو. * لەوحەیی جانان: ڕواڵەتی جوانان، ئیزافەی ئیستعارییە. * لەوح: لە ڕوانگەی سۆفیانەوە، مەرتەبەیەکە لە زانستی خودایی، تەختەیەک بووە لە دار یان کانزا کە منداڵان لەگەڵ خۆیان دەیانبردە مەکتەبخانە و شتیان لەسەر دەنووسی، حافز لە شینی منداڵەکەیدا دەبێژێت:

دلا دیدی کە آن فرزانە فرزند
چە دید اندر خم این طاق رنگین
بجای لوح سیمین در کنارش
فلک بنهاد بر سر، لوح سنگین

تەسویری بەبێ گۆی زەقەنت نایەتە ویجدان[1]
خاڵت لە ڕوخت نوقتەیە بۆ مەرکەزی عالەم
زولفی وەکوو قەترت بە کەشش هاتنە جەولان[2]
بۆ مەتلەعی بورجی قەمەر و شەمسی جەماڵت
کەوتوومە ڕەسەدخانەیی نێو چاهی زەنەخدان[3]
وەک مەنعی منی کرد لە تەوافی حەرەمی ڕووت
سا ڕەببی! لە ئیمانی کە سەرداری لەئیمان[4]
بازاڕی جەهل، گەرم و هونەر سەردە ڕەواجی
عەسری خەزەفە، حەیفە گوهەر بێنییە مەیدان!
هەر یەک پەلی فرزەندێ دەژی، شێعری «حەریقی»
تۆ بۆچی لە کیس خۆتی دەدەی موشتەری نادان؟

---

1. ویجدان: بەدەستهێنان، وجوود، هێزی دەروونی ناسینەوەی چاک و خراپ.
فەلەکولئەعزەم: گەورەترین ئاسمان ، بە بڕوای زانایانی کەونارا، ئاسمانێک کە دەوری هەموو ئاسمانەکانی تری داوە و لە ژوور هەموو ئاسمانەکانەوەیە.
گۆ: کەرەستەیەکە لە زانستی ئەستێرەناسیدا کە بابەتەکانی سەر بەو زانستەی پێ شرۆڤە دەکەن.
لەنێوان تەشریح، فەلەکولئەعزەم و گۆیدا تەناسوب هەیە و گۆی زەقەن، ئیزافەی تەشبیهی هەڵگەڕاوەیە.
2. قەترت(ج، د، ه): قەترەت. قەتر: ئەم وشەیە ئەگەر سەرەی بۆ دابنێین و بە قەتر بیخوێنینەوە دەبێ سووکەڵەکراوی وشەی قەتران بێت کە ماددەیەکی ڕەنگ ڕەشە و زولفی پێ شوبهێنراوە. ئەگەریش بۆرەی بۆ دابنێین و بە قوتر بیخوێنینەوە ئەو مانایانەی هەیە: قوتری دایەرە، وڵات، ناوچە، ئیقلیم، کە وا دیارە هیچ کامیان بۆ ئەم بەیتە، بەجێ نییە.
3. کەوتوومە(ج، د): کەوتۆتە. مەتلەع و بورج و شەمس و قەمەر و ڕەسەدخانە، ئیهامی تەناسوبیان هەیە. چاهی زەنەخدان، ئیزافەی تەشبیهی هەڵگەڕاوەیە.
4. لە ئیمان کە(ج، د): لە ئیمان بێ. لە ئیمان و لەئیمان، هاوشێوەی لێکدراوی بڵاون.

**2**

ئەم تاقمە شیرینە لە مەکتەب کە دیارن
جەللادی دڵی عالەم و ئاشووبی دیارن[1]
شیرین سەنەم و دڵبەر و فەتتان و عەیارن
خاڵی لە خەلەل، جوملە وەکوو نەقدی عەیارن[2]
شۆخن، هەموو شەنگن، هەموو گوڵئاتەشی ڕەنگن
ئامادەیی جەنگن، هەموو سەییادی شکارن
ئاهووڕەوش و مەهوەش و شیرین حەرەکاتن
نازک بەدەن و سیمتەن و لالەعیزارن[3]
گاهێ دەبنە ڕەهزەنی ئیمان و دڵ و دین
گاهێ وەکوو سۆفی هەموو مایل بە کەنارن
گاهێ دەنوێنن ڕوخ و ڕووناک دەکەن ڕۆژ
گاهێ بە دوو زولفینی سیا وەک شەبی تارن[4]
زولف و ڕوخ و پەرچەم لەگەڵ ئەگریجە و کاکۆڵ
ئیعلانی حەربیانە کە ئیسلام و کوفارن
خاڵ و خەتی بێحەد کە هەموو جەمعە لەسەر خەد
وەک زەنگی لەگەڵ حۆر و وەکوو زاغ و عوقارن[5]

---

1. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)

2. سەنەم: بوت. * فەتتان: فیتنەگێڕ. * خەلەل: نوقسانی، عەیب.

3. نازک(ب، ج، د، ه): ناسک.

4. شەب(ج، د، ه): شەو.

لەنێوان ڕۆژ و شەودا سەنعەتی تەزاد و لەنێوان زولف و ڕوخدا تەناسوب هەیە.

5. بێحەد: بێژومار. * خەد: ڕوخسار، گۆنا. * زەنگی: ڕەشپێست. * عوقار: ناوی باڵندەیەکە(دێهخودا)

کێ حەددی هەیە تالیبی گەنجی ڕوخییان بێ
یەکـیەک کە هەموو ساحیبی زولفی وەکوو مارن
مومتازی جیهانن هەموو هەم مونتەخەبی شار
ئاغالەر و بەگزادە و ئەسنافی کیبارن[1]
وەختێ کە دەکەن جیلوە لە مەیدانی حوسندا
وەک کەبکی خەرامان و وەک ئاهوویی تەتارن[2]
مەوزوون و لەتیف و خۆش و خورسەند و سەعیدن
مەتبووع و ڕەشیدن بە ئوسوول و بە ویقارن
وەک موعجیزەیی موستەفەوی وانە لەلای من
بەو لەعلی نمەکڕێزە کەوا شەککەر ئەبارن[3]
هەر ئەحمەد و مەحموودە خەیاڵی شەو و ڕۆژم
لەم مەکتەبی ڕوشدییە کەوا پڕ لە نیگارن[4]
هەرچەندە کە سوڵتانی جیهانن لە حوسندا
بۆ شیبری ڕەقیبم حەسەن و حسێنی هەژارن[5]
بەم هەیئەتی دەروێشییە ڕازیم و ڕەقیبان
دەستم لە یەخە ناکەنەوە چەندە شەرارن
عاریز بوو لەسەر عاریزییان زولفی پەرێشان
بیعەینی دەڵێی حاڵ و مەحەل، لەیل و نەهارن

---

لەنێوان خەت و خەددا هاوشێوەی موتەڕڕەف و لەنێوان حەد و خەددا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
لەم بەیتەدا، پێچەوپەخشەی ڕێک و شوبهاندنی لێکدراو تێدایە.
1. ئەسنافی کیبارن(ج، د، ه): ئەسناف و کوبارن. * ئەسناف: کۆی سینف.
* کیبار: گەورەکان.
2. خەرامان و وەک(ج، د): خەرامان، وەکوو.
3. وانە(ئەلف، ب، ج، د): واتە. * نمەکڕێز(ه): نمەکڕێژ.
4. مەکتەبی ڕوشدییە ساڵی ١٨٧٥زایینی(؟) لە سولەیمانی دامەزراوە کە مەکتەبێکی کوڕانە بووە.
واتای بەیت: لە ناویاندا سەرگەردانم و ناتوانم یەکیان هەڵبژێرم.
5. حوسن(ئەلف): حەسەن.

پەیوەستە وەکوو دەستەگوڵی باغی جینانن
وەک غونچەیی نەشکوفتەیی نەورۆز و بەهارن[1]
ئەمما لەگەڵ ئەم حوسنە نییە حوسنی وەفایان
حەیفێ کە لەسەر ڕەنجی دڵی عاشقی زارن[2]
پارەی جگەرم کردە کەباب و مەزە بۆیان
تا دیومە کەوا ساحیبی دوو چاوی خومارن
لەوحی دڵییان سادە لە میهر و لە وەفایە
بێ میهر و مەحەببەت هەموو بێ شەرت و قەرارن
هەرچەندە کە بێ تالیع و بەدبەختە «حەریقی»
ئەشعاری بە ئیشعاری عەجەب پڕ لە شیعارن[3]

1. نەورۆز و بەهارن(د): نەورۆزی بەهارن.
2. خشتەی دووهەمی ئەم بەیتە لە کتێبەکانی (ج، د)دا داکەوتووە.
3. ئەشعار: شێعرەکان. * ئیشعار: ئاگادارکردنەوە، وەخەبەرهێنانەوە، ئیبلاغ.
شیعار: هێما و نیشانە و دروشم، ڕەمز، قسەی زیندوو.

## 3

# مامۆستا حەریق:
# ماهی تەمامە ماهی تەمامم نەدیوە من
# ئیستێ تەمامە حەیفێ کە جێگەم نەدیوە من[1]

---

1. کێشی شێعر: مفعول فاعلاتن مفاعیل فاعلن( مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف)

لە (ئەلف)دا بۆ سەردێڕی ئەم غەزەلە نووسراوە: پرسیار و پەرسڤی جەنابی مەلاسالْحی حەریق و جەنابی دەقایقئاداب میرزا عەبدوڵڵەتیفی قازی. هەروەها لە (ە)، لاپەڕەی ٦٧ و ٦٨دا لە بەشی حەریق و بۆنەی شێعرەکانی، ئەنیسی دەنووسێت: میرزا لەتیفی قازی لە گوندی گردی یاقووبی ناوچەی شاروێرانی مەهاباد قازی شەرع بووە، ئەم غەزەلە پڕ لە هەست و سۆزەی بۆ حەریق نووسیوە و بۆی ناردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ زیارەتی شێخی بورهان. غەزەلەکە بەیتەکانی یەکەم و سێهەم و حەوتەمی لەخۆ گرتووە. دوایە دەڵێ: حەریقیش بە هۆنینەوەی غەزەلێکی ئاگراوی و حەریفانە هەر لەسەر ئەم شێوە و شێوازە، وەڵامی میرزا لەتیف دەداتەوە. کە ئەو غەزەلەی ئەنیسی باسی دەکا دەبێتە باقی بەیتەکانی تری ئەو شێعرەی سەرەوە بێجگە لە بەیتەکانی ١ و ٣ و ٧ کە هەڵبەت چونکە ڕیزبەندییان ئاوا نییە وا لە سەرەوە هاتووە بە پێویستی دەزانم بە ڕیز ژمارەی بەیتەکانی بنووسمەوە کە ئاوایە: ٨-٦-٢-٤-٥-٩-١٠ بەڵام ئەنیسی لە بەشی غەزەلەکاندا لە بیری چووە ئەو غەزەلە بێنێ. دوای دەست پێڕاگەیشتن بە نوسخەی (ب) کە بە خەتی میرزا سوڵتان نووسراوەتەوە، دەرکەوت کە ئەم غەزەلە موشاعەرەیەک بووە لەنێوان حەریق و میرزا عەبدوڵڵەتیفدا. بۆ سەردێڕی ئەم غەزەلە سوڵتان دەنووسێت: پرسیار و پەرسڤی حەریق لەگەڵ جەنابی میرزا لەتیفی قازی کە ڕووی داوە. لێرەشدا نووسەری سەرەکی هاتووە ناوی شاعیری هەر بەیتێکی لە سەرەوەی بەیتەکەدا هێناوە کە بەو پێیە بەیتەکانی ژمارە ٢ و ٤ و ٦ و ٨ ی بە شێعری میرزا لەتیف داناوە و باقی بەیتەکانی بە ئی حەریق زانیوە بەڵام لە پەڕاوێزی ئەم نوسخەیەدا لە گۆشەی چەپی لای سەرەوەدا بە خەتێکی دیکە، کە ڕەنگە خەتی خودی سەیدڕەشید بێ، نووسراوە: نووسەر لە نیسبەتدانی بەیتەکاندا، تووشی هەڵە بووە چون لە زانستی قیاسەتدا زۆر

هەر وەک برۆی هیلالی لەبەر جەوری پەرچەمی
چاوی دەزانێ شاهیدە قەددم چەمیوە من[1]
میرزاعەبدوڵڵەتیفی قازی:
بۆ ڕۆژی عاریزی وەکوو ڕۆژت گەلێ گەڕام
شەمسی جەهان بە تەلعەتی تۆم قەت نەدیوە من[2]
مامۆستا حەریق:
لەعلی یەمان و حوققەیی مەرجانی باعیسە
ئەشکی لەئالی مەردومی دیدەم چەکیوە من[3]
میرزاعەبدوڵڵەتیفی قازی:
خاڵی نییە دەمێکی خەیاڵم لە خاڵی وی
مەنعم مەکە کە پەردەیی عارم دڕیوە من[4]
مامۆستا حەریق:
فەسڵی خەزانە وەقتی خزانە لەسەر ڕەزان
سەرمایی سەردمیهریی یارم چەشیوە من[1]

---

خاوەن ڕا و سەلیقە نییە. لەبەر ئەوە ساغی دەکەمەوە کە دوو بەیتی ئەووەڵ لەگەڵ بەیتەکانی ژمارە ٤ و ٦ و ٨ و ١٠ لە بیرە بیکرەکانی جەنابی موستەتاب مەلاساڵحی حەریقە و چوار بەیتی ماوەوەی لە جەنابی میرزا لەتیفی قازییە. ئێمەش هەر بەپێی ئەم پەڕاوێزە لێرەدا بەیتەکانمان ڕیز کردووە.

ئێستێ(ج، د): ئیشی.

لەنێوان تەمامەی یەکەم و سێهەم، هەروەها دوو وشەی نەدیوەدا، هاوشێوەی لێکدراو هەیە. ماهی تەمام و ماهی تەمام، هاوشێوەی تەواون. لەنێوان تەمام و تەمامەشدا هاوشێوەی موزەییەل هەیە.

1. برۆی هیلالی(ج، د): بەردی هیلال.
2. گەلێ گەڕام(ج، د): گوڵی کەرەم. * جەهان بە(ج، د): جەماڵت لە.
3. حوققە(ج، د): حەلقە. * باعیسە(ج، د): یا عیقد. لەئالیی(ج، د): لالەی.
لەعل و حوققە ئیستعارەن لە لێو و دەم. حوسنی تەعلیلی تێدایە.
4. دێڕی یەکەم لە (ج) و (د)دا: خاڵی دەمێکە خەیاڵم لە خاڵی ڕووی.
مەکە(ج، د):مەکەن.
خاڵ و خاڵی هاوشێوەی دوازێدەییان لەنێواندایە و لەنێوان خاڵ و خەیاڵدا هاوشێوەی زاید هەیە.

میرزاعەبدوڵڵاتیفی قازی:
گەرچی خەزانە بۆ وەرەقی سەبزی سەر ڕەزان
زانیم کە حوجرە ساردە تفاقم کڕیوە من[2]
مامۆستا حەریق:
لەو وەقتەوە لە خدمەتی تۆ پێم بڕیوە من
وەک میهری تۆ بەشاشەتی ڕەنگم پەڕیوە من[3]
میرزاعەبدوڵڵاتیفی قازی:
من پڕ دەکەم تەنووری مەحەببەت لە ناری شەوق
تۆش ئاشێ لێ بنێ کە دڵم دەرپەڕیوە من
مامۆستا حەریق:
فەرموو وەرە کە فەڕشی غەزەل ڕادەخەم لەڕێت
جەرگ و دڵم بە ناری مەحەببەت کوڵیوە من[4]



1. دێڕی یەکەم لە (ج) و (د)دا: فەسڵی خەزانە و وەختی خەزانە بەسەر ڕەوان. سەردمیهریی(ج، د): ساردی میهری.
لەنێوان خەزان و ڕەزاندا، هاوشێوەی لاحیق و لەنێوان خزان و خەزان هاوشێوەی ناقیس هەیە.
2. دێڕی یەکەم لە (ج) و (د)دا: گەرچی لوتفت وەزانە بۆ وەرەقی سەبزی سەر ڕەزان.
3. دێڕی دووهەم لە (ج) و (د)دا: وەک من تۆ بەشاشیت و ڕەنگ پەڕیوە من.
4. دێڕی یەکەم لە (ج) و (د)دا: فەرمووی وەرە کە خۆشی غەزەل لە دەم و لێوت.

## پیتی ی/ێ

**1**

بێقەزا بێ ڕەمەزان هێندە بە تەکلیفە ئەدای
سوور و ساتێکی دەوێ خاڵییە تاقەت بە وەفای[1]
گەر حەکیمانە بە شیرینی نەفەرمووی چا بێ
هێندە دەمتاڵە بە ڕووترشی لە خۆفای و ڕەجای[2]
باسی دەروێشی دەکەم دەعوەتی بڕوێشی دەکەم
ئەو لە ڕەسما نییەتی هەیئەتی تەشریف و لیقای[3]
گەر مەلا عەرزی پکا بۆچی وەکوو سینفی مەلای
تۆ کە خۆت مومسیکی بۆ واعیزی ئیحسان و عەتای[4]

---

1. کێشی شێعر: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن( رمل مثمن مخبون محذوف) بەداخەوە ئەم شێعرە تەنیا لە کتێبەکانی (ج، د)دا هەیە و بێگومان بەیتەکانی تەواو نین چون نازنێوی حەریق لە کۆتایی غەزەلەکەدا نەهاتووە و چەن خاڵێک بۆ نیشانەی تەرکی غەزەلەکەش دانراوە. ئەوەی کە ڕوونە ئەم شێعرەش وەک زۆربەی شێعرەکانی مامۆستا حەریق تەعقیدی مەعنەوی تێدایە و هەروەها مانای بەیتەکانی پێک گرێدراون واتا مەوقووفولمەعانین. جێی دڵخۆشییە کە لەنگی و ناتەواوی تێدا نییە و هەموویان ساغن بەڵام جێی داخە کە نازانین بۆ کێ و لەبەر چی نووسراوە و زانیاری تەواومان لە سەری نییە. بەوپێیەش، لێرەدا تەنیا غەزەلەکە دەنووسینەوە و دەیهێڵینەوە بۆ دواڕۆژێک کە نادیارمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.
2. لە خۆفای و ڕەجای(ج، د): لە خۆفایە و ڕەجای. دەمتاڵ: قسە ناخۆش، چاییەک کە بە تاڵی دەمی هێنابێ. ڕەنگە بەیتێک پێش ئەم بەیتە شاعیر باسی ساقی کردبێ و بەردەنگەکەی لێرەدا ئەو بێ.
3. دەروێشی(ج): دەویشی. تەشریف: بەخێرهاتن، شەرەف پێدان. لیقا: تووشبوون، ڕواڵەت، دیدار.
هەیئەتی تەشریف و لیقا: ساحیب تەشریف و لیقا.
4. گەر مەلا(ج، د): بەرمەلا، ئەگەر بەرمەلا بە دروست بزانین، دەبێ

ئیختساسێ نییە بۆ ئەهلی تەنەعوم بێزەوال
هەر کەسێ موسلیمی مومتازە بە تەشریفی لیقای[1]

شک لەوە بکەین کە ڕەنگە بەیتێک یان چەن بەیتێک پێش ئەم بەیتە ون بووبێ چون فاعیلی ڕستەکە دیار نییە. ئەگەر "گەر مەلا"ش بە دروست بزانین ئەودەم دەبێ شک لەوە بکەین کە ڕەنگە بەیتێک دوای ئەم بەیتە ون بووبێ، بەیتێک کە جوابی ئەگەرە.
لەم بارەوە شێخ ڕەزا دەڵێت: پای مار و چشم مور و نان ملا را کە دید.
هەروەها لە فارسیدا ئەو پەندەمان هەیە: رطب خوردە، منع رطب چون کند.
1. بەو پێیەی مانای خشتەکان لە یەکتر دوورن لەوە دەچێ هەر کام لەو خشتانە سەر بە بەتێکی جیاواز بن.

## 2

به خەیاڵی شەوی وەسڵت، خەوی هیجرانم دی
لە سبەینەی نەفەست، سروەیی حیرمانم دی[1]
چاوی بیمارت ئیشاراتی شیفا دەنوێنێ
لە خەتی مەسحەفی ڕووت ئایەیی لوقمانم دی[2]
سەری زولفت کە لەسەر ئاگری ڕووت وێستاوە
حەبیی بێجانە لەبەر چاو و بە پێچانم دی[3]
بە هەوای عەرعەری قەددت لە خەیابانی خەیاڵ
شێعری بەرجەستەیی وەک سەروی خەرامانم دی[4]
ڕوخی نەورۆزی بە نەوخێزی خەتی ماتەمی گرت
ڕۆژی ئیمساک و شەوی قەدری حەبیبانم دی[5]
بە خەیاڵ چوومە گوڵستانی ئیرەم بێ گوڵی ڕووت
دوور لە شەوقی ڕوخی تۆ کولبەیی ئەحزانم دی[6]
گەوهەری مەعنی لە دەریاچەیی دڵ دێنمە دەر
تا لە حوققەی دەهەنت لەعلی بەدەخشانم دی
هەر بە ئاودا چوو سەفینەی غەزەلی بەحری خەیاڵ

---

1. کێشی شێعر: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن(رمل مثمن مخبون محذوف)
بەختەوەرانە ئەم شاغەزەلەش لە سەرەتای نوسخەی (ب)دا تۆمار کراوە.
سبەینە: هەناسەی تازەی بەربەیانی.
لە سبەینەی: بە شەمیمی(ه)، بە زەمیمەی(ج، د).
2. ئایەیی(ه): ئایەتی.
3. سەری(ج، د، ه): سەیری. * پێچانم(ج، د، ه): پەیمانم.
4. بەرجەستەیی وەک(ه): بەرجەستە وەکوو.
5. بە نەوخێزی(ج، د، ه): نەبوو خێزی. ڕۆژی ئیمساک: ڕۆژی ڕەمەزان.
6. ئەو بەیتە لە کتێبی (ه)دا نییە.

له تیجاراتی مەتاعم زەرەر و زیانم دی[1]
لەگەنی دیدە، فتیلەی موژە و ڕەوغەنی ئاهـ
بۆ شەوی وەسڵی لە سەد لاوە چراغانم دی[2]
لە نەوای تەغنیەیی بولبولی دڵ بۆ گوڵی ڕووت
لە هەموو مورغی چەمەن ناڵە و ئەفغانم دی[3]
گەوهەری نەزم و دوڕی مەعنیی و لەفزی سەدەفم
بردە بازاڕی نەزەر موشتەری نادانم دی
لە قەباڵەی کەرەمی ئەهلی هونەر تێ فکریم
وەکوو ئەشعاری «حەریقی» خەتی بوتڵانم دی

1. له تیجاراتی: لەجییات سوودی(ه)، لەتی ڕاستی(ج، د).
2. لەگەن(ج، د): لیکن. چراغان(ج، د، ه): چراخان.
3. دڵ بۆ(ه): دەوری(ه)، ئەڵێ بەو(ج، د).

### 3

وەفای من بێ بەها بوو بۆ ڕەواجی مامەڵەی یاری
ڕەزام یارم کە ئەو داویە بە چیت و فیتی بازاڕی[1]
لە سەودادا «ڕەشید»ە تالیبی قازانجی ئەشیایە
هەتا زووتر لەناو چێ چاکە ئەجناسی وەفاداری[2]
مەتاعی مەعریفەت جینسی وەفا، فەسڵی نەما، فەوتا
ئەمن نابوودی ئەو بووم نابەڵەد بوومە خریداری
ڕەواجی نەقدی عەهدی سککەیی دێرینە فەوتاوە
بە ئەسکیناسە ئێستا مامەڵەی بازاڕی مەککاری[3]
بینای خانەی وەفا وەک تاقی کیسرا کۆنگرەی ڕووخا
ئەمن تازە تەنابی جووت دەکەم بۆ تەرحی میعماری[4]
قسەی تووش و قسەی خۆشم وڕێنەی حاڵی ناخۆشە
بەبێ کەیفی لە زۆر و کەم خەبەردار نیم لە میقداری[5]
لە دەسگای نەگبەتا هەر کەس چووە سەر تەختی بەدبەختی

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
بەختەوەرانە ئەم غەزەلەش لە سەرەتای نوسخەی (ب)دا هەیە.
یاری(ج، د): یارم . * کە ئەو: کە(ج، د)، کو(ب)، لەوە دەچێ پیتی ئەلفەکەی لە (ب)دا داکەوتبێ.
چیت و فیتی(ە): چینی فیتی.
2. ڕەشید ئاماژەیە بۆ سەیدڕەشیدی خانەقا.
3. مەککاری ئیهامی تێدایە، هەم بە مانای پڕ فڕوفێڵە و هەم ئاماژەیە بە بازاڕی مەککارە.
4. جووت دەکەم بۆ(ە): جۆت دەکەم بە. * تەناب(ج، د، ە): تەناف.
5. لە زۆر و کەم خەبەردار نیم(ە): کە لە زۆر و کەم خەبەردار نیە.
تووش(ج، د، ە): ترش.

نەدیم ئیقباڵی ناکا، بۆ وەزارەت بەسیە ئیدباری[1]
شئوونی لازمە و تەشریفی مەنزڵ بۆ کەسانێکە
خەریکی ئیستراحەت بن بە ناز و نیعمەتی ساری[2]
هەزار حەیفێ حەریفێکی بە زەوقی خۆم نەبوو جارێ
بڵێ: بەخوا زەریفت وت بە مەستی یا بە هوشیاری[3]

1. نەدیم ئیقباڵی ناکا، بۆ وەزارەت بەسیە ئیدباری: هیچ نەدیمێک، ئیستقباڵی لێ ناکا و کەوایە، بەدبەختی بۆ وەزارەتی ئەو کافییە. لەنێوان ئیدبار و ئیقباڵدا تەزاد هەیە.
2. شئوونی لازمە و(ج، د، ه): شەوانە لازمەی.
3. حەریفێکی(ج، د، ه): حەریقی کە، ئەگەر ئەوەیان دروستتر بێ، ئەو کاتە، بەیتەکە ئاوای لێ دێت: هەزار حەیفێ حەریقی کە بە زەوقی خۆم نەبوو جارێ، بڵێی: بەخوا زەریفت وت بە مەستی یا بە هوشیاری. * کە(ه): قەت. * زەریف(ج): تەریف.

## 4

لەلام وا بوو کە تۆ «سەیید ڕەشید» یاری لەبۆ یاری
لە موڵکی میهرەبانی وا لە یارانی وەفاداری[1]
لەگەڵ هەر زەڕڕە بۆ جیلوەی جەلای میهری جەهانئارا
لە شەوقی موشتەری نووری قەمەر وەک زوهرە سەییاری[2]
جیواری ڕەحمەت و دەستگاهـ و پێشگای عەدڵ و ئینسافی
لە دەربارەی فەقیران ڕاست ئەمینی ئەهلی دەرباری[3]
لە زومرەی «چاوەش»انی بارەگای باری سەلای عامی
لە حەڵقەی مەهوەشان سەرخۆشی و هەر مەست و هوشیاری[4]
تەلیعەی فەوجی ئەوج و یاوەری سوڵتان و سەرهەنگی
لە سەربازانی مومتازی، لەسەر عەسکەر قومانداری[5]
چ خێر بوو دەوری بەزمت بێ سەدای شاباشی

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم) سەیدڕەشید مەبەست سەیدڕەشیدی خانەقا، شاگرد و هاوڕێی نزیکی حەریقە. کە نازناوی شێعری سەرەتا شەهید و دوایە بەهۆی شێخی بورهانەوە بووە بە چاوەش. ئەم شێعرە لە نوسخەی (ئەلف) و (ب)دا نییە و تەنیا لە (د) و (ە) و (ج)دا هەیە. * وا(د، ە): دا.

2. میهر ئیستعارە لە یارە. لەنێوان زەڕڕە و خورشیددا تەزاد هەیە.

3. ڕاست ئەمینی ئەهلی دەرباری(ج، د): ڕاست ئەمین و ئەهلی دەرباری.

4. لە (د)دا خشتەی یەک و دوو جێگۆڕکێیان پێ کراوە. چاوەش ئیهامی تێدایە چون یەکێک لە نازناوەکانی سەیدڕەشیدە. سەلا: ئاواز، بانگەواز

5. تەلیعە: سەرەتا، کازیوە، پێشڕەوی سپا. * فەوج: گرۆ، هەنگ * یاوەر: یاریدەدەر، سەرگورد * عەسکەر: لەشکر * قوماندار: فەرماندە

«چاوەش» چوو
نەوای تارت، چەنەی تار بوو، دەمی پیک، ساز نەهات باری[1]
وەکوو من دوورەڕێ بێ چاوەڕێ ماوم لەبەر چاوان
لە دەس چووم و لە پێ کەوتم، بەسەر زیندووم بە بیماری[2]
نە قورعەی من لە جیبی جامەخانەی مەرحەمەت دەرهات
نە ڕوقعەی تۆ بە ڕەسمی توحفە دیداری بووە دیاری
دەراهیم سەرفی مەمنووع و ئیزافەی جەڕڕی مەقتووعە
لە بەختی ڕەشمەوە کەوتم بە ڕووی سوور زەرد دەدەم دیاری[3]
کە تۆش هیچ بووی وەکوو من با لەمەو لا ڕوو لە «مەولا» کەم

1. تاربوون: لێڵ بوون، تێک چوون. * پیک: مەبەست پیکی زوڕنایە کە فووی پێدا دەکەن.

2. وەکوو من دوورەڕێ: نەوەک مە دورەڕێ(ە)، وەکوو من دوورە بێ(ج، د). * زیندووم: زینگووم(ج)، زینگوو(د). بەداخەوە چون نوسخەی سەرەکی بۆ ئەم شێعرە لەبەر دەستماندا نەبوو، خشتەی یەکەم بەم شێوەیە ساغ کراوەتەوە.

3. لە کتێبی (ە)دا ئەو بەیتە لابراوە. جەڕڕی(ج، د): جورمی، بە شێوەی (ت.ق).
لە بەختی ڕەشمەوە کەوتم بە ڕووی سوور، زەرد دەدەم دیاری(ت.ق): لە بەختی ڕەش کەوتم ڕووسوور و من ڕووزەردی(ج، د)، بەڵام بە شێوەی (ت.ق) م. سپێهرەددین بەم جۆرەی کە لێرەدا نووسیومانە ساغی کردۆتەوە.
دەراهیم: کۆی درهەمە، جودا لە مانای ڕواڵەتییەکەی کە دەڵێ ئەو چەند درهەمە لەبەر کەمی ناتوانم خەرجی کەم بەڵام ئەگەر زیادی کەن بێ شک وەری دەگرم، لەم میسرەعەدا بە شێوەی ئیهام ئاماژە بەوەش دەکا کە دەراهیم لە زانستی نەحوی عەرەبیدا، غەیرەمونسەریفە و فەقەت لە حاڵەتی ئیزافەدا، جەڕڕە وەردەگرێ. هەر یەک لەم دوو مانایە دەتوانێ مانای نزیک و ئەوی دیکەیان مانای دوور بێت.

بەخوا غەیری من و تۆ وەک من و تۆ بوو مەدەدکاری[1]

1. بوو(ت.ق): بۆ(ه)، بوون(ج، د).

## 5

له گۆشەی گوڵخەنی تەن تابەکەی ئیمانی حیسبانی
بە ئیمانی شهوودی بێرە نێو ئەسراری سوبحانی[1]
مەڵێ تاریکە ڕێگەم پەرچەمی پڕ خەم دەبەستێ تەم
شوکر وەک ڕۆژی ڕووناکە سفیدەی سوبحی پێشانی[2]
دەمێکە هەر وەکوو بولبول لەسەر چڵ، سەرچڵی شێتی
زەمانێکیش وەرە سەیری نەمامی باغی عوسمانی[3]
خوتوورت ڕێی حوزووری بەستوویی بۆ مەجلیسی باقی
دەترسم قەت نەبی لاقی کەوا تاقە دڵەی فانی[4]
هەتا کەی تۆ لە غەفڵەتدا دەنۆشی زەهری خامۆشی
ئەگەر عەقڵت ببێ بەسیە زەمانی جەهل و نادانی[5]
وەکوو شانە هەتا جەمعە خەیاڵت بۆ پەرێشانی
بە دیدارت قەسەم ئاخر پەرێشان و پەشیمانی

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
بێرە نێو(د): لێرە نەبوو. گوڵخەن: توونی گەرماو. * حیسبانی: بەگومانەوە.
* شهوودی: دەروونی، لەدڵەوە. * سوبحانی:خودایی.
2. تەم(ه): ئەم. لەنێوان تەم و خەمدا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
3. سەرچڵی شێتی(ه): سەرچڵ و شێت. * نەمامی باغی عوسمانی: مەبەست شێخی بورهانە کە لە خزمەت شێخ عوسمانی نەقشبەندیدا تەریقەتی وەرگرتووە.
4. دڵەی(ئەلف): دڵی. دڵەی(ج، د): دەڵە. خوتوورت(د): خوتوورەت. تاقە(ج، د، ه): تاقی.
خوتوور: بەدڵدا هاتن، بیرێک کە بە مێشکی سالیکدا تێ دەپەڕێ، وەسوەسە. لاقی: ئیسمی فاعیل لە (لقی یلقی) * تاقە: بەتەنیا.
دێڕی دووهەم لە (ه)دا: دەترسم قەت نەبی لاقی کەوا تاقی دڵەی فانی.
لەنێوان فانی و باقیدا تەزاد و لەنێوان باقی و لاقیدا هاوشێوەی لاحیق هەیە.
5. زەهر(ج، د، ه): ژەهر. * ببێ(ه): هەبێ.

دەبینم هەر کەسە توحفەی خولووسییەت لەگەڵ تاعەت
دەبا بۆ خدمەتی مورشید بە قەلبی پاکی نورانی
منیش باری خەجاڵەت وا لەسەر شانم کە ناتوانم
لەژێریا پێ لەبەر پێ نێم خودا هەر تۆی کە ڕەحمانی
خەتاباتی جەدەل ئەمڕۆ یەقینە سەفسەتەی مەحزە
نەتیجەی ئەووەڵی فکرم قیاسی کەوتە «بورهان»ی[1]
دەڵێن هاتۆتەوە شەخسێ سەمییی ئەشرەفی عالەم
جەنابی سەییدی ئەکرەم، شەفیعی قاسیی و دانی[2]
لە کەعبەی عاریفان ئەمڕۆ لەبۆ زومرەی موریدانی
فیوزاتی نەسیبی عالەمی موشتاقی خۆی هانی[3]
بچین بۆ خدمەتی چاکە بە ئیخلاسێکی مەردانە
دوعامان بۆ بکا بەڵکە لە شەڕی نەفسی زوڵمانی
وەکوو پەروانە هەر لەحزە «حەریقی» شەمعی جەمعێکم
خودا کەی بێ مونەووەر بم بە نووری ماهی تابانی

1. سەفسەتەی(ئەلف، ج، د): سەفتەیی.
خەتابات و جەدەل و سەفسەتە و بورهان و شێعر پێیان دەڵێن سەناعاتی خەمسە لە مەنتیقدا.
لە وشەی بورهاندا ئیهام هەیە. مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە باسە کەلامییەکان و ئیستدلالە عەقڵانییەکان نەیانتوانیوە من قانع بکەن کەوایە لە خزمەت خوداناسی گەورە، شێخ شەمسەددینی بورهانیدا، ڕوو لە ئیشراقی دەروونی دەکەم.
2. سەمییی(ج، د): بەئیسمی. * سەمیی: هاوناو، هاوتا، بەرز.
وێدەچێ ئەم غەزەلە بۆ حاج سەیدمحەممەد سەعیدی نوورانی نووسرابێ کە ئیجازەی مەلایەتی لە هەولێر لەلای مەلای گچکە وەرگرتووە و دوایە گەڕاوەتەوە بورهان. سەید محەممەسەعید، خەلیفەی ئەووەڵی شێخ یۆسف بووە.
قاسی: دوور، دوورکەوتوو، دژی دانی. * دانی: نزیک. دژی قاسی.
3. ئەمڕۆ(ج، د): هەر ئەو. فیوزات: کۆی فەیز، بەهرە، بەختەوەری، لە زاراوەی سۆفیتیدا ئەو شتانەیە وا بە دڵ ئیلهام دەکرێ.

**6**

قەمەر کەوتۆتە میزانی خەیاڵم موشتەری با بێ
لە عیقدی نەزم و نەسرم، تالیبی عیقدی سورڕەییا بێ[1]
جەماڵی دڵبەری فکرم لە خەڵوەتدا بوو تا ئێستا
بڵا با دڵبەرئارا بێ، قەبووڵی ئەهلی ئارا بێ[2]
لە دوککانی خەیاڵم بۆ عەرووسی دڵ، غەزەل دێنم
گرانجانی بەکار نایێ کەسێ سەودای لەسەردا بێ[3]
لە موژدەی نەوبەهار و غولغولی بولبول لە دەوری گوڵ
وەکوو قومری دەبێ تەوقی وەفای سەروم لە ملدا بێ
نەفەس دەم، دیدە پڕ ئاب و سەماوەر سینە، جەرگ ئاتەش
کەلامم قەند ئەگەر ساقی دەگەڵ من ئارەزووی چا بێ[4]

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم) تەنیا قەسیدەیەکی حەزرەتی حەریقە کە لەبەر دەستدایە و هەموو تایبەتمەندییەکانی قەسیدە واتە تەشبیب و تەغەززول و حوسنی مەخلەس و تەجدیدی مەتلەعی تێدایە. * میزان: تەرازوو، ناوی یەکێک لە بورجەکانی ئاسمانە. * موشتەری: کڕیار، ناوی یەکێک لە هەسارەکانی گەلەستێرەی هەتاوی.
عیقد: ملوانکە. * عیقدی سورڕەییا: هێشووی پەروین، ئەستێرەی کۆ.
قەمەر و میزان و موشتەری ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
2. لە خەڵوەتدا بوو(ج، د): لە خەڵوەتدایە. بڵا با(ج، د): بە باڵا.
دڵبەرئارا: ڕازێنەرەوەی دڵبەر. * ئەهلی ئارا: خاوەن بیر و ڕاکان.
3. غەزەل، ئیهامی تەناسوبی هەیە.
4. ئاب(ە): ئاو. * قەند ئەگەر(ج، د، ە): قەندە گەر. دەگەڵ(ج، د، ە): لەگەڵ.
لە شوبهاندنی بڵاو کەڵک وەرگیراوە.
لەنێوان دەم و ئاب و سەماوەر و قەنددا، تەناسوب هەیە و چا، ئیهامی تێدایە.

سەرم سەمتوور و سینەم ساز و ئەشکم تارە بەو شەرتەی
بدا ساقی مەیی نابێ بڵێ موتریب، بەڵێی نا بێ[1]
لە دامێنی خەیاڵم دامەنێ گوڵ بچنە ئەی شاهید
بە شەرتێ شاهی «شەمسەددین» لە دڵما جیلوەئارا بێ[2]
لە گەرمی لوتفی «مەولا»وە نییە سەردی لەمەو لاوە
بە سەرما ڕۆییوە سەرما، نییە باکم بەسەرما بێ[3]
خەڵاتی شاهی نەورۆزی نیشانەی ئاتەشەفرۆزی
نەسیم هێنای بە دڵسۆزی دەڵێ سۆزی جەفا نابێ[4]
ڕەئیسە هەور و تۆپچی ڕەعد و تۆپ بەرق و نیزام باران
نەسیم پێشڕەو، تەلیعەی تەرزە، فەڕڕاشی دەبێ با بێ[5]
شەماڵ سەرتیپی تەرتیبی غوڵامانەی غوڵامانە
جونووبی یاوەری فەوجی شەدە و دەسماڵی واڵا بێ[6]
بەڵەک بوو کێو و سەحرا وەک دەڵەک خۆی دزیەوە زستان
زەییستان ئیتتیفاقەن چون بەری خست هێزی پێی نابێ[7]
لە دەنگی ڕەعد و ڕەنگی بەرق و ناڵەی هەور و گرمەی با



---

1. سینەم(ە): سینە. * بەڵێی(ە): بلێی.
لەنێوان نابێ و نابێدا هاوشێوەی لێکدراو و لە خشتەی یەکەمدا، شوبهاندنی بڵاو هەیە.
لەنێوان سەمتوور و ساز و تار و موتریب و نادا، تەناسوب هەیە.
2. شەمسەددین نازناوی شێخی خۆشەویستی حەزرەتی حەریق.
3. گەرمی و سەردی تەزاددیان هەیە. لەنێوان دوو وشەی مەولا و مەولا، هەروەها سەرما و سەرمادا هاوشێوەی لێکدراو هەیە.
4. دەڵێی(ە): دەڵێ.
5. لەنێوان وشەکانی ئەم بەیتەدا، تەناسوب هەیە.
6. دەسماڵی واڵا (ئەلف): دەسماڵ و ئاڵا.
7. ئیتتیفاقەن(ئەلف): ئیتتیفاقە. * نابێ(ە): با بێ. * بەڵەک: ڕەش و سپی.
* بەرخستن: زان.

کەڕ و کوێر بەفری تایین مەر هەناسەی سەردی پێ مابێ[1]
لە شەوقی گوڵ، لە زەوقی مول، عەجەب سەرخۆشن ئەهلی دڵ
دەوێژن تایفەی خووبان مەگەر جەننەت بە دونیا بێ[2]
حەجەر هەر وەک شەجەر ناتیق بە سیڕڕی قودرەتی حەق بوو
کەسێ حاڵی ببێ حاڵی دەبێ گەر ئەهلی بینا بێ
نیشانەی نیعمەتی عوقبا لە دونیادا هووەیدا بوو
کەسێ باوەڕ بە من ناکا لە ڕەنگی سەبزە جۆیا بێ
عەتای موتڵەق بەغەیری خالیقی حەق بۆ درەختی ڕەق
بە کێ دەکرێ هەموو ساڵێ شکۆفەی سەبزی پێدابێ؟[3]
نەباتاتی زەمین نەوخێز و جامی کەیفی گوڵ لەبرێز
لە خەو بێدار بوو نێرگس هات بەخێر بێ ماڵی ئاوا بێ
بە عەزمی دەستبۆسی دەستەدەستە هاتە خدمەت شا
هەموو مەخمووری نیسبەت وەک کەسێ سەرمەستی سەهبا بێ[4]
بەنەفشە بۆ غوڵامی خاڵی خووبان گەردنی کەچ کرد
بەوەجهە وەجهی وەک موئمین لەبەر سوجدە بە سیما بێ[5]
سەفینەی فیکرەتم ڕۆچوو دەفینەی حیکمەتی تووش بوو
سەلەف حیرزی خەلەف بوو وەک سەدەف بۆ دوڕ



---

1. هەناسەی سەردی(ج، ه): هەناسەسەردی.
ڕەعد: چەخماخە. * بەرق: برووسکە. * تایین: گۆڕین، یارۆ، ناوبراو.
2. مول(ج، د): مەل. * وەجە: ڕواڵەت، ڕوخسار.
3. ساڵێ(ج، د): ساتێ.
4. خدمەت(ه): خزمەت. مەخمووری نیسبەت(ئەلف): مەخموورنیسبەت.
نیسبەت: زاراوەیەکی سۆفیانەیە بە مانای بەرەکەت لەلایەن مورشیدەوە.
5. بەنەفشە(ه): وەنەوشە. لەبەر(ه): لە بە. بەوەجە : بەنرخ و بایەخدار، ئاماژەیە بەم ئایەتە: و سیماهُم فی وجوهِهم من أثر السجود.

موهەییا بێ[1]
نموونەی ئینقیاد و سەرکەشی بۆ سەردی و گەرمی
کە موخلیس حاڵی گەرم و مونکیریش دڵسەردە تا ما بێ
«سیراجەددین» بە نووری حەق بە هەر شەخسێ «بەها»ی
دابێ
بە شەمسی ڕووی «حیسامەددین»، «وەفا» کا بێ «زیا»
نابێ
بەسەر خاکی وجوودی تالیبان ئیکسیری ئەلتافت
مسی قەلبی قەڵب خالیس دەکا گەر عەکسی تێدا بێ
لە دیباچەی کیتابی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم
دەبینم مەبحەسی وەسفت لە هەر فەسڵ و لە هەر بابێ[2]
لەگەڵ نەفسی یەزید وەک بایەزیدە هەر دڵێ بۆ تۆ
موتیع و ئەهل و دانا بێ، سەری تەسلیمی دانابێ
بە نەحوی سەرفی دڵ تا زولفەقارت گرتە نێو چنگت
وەکوو حەیدەر لە فەتحی خەیبەرا شمشێری کێشا بێ
بە عیشقی شای «سیڕاجەددین» و شەوقی «بولوەفا» جانا
کەرەم فەرموو وەکوو دێژن نەزانستم بە زانا بێ[3]
«حەریقی» ڕیشتەیی جانت فتیلەی شەمعی جانانە
لە بەزمی پیری مەیخانە کزەی دڵ بێ مەزە نابێ

1. بووی دووهەم(ج، د، ه): هەر.
2. لە کتێبی (ه)دا ئەم بەیتە خراوەتە ناو کەوانەوە و ناوی مەلاعەبدوڵڵای بێتووشی لەپاڵ نووسراوە بەڵام مامۆستا بێتووشی شێعری کوردی نەبووە.
3. بوالوەفا(ئەلف): بوالبەها. لە نوسخەی ئەلفدا، بوالبەها نووسراوە بەڵام خەتی بەسەردا کێشراوە و کراوەتە بوالوەفا کە لەقەبی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ سیڕاجەددینە.

**7**

تاڵ و شیرینی زەمانە بە مەزاقت چا بێ
چا نییە ساقی بدا بادە و تۆ بڵێی نابێ[1]
بە زوخاڵی جگەر و دوودکەشی ئاهت، سینەت
هەر بە جۆشێ دەبوو چا بێت و دەمی کێشا بێ[2]
ساقی جامی کەرەم و دەوری عەتای شیرینە
با بە تاڵیشی بدا، ڕەددی لەلات بێجا بێ[3]
پیری مەیخانە دەڵێ نەزمی موقامت ئەمە بێ
هەر کەسێ دوردی نەوێ سافی گوارا نابێ[4]
نەقشی نامەی قەڵەمی قودرەت و ئیبداعی وجوود
زوشتی تێدا نییە گەر تۆ نەزەرت زیبا بێ[5]
بە کەمەندی غەمی دونیا کەسێ خۆی پێچا بێ
موتڵەقی قەیدی تەکالیفە کە خۆی پێ چا بێ
جیلوەیی ساقی و نەشئەی مەی و لەهجەی موتریب
فەرەحی مەجلیسە تا جامی ئەدەب نەڕژا بێ
سەرخۆشی چاوی، گوێ مەگرە لە سرکەی ئەبرۆی

---

1. کێشی شێعر: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن(رمل مثمن مخبون محذوف)
تاڵ و(ج، د):تاڵیو. چا بێ(ه): نابێ. چا بێ(ج، د): بێ.
2. ئاهت(ه): ئاهی. * ئاهت، سینەت(ج، د): ئاهت و سینەت. بێت و (ج، د): بە تیو.
3. بە تاڵیشی: بە تاڵیش(ج)، بەتاڵیش(د)، بەتاڵیشی(ه). ڕەددی: ڕووحی(ج، د)، ڕۆوح(ه).
4. دورد(ج، د): دەرد. نەزمی موقامت(ج، د، ه): نەزم و مەقامت. نەوێ(ج، د، ه): نەبێ. سافی گوارا: ساف و گوارا(ه)، ساف گوارا(ج، د).
5. نەقشی(ج، د، ه): نەخشی. قودرەت و ئیبداعی(ج، د، ه): قودرەتی ئیبداعی.

قەندی لێوی مەزەیە مەشرەبی تۆ گەر چا بێ[1]
من لەبەر چاوی وتم بۆ مەزە چا بوو لێوت
ئەو دەڵێ: جامی مەیە، چا نییە بۆ تۆ نابێ
بێ نەوا کێ بوو سەدای کرد و وتی: گۆ یا بێ
بە ڕەزای پیری موغان موتریب ئەگەر گۆیا بێ[2]
ئەوی خامی تەمەعە کەوتووەتە حاڵی جاو
چۆن لەبەر ڕیس و گوریسی لە غەزەل جۆیا بێ[3]
حیکمەتی شێعری من و دەوڵەتی ئەهلی ئیمساک
وەک تەلەسمێکە کە ڕێی مەسرەفی بۆ نەشکا بێ
گەرچی دەردیسەرییە توولی کەلامی خەڵقی
من کەوا بێ غەزەلم چاکە کە سەرتاپا بێ[4]
بۆ کەسێ چاکە سەفینەی غەزەلی بەحری «حەریق»
گەوهەری ئەشکی هەموو ڕەشکی دڵی دەریا بێ

---

1. گوێ مەگرە(ە)؛ ئەوی مەکرە. گوێ مەگرە(ج، د): کەوی مەکرە.
2. خشتەی یەکەمی ئەم بەیتە، ڕەنگە بە شێوازی دیکەش بخوێنرێتەوە.
3. کەوتووەتە(ج، د، ە): کەوتۆتە. جاو(ە): جاوی. * خام و جاو و غەزەل، ئیهامی تەناسوبیان هەیە.
4. خەڵقی(ج، د، ە): خەڵکی.

## 8

لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ
لە زەیقەتخانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ[1]
دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بە کاروانی نەفەس دەگرێ
شەقامی سینە دەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە دەڕوانێ
تەریدەی نەفس و شەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد
ئەگەر جاسووسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ[2]
تەرازووی تاعەتت لەنگە هەتا کەی ئەم سەر و ئەو سەر؟
بە پارسەنگی حەیا دەس هەڵبڕە بنواڕە میزانێ[3]
بەسی بێ تاعەتی ڕووکەش مەلەک سەرڕافی ئەعمالە
موحەسسیل نەقدی قەڵب و ناڕەوا ناباتە دیوانێ

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم)
لە سەرەتای ئەم شێعرە لە (ئەلف، ب)دا نووسراوە: فەرمایشی جەنابی مەلاساڵحی حەریق لە پێشەکی نەخۆشینیدا. تەواوی ئەو کەسانەی باسی ئەم غەزەلەیان کردووە، گوتوویانە حەریق نزیک مەرگی ئەم شێعرەی نووسیوە و تەنانەت لەوەش تێپەڕیون و وەک وەحی باسیان لێ کردووە کە ئەم باسانە دوورن لە ڕاستییەوە چون ئەم غەزەلە لە نوسخەکانی ئەلف و بێدا تۆمار کراوە. ئەم نوسخانەش وەکی دەزانین نزیک 15-13 ساڵ بەر لە کۆچی حەریق نووسراونەتەوە و بۆخۆی چاوی بەم نوسخانە کەوتووە.
لەنێوان ئەمەل و عەمەلدا، هاوشێوەی موزاریع هەیە. زەیقەتخانە کینایەیە لە گۆڕ.
خەرمان و دان و مێروو، تەناسوبیان لەنێواندایە.
2. جاسووسی ئیمان: مەبەست ئەولیای خودان کە لە ڕوانگەی سۆفییانەوە، حافیزی ئیمانن.
3. ئەم سەر و ئەو سەر: ئەم سەرەوسەر بێ(ج، د)، ئەم سەر ئەو سەرتە(ه).
لە وشەی میزاندا ئیهامی تەناسوب هەیە.

ئەوا بەردی ئەجەل هات و لە شیشەی عومری دا ساقی
بە قوربانی پیاڵەی چاوەکەت بم تێ کە فینجانێ[1]
حەیات چوو خۆ لەنێو جامەی حەیاتی عارییە، بێعار!
ئەوا داوای دەکەن چبکەم «حەریق» ڕێگەی ڕەجا کوانێ؟[2]

1. لەنێوان بەرد و شیشەدا سەنعەتی تەزاد هەیە. لەنێوان پیاڵە و فینجاندا، تەناسوب هەیە.
2. عارییە(د، ە): عارییەت. چوو خۆ(ج، د، ە): خۆ چوو.
لەنێوان حەیات و حەیاتدا هاوشێوەی لێکدراو هەیە.

## 9

خودا تۆبە لەدەس شۆخێ کە وەختێ عیشوە دەنوێنێ
سەری تۆبەی مەلا و زاهید بە نۆبەی جیلوە دەشکێنێ[1]
ستوونی قامەتت ڕاگرتووە بۆ خێوەتی دینم
خودا بۆ توولی عومرت ئەو تەناف و دارە نەپسێنێ
لە ڕەمزا حیکمەتولعەینی ئیشارەی چاوی بیماری
بە قانوونی ئەدەب ئایەی شیفا بۆ ئێمە دەخوێنێ[2]
نەخۆشی دەردی هیجرانم ویسالی تۆیە دەرمانم
شیفام نایێ مەگەر بێنێ نەسیمی پەرچەمت بێنێ
خەیاڵی نەوبەهار و سەیری گوڵزاری عەزیزانم
گەهێ بۆ ڕووی گوڵ و گاهێ لەبۆ سەبزەی خەتم دێنێ[3]
زرێی زولف و موژەی تیر و برۆی شمشێری ڕاکێشا
لە زومرەی ئاشقانی خوێنبەهای ڕوخساری دەستێنێ
لە ڕێی بادەی پیاڵەی چاو و شیشەی گەردنی ساقی
کەسێ گەر ئابڕووی بێ ڕەنگە جامی عەیشی بڕژێنێ
دەزانی بۆ تەرازووی زولفی سەرناکا لە هیچ لاوە؟

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن( هزج مثمن سالم) بەداخەوە ئەم غەزەلە لە نوسخەکانی (ئەلف و ب)دا نییە. لە (ه)دا وشەی نۆبەی داکەوتووە. * خودا(ج، د): خوا. * لەنێوان تۆبە و نۆبەدا هاوشێوەی موزاریع هەیە.
2. بیماری(ه): بیمارت. * ئیشارە و شیفا و قانوون سێ کتێبی ئیبنوسینان. حیکمەتولعەینیش، ناوی کتێبێکە لە نەجمەددین عەلی کوڕی عومەری شافعی ناسراو بە کاتبی کە میرەکی بوخاراییی، شەرحی لەسەر نووسیوە. بیمار و شیفا، تەناسوبیان پێکەوە هەیە و لە ناوی کتێبەکانیشدا، ئیهامی تەناسوب هەیە.
3. دێڕی دووهەم لە (ج، د)دا: گەهێ بۆ ڕوویی گوڵ، گاهێ لەبۆ.

به پارسەنگی حەیا دەستی لە میزانا دەبزوێنێ[1]
«حەریقی» ناری هیجران و غەریقی ئەشکی حیرمانم
ئەگەر ئەم بێ دەخنکێنێ، ئەگەر ئەو بێ دەسووتێنێ[2]

1. لەنێوان وشەکانی ئەم بەیتەدا تەناسوب هەیە و میزان، ئیهامی تەناسوبی تێدایە.
2. جێی ئەم و ئەو لە (ە)دا گۆڕاوە. لەنێوان خشتەی یەک و دوودا پێچە و پەخشەی نارێک هەیە.

## 10

ئەی جەنابی سەییدی عالی‌نەسەب کەی ڕەهڕەوێ
عەرزە و دەردی دەوام و بێ دەوام دێنێتە وێ [1]
بۆ حوزووری پیری کامیل، عاریفی دانایی ڕاز
شەمسی ئەفلاکی هیدایەت، نەجمی ڕێی هەر شەبڕەوێ
خۆ موسەللەم گەر لە غایب دەستی پیر کۆتا نییە
کەی دەبێ دەست و دڵی پیرێ لەبۆ من ڕێ کەوێ[2]
ڕۆژ و شەو غەرقی خەیاڵم، بێ ئەنیس و بێ نەدیم
چاو نەماوە تا بڵێم قەت خەو لە چاوم ناکەوێ
خەڵکی گەر دەستی بڕا من چاوی ڕێی دەستم بڕا
یەعنی چاو مەبڕە لە دەست کەس ڕزقی دەست و پێت نەوێ
گەر هەزارپێ بی و هەزارچاو بی بە قووەی بازوویی
غەیری مەقسوومی نەسیبی کەس وەدەست کەس ناکەوێ
وەم دەزانی تۆ لە خدمەت شێخ و قازی لێرەدا
مەلجەئن بۆ موستەمەندی دەربەدەر لێرە و لەوێ[3]
بۆ قەزای حاجەت لە تەنگانەی زەروری بۆ کەسێ
لێی بقەومێ ئێوە داڵدەن گەر زەروری هەڵکەوێ[4]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم شێعرە لە (ئەلف) و (ب) و (ج) و (د)دا نییە و تەنیا لە (ه)دا هەیە.
لەنێوان دەرد و دەوادا تەزاد و لەنێوان هەر دوو وشەی دەوامدا هاوشێوەی لێکدراو هەیە.
2. ئاماژەیە بەم بەیتەی مەولانا:
دست پیر از غایبان کوتاە نیست / دست او جز قبضەی الله نیست.
3. مەلجەئن(ە): مەلجەئە، مەلجەئی‌ش دەتوانێ دروست بێت.
4. داڵدە: پەناگا.

ئێستە وەک زانیومە هەر کەس ڕوو لە داڵدەی ئێوە کا
خەرمەنی هەستی بە با چوو ڕۆژێ سەد داڵیەی دەوێ[1]
پار لە «پشتەپ» وا شەکێ بوو دەفعی سەد وەهمی دەکرد
زەننی ئەوساڵ بۆ یەقین چوو ڕەفعی شەککیش بوو لەوێ[2]
پار و پێرار بەحسی فترەی بەردەسپیانیان دەکرد
بە قسە ڕابرد و قسەش مەعلووم زەکاتی ناکەوێ
تا «مەلاحسێن» بوو خەیاڵی پشکەڵێکم لێ دەکرد
نەمدەزانی دەوڵەمەند بۆ شیاکە ڕووحی ناسرەوێ
ئێستە گەر «موللامەجید» سوورباشە لەو دەوروبەرە
وەک دەڵێن بێ دەوڵەتە ئەو پشکەڵی ڕێ ناکەوێ [3]
ڕەسمی ناسازی وەیە هەزیانی ناسازی هەیە
گەر لە بێتامی، لە تام و خوێی قسەت، دڵ هەڵگووێ
سائیلی لامەزهەبی بێ ڕێ قسەی بێ جێ دەکا
وەک نەبی فەرمووی: زبانی ببڕە تا لە زبان کەوێ[4]
نوقتەیی شەک بۆ بەیانی پشکەڵی «موللاحسێن»



1. داڵیە: سی پێوانە لە خەرمان کە لە دارلەلە دەکرێ(ە.ب)
2. بۆ(ە): بە. زەنن و شەکک و یەقین، تەناسوبیان هەیە و لە وشەی شەکدا، ئیهامی تەناسوبی هەیە.
3. کوشتی: ماڵاتی بۆ کوشتنەوە. * فەحوا: واتا، ناوەرۆکی قسە.
سەروەرم شێخ محەممەد بۆ شرۆڤەی ئەم دوو بەیتە دمیانفەرموو: "مەلاحسێن پیاوێکی کورتەباڵا و مەلامەجید بەخۆوە بوو کە دوای مەلاحسێن، لەلایەن حەزرەتی شێخەوە، ئیدارەی دوو ئاوایی پشت تەپ و بەردەسپیانی پێ سپێررابوو. هەروەها مەلاحسێن قەولی شەکێک و زەکاتی فترەی دابوو بە حەریق کە بەڵێنەکەی خۆی نەبردبووە سەرێ." (م. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ل 82)
4. نەبی(ە): ئەمیر. تەلمیحە بەو ڕووداوەی کە دەڵێن: سواڵکەرێک هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر(ص) و پێغەمبەریش بە حەزرەتی عومەری فەرمووە: زبانی ببڕە واتە شتێکی پێ بدەن بەڵام حەزرەتی عومەر شیرەکەی هەڵدەکێشێ و حەزرەتی عەلی مەبەستی پێغەمبەری بۆ ڕوون دەکاتەوە.

چونکه ئیشکاله به ئەم فەحوایە کوشتی دەرکەوێ [1]

**11**

بێجایە قسە کردنی بێ ڕێ و بەبێ جێ
بێ یاریدەیی یارم ئەمن نایەمە سەر ڕێ[2]
وەک شەمعی سەحەر چاوەنواڕی نەفەسێکم
کەی بێ لە تەڕەف غونچەدەمێکم کە دەمێ بێ
مەحرڕوومی حوزووری مەدەنی و خاکی مەدینەم
بەم حاڵەوە قەت ڕووم نییە بێنی مەدەنی بێ[3]
پەیکانی موژەت بۆ سپەری سینە ڕەوان کە
نامەرد ئەوە بێ گەر لەبەر ئەو تیرە ببزوێ[4]
موحتاجە بە مەودای دەمی تیغی برۆت دڵ
بینێ لە ملم شەرت بێ کە ئایم نەبێ ئێستێ[1]

---

1. ئەم شێعرەی کاتێ لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا، لەناو جێ کەوتووە، نووسیوە. لەگەڵ ئەم پارچە هەڵبەستە، نامەیەکیشی بۆ سەیدڕەشید ناردووە کە ئەمەش دەقی نامەکەیە: جناب سیدی و سندی! دور نیست در خیال باشد بارها حضرت مولا، روحنا فداه، در مجالس متعدده میفرمودند فلانی(حریق) را در وقت بیکسی منش کس خواهم شد. گویا اشاره به وقت فنا و وحدت الوجود بوده و یا ایما به مقام فزع اکبر نموده است. به هر صورت در یوم موعود امید به مدد همت ایشان موجود است. باری، از شرح هذیانات ناسازی پارەای به عرض خواهد رسانید مرحمتا، از عالم شوخی محسوب گردانید.

(م. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ل 1-80)

2. کێشی شێعر: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن (هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف)

بێجایە(ە): بێ جێیە. * یاریدەیی(ج، د): یاریەیی.

3. ڕووم نییە(ئەلف، ە): ڕێم نییە. ئەم بەیتە مەتەڵە بەناوی محەممەد.

4. ببزوێ(ئەلف): نەبزوێ. گەر لەبەر ئەو تیرە ببزوێ(ج، د): کە لەبەر ئەو تیرە بە بێز دێ.

ئەغیار و ڕەقیب شاد و ئەمن هەمدەمی فەریاد
یاڕەببی خودا کەی بێ کە وەقتی هەلی من بێ؟
زۆرم دەوت ئەی دڵ مەبە سەرکەش لە حوزووری
زۆر موستەحەقی خوێڕی، بڵا واتە بەسەر بێ[2]
تۆ بی و سەری خۆت عەبدێکی زۆر چاکە «حەریقی»
ئازادی مەکە ئاخری بۆ تۆ بەعەمەل دێ



1. مەودای: مەوادی(ج)، میدادی(د). * ئەم بەیتە مەتەڵە بە ناوی مەحموود.
2. بڵا(ه): دەبا.

## مەسنەوییەکان

**1**

پیر بووم و ژیر نەبووم بۆ تەجرەبەی کاران
بارانی فرمێسکم باراند لەدووی یاران[1]
سەرتاپام شین کرد بۆ سەوزەی ڕووی گوڵزاری
ئاوی چاوم سوور بوو بۆ سەروی جۆباری[2]
لە خەوی غەفڵەتدا هاتمەوە بێداری
دیسانەوە چوومە سەر شیوەن و زاری[3]
تۆ و نۆشی سوحبەت و ڕازی شەوی وەسڵت
تۆ و نێشی فیرقەت و زاریی ڕۆژی فەسڵت[4]
بە پەیکانی موژەت چەند جارت پێکاوم
لە میحرابی ئەبرۆت بەستیم و گیراوم[5]
تۆ ئەگریجەی خاوت، تۆ زولفی لاولاوت

1. ئەم مەسنەوییە، ڕەنگە بە کەڵک وەرگرتن لە ئیختیاراتی شاعیری لەسەر یەکێک لە زیحافەکانی بەحری هەزەجدا وترابێ. بەڵام بە کێشی خۆماڵی، هەر خشتەیەکی دوازدە بڕگەیە.
**تێبینییەکی گشتی**: لە (ئەلف)، لە بەیتێکدا نەبێ واوی دوای تۆ دانەنراوە و ئەوەش نیشان دەدا کە دوای تۆ پێویست ناکات لە هەر بەیتێکدا واو هەبێت بەڵام لە (ب) و کتێبی (ە)دا دوای تۆ ئەم واوی قەسەمە هاتووە و لە کتێبەکانی (ج) و (د)دا گۆڕاوە بە "وە" کە لەم حاڵەتەیاندا تەواو کێشی شێعرەکە، تێکچووە. باراند(ج، د): بارانی.
2. جۆباری(ج، د): جۆیباری.
3. غەفڵەتدا(ج، د، ە): غەفڵەتا. دیسانەوە چوومە(ە): دیسان وا چوومە.
4. تۆ و نۆشی: تۆ ئەنۆشی(ج، د)، تۆ وە نۆشی(ە). * تۆ و نێشی: تۆ دەنیشی(ج، د)، تۆ وە نێشی(ە)
5. بەستیم و گیراوم(ج، د): بەستم، گیراوم.

بەبێ دانەی خاڵت مەمخەرە نێو داوت[1]
بە پەرژینی زولفت ڕووی گوڵت شاردەوە
دڵم ناردە دیاری، تۆ بۆ چت ناردەوە؟[2]
یاخودا بێقەزا بی، لوتفی تۆ هەروایە؟
درێغم لێدەکەی بۆ تاقەهەودایە؟
تۆ جامی لەبرێزت، تۆ غەمزەی خوونڕێزت
تۆ دەستوپارێزت با بەس بێ گورێزت[3]
تۆ ڕیزەکەی ڕازت، تۆ چاوەکەی بازت
تۆ تیرەکەی نازت، بەس بێ گیروگازت
لەبەر جیلوەت مرم نیقابی ڕووت لادە
لەبەر عیشوەت مرم چاوپیاڵەی بادە
ئاوڕێکم لێوەدە، حەیاتم تازە کە
جەرگت پارە کردم بەو تیرەی تازەکە
بە وەعدەی خیلافت گۆی سەرت شکاندم
بە چەوگانی زولفت دڵت لێڕفاندم
تۆ تاریکەشەوی هیجرانی چەند ساڵم
تۆ ڕۆژی ڕووناک، کۆچی ماڵەوماڵم[4]
تۆ باڵای عەرعەرت، زولفێ لاولاو کە
تۆ نیگای دڵبەرت جارێ لێم لاو کە[5]
تۆ دەروونی گەرم و تۆ هەناسەی سەردم
تۆ دڵەی پڕ دەرد و تۆ ڕوخسارەی زەردم
لەسەر شانی دڵم باری غەم خوار مەکە

---

1. مەمخەرە(ج، د): مەخەرە.
2. ناردە دیاری(ە): نارد بە دیاری. * چت(ە): چیت.
3. خوێنڕێزت(ج، د، ە): خوێنڕێژت. * لەبرێزت(ە): لێوڕێژت.
4. چەند(ج، د): چەنگ. تاریکەشەوی(ە): تاریکەشەو.
5. زولفێ(ج، د، ە): زولفت. کێشی بەیتەکە ناتەواوە. ڕەنگە ئاوا بێت: تۆ باڵای عەرعەرت، زولفە لاولاوەکە/ تۆ نیگای دڵبەرت، جارێ لێم لا وەکە.

تۆ ڕاستی باڵاکەت، شەدەکەت لار مەکە[1]
ئەمجا نۆبەی عەکسی تەجەللای سیفاتە
ئەمجا نۆبەی جیلوەی جامی خۆشسەفاتە[2]
وەک خەتتی میشکینت تاکەی پەرێشانی؟
وەک پەرگاری زولفت تاکەی سەرگەردانی؟
ڕووزەردی ئیشراقی خورشیدی جەماڵم
شەرمەندەی بارەگای زوڵف و خەت و خاڵم
ئاوارەی وەتەن و غەریبی کۆی یارم
میحنەتزەدەی دەستی ڕەقیب و ئەغیارم
تۆ کەعبەی مورادت، قیبلەی دنیا و دینم
جارێ وەدەرکەوە، با باڵات ببینم[3]
مەقامی عاشقان سەدای قەدقامەتە
بە نەوای حەزینم ڕاستی قیامەتە
بە شێوەی شیرینت سەد فەرهاد دڵکەیلە
هەزارێ مەجنوون سەودای زولفی لەیلە
بۆچ هەر من مەخمووری بادەی دیدەی مەستم
یا هەر من سەرمەستی جامەکەی ئەلەستم[4]
لەلای خۆی «حەریقی» شەمعی ڕووی خووبانم
گیرۆدەی زنجیری پیرەکەی بورهانم

1. باری غەم خوار(ج): یاری غەمخوار. * باری(د): یاری.
2. سیفاتە، سەفاتە(ج، د): سەفایە.
3. وەدەرکەوە(ج، د، ە): دەرکەوە. باڵات(ە): باڵاکەت.
4. بادەی دیدەی مەستم(ج، د): بادەی مەستم. * جامەکەی(ج، د): جامی.

## 2

یا حەی، یا قەییوم دانای لەم یەزەل
واقێف وە حاڵ جنن و ئێنس و مەل
ڕێزق دەهەندەی مەجمووع مەخلووق
حێفزکونەندەی کەشتی دەریای عووق
ئومێدم وە تۆن کارساز کارڕەنگ
نە قەبر تەنگدا زەبان نەبۆ لەنگ
ئەمر مەعرووفم وە جا ناوەردەن
نەهیم جە مونکێر هەرگیز نەکەردەن
جە گونای ئەکبەر دیدە نەپۆشام
مەی نە دەس ساقی دایم مەنۆشام
گونای بێ پایان وە جەستەم بارەن
دڵ جە نوور حەق تاریک و تارەن
وە حاجەت ئەو کەس نام جە ساق عەرش
نە حەسابگادا چارەم نەکەی ڕەش
عێسیانم جەمەن خەروار وە خەروار
یا شا بە کەرەم بەریم کەی جە نار
وە ڕەحمەکەی وێت ئاگادار حاڵ
وە نار نەیران نەمکەی وە زووخاڵ
سەرتاپای باڵام غەرق گوناهەن
غەیر جە دەرگای تۆ وە کێم پەناهەن
پەنام هەر وە تۆن بینای بێ نەزیر
بەیوە وە هانای بەندەی عێسیانگیر
ئومێدم وە تۆن ڕەحمان و ڕەحیم
نەدەی عەزابم نە کوورەی جەحیم
حەڕیش پەی عەزاب دەهەن باز کەردە

ئومێدم وە تۆن شاهـ هەشت پەردە
وە بار عێسیان جە دەرگات کەفتەن
باقی نیک و بەد وە دەست وێتەن
گونای عەزیمم جە لات عەیانەن
چ لازم وە شەرح واتەی بەیانەن[1]

**3**

جە سوب سەحەردا دیم غونچەدەمێ
نە پەردەی عێسمەت نمانا چەمێ[2]
وە سەد نەزاکەت دەهەن واز مەکەرد
وە یەک ناز ئیزهار سەد نیاز مەکەرد
دەماغ وە نێسبەت موعەتتەر کەردە
گرەو جە توغرای موعەنبەر بەردە[3]

---

1. ئەم مەسنەوییەش، هەورامییە و لە نوسخەیەکدا کە بە ناوی دیوانی مەولەوییەوە نووسراوە و لە بنکەی ژین لە سولەیمانی دەپارێزرێت، بە ناوی "موناجاتی حەریق" تۆمار کراوە، کەسێک بەناوی عەبدولڕەزا ئەم نوسخەیەی نووسیوە و لە چەند لاپەڕەیەکدا خۆی بەم شێوەیە ناساندووە: در حالتی نوشتم قلم شکستە، طاقت تحریر نداشتم. قلم عفو بر سری خطا بکشند. آە من الموت و حالاتە و احرق قلمی و حرارتە. سنە ١٣٠٦، سنە هزار و سە صد و شش. راقیمە عبدالرضا در حالتی کە توانایی تحریر نداشت و قلم شکستە بود. لەناو لاپەڕەیەکیشدا مۆری (رضا الحسینی) دەبینرێ.[دەقی شێعرەکە و زانیاری لەسەر نوسخەکە لەلایەن کاک عەبدوڵڵا حەبیبییەوە ناردراوە کە جێی خۆیەتی سپاسیان بکەم.]
2. ئەم شێعرە لەسەر کێشی پەنجەیی و بە شێوەی هەورامی دانراوە. لە (ب)دا تەنیا تۆمار کراوە و ئەویش وەک پەراوێزێک بۆ قەسیدەکەی. زۆر ورد نووسراوەتەوە و زۆربەی شوێنەکان کاڵ بوونەتەوە. نە پەردەی(ە): ئە پەردەی.
3. دەماغ وەنیسبەت(ج، د، ە): دەماغ نیسبەت. گرەو جە(ج، د، ە): گرد وەجە.

گوڵ چون ساحێب دڵ گردین دیار بی
وه هەوای فەیزش نه ئینتیزار بی
لالەیچ کەمێ چەم وەڵاو مەکەردی
نه جام گوڵدا گوڵاو مەکەردی[1]
پەی غەنج غونچەی ئەو نازک نەوگوڵ
گیان نیشت نه عازاو، دڵ شی نەسەر چڵ[2]
وەسەر پەنجەی ناز نیقاو هۆرداوه
ئاهیرێ نه تۆی جەرگم وەرداوه[3]
شیم وەخدمەتش وه ڕووی شەرمەوه
وه دوعا و سڵام، لەفز نەرمەوه[4]
جه ڕووی ئێلتێفات جواو سەندەوه
دڵ، نه داغ و دەرد هێجران سەندەوه
وه دیدەی تەحقیق چوون تامڵ کەردم
جەو بۆ جەو نێسبەت تەحقیق ئاوەردم[5]
تۆمەز یه نەشئەی بۆی کۆی کەنعانەن
نەسیمئاوەردەی «پیر بورهانەن»[6]
یه بۆی پیراهەن یۆسف نەژادەن
پەرێو چەمکۆران کەعبەی مورادەن[7]



---

موعەنبەر(د، ه): موعتەبەر.

1. لالەیچ کەمێ چەم(ه): لاچەمێ کەمێ. * لالەیچ ... چەم(ج، د): لایچێ ... چووم.

مەکەردی: له (ب)دا هەر ئاوا نووسراوه بەڵام ڕەنگه "کەرده بێ" باشتر بێت.

2. غەنج(ج، د، ه): غونچه، ڕێی تێدەچێ غونچەش بێت و نوقتەکانی کاڵ بووبنەوه.

3. هۆرداوه(ج، د، ه): هەڵداوه. * وەرداوه(ج، د): دەرداوه.

4. خدمەت(ه): خزمەت.

5. جەو(ج، د): چوو، جەو بۆ جەو ڕەنگه زۆر دروستیش نەبێت.

6. نەشئه(ه): نیشان. نەشئه(ج، د): نیشانەی.

7. یه(ج، ه): بە. پەرێ(ج، د): پیری.

ئەو بۆ، موخلێسان یەعقووب‌ئاسا کەرد
مونکێران گردین دەس وە عاسا کەرد[1]
سەفایێ پەی دڵ، زیایێ پەی دین
ئەر بۆ ها جە لای «شاهـ شەمسەددین»
دەک نەسیم فیدای سۆزەی ڕاهت بام
یا پیر تۆیچ وەفدای سۆزەی ئاهت بام[2]
قووەی بینابیم وەگەرد پاتەن
وێم و بینابیم سەرگەرد ڕاتەن[3]
ددان جە سوحبەت ئەغیاران کەندم
چوون وەدەرد دڵبەند شای «شەڕەفکەندم»[4]
پەی نمەکپاشی چوون نمەک بازۆم
شکەرخەندەی ئەو وە ئاوات مازۆم[5]
بەشق «بولوەفا» شای وەفاداران
سەرحەڵقەی گردین زومرەی نازداران[6]
ڕەحمێ چەنیم کەر جە هەر حاڵەتێ
نە گێج عێسیان، هەر جەهاڵەتێ
ئەر ڕەحمێ نەکەی وە جەستە و حاڵم
وە داغ عێسیان دەروون زوغاڵم
چوون پیر دانا «مەعدووم» مەخدووم
فەرمایش کەردەن فەرد خۆش مەفهووم[7]

---

1. دوعا(ە): عاسا.
2. سۆزەی ئاهت(ج، د، ە): سۆز ڕاهت، لە نوسخەکەدا زۆر کاڵ نووسراوە و بەداخەوە ناخوێنرێتەوە.
3. وێم و بینابیم: دیدە و دونیابیم(ە)، دیم وەبەنانیم(ج، د)، ئەم خشتەیە زۆر کاڵ نووسراوە و بەباشی ناخوێنرێتەوە.
4. دەرد(ە): دڵ.
5. ئەو بەیتە لە (ە)دا نییە. * بازۆم، وە ئاوات(ج، د): مازۆم، دادات.
6. زومرەی(ە): نازک. شای(ج، د): شام
7. مەخدووم(ە): مەحرووم. * مەخدووم(ج، د): مەجزووم. *

«ساقی ئامانەن نەشوو جە ویرت»
«وە فریادم ڕەس تۆ بەشق پیرت»[1]
پیر ڕەوشەندڵ منیچ دەخیلم
ڕاگە گومکەردە و وێڵ و زەلیلم
ئێسە وە هەر حاڵ پەڕ خەجاڵەتم
خاکم وەسەر بۆ پەی قیامەتم
پەی دڵوەشی وێم گاگا مواچۆم
ئەر سەد ڕەنجەڕۆ سەگ قافڵەی تۆم
«حەریق» کافییەن پەی دنیا و دینم
سەگ ئاسانەی شای «شەمسەددینم»

---

مەفهووم(ب): مەزمووم.
1. وە فریادم ڕەس (ب، ج، د، ە): فریادڕەسیم کەر.

## چوارینەکان

**1**

عیلمی جەلب و کەسبی دونیا بۆتە ئەجزای کیمیا
بۆ منی سەودازەدە سەودایەکی سەقموونیا
هاودەرس بووم من لەگەڵ زاهید لە دیباچەی کیتاب
من نەگەیمە فەسڵی تەزویر، ئەو چوو بۆ بابی ڕیا![1]

**2**

عەزیزم تۆ دەزانی من لەبەر چاوت وڕ و گێژم
لەبەر ناپیاوی خەڵکی تێ دەگەی موحتاجی گوێدرێژم
سوار نیم و پیادەم چۆن دەبێ وەسڵ و مولاقاتم
وڵاغ دەسناکەوێ هەر بۆ تەبەڕڕوک خۆی سەرئاوێژم[2]

**3**

چۆن بە سەر کەم زەرفی ئەم قەومە دڵم بەسوێ نەیە
جامی عەیشی ئەکل و شوربی پاکیان بە سوێنەیە
خۆی لە قوڕ نێ هەر کەسێ ئەمڕۆ لەنێو قوڕدا نەبێ
دەس لە خۆی بەردا کەسێ بەردی زەلامی پێ نەیە[3]

---

1. لە هەموو کتێبەکاندا هەیە بەڵام لە هیچ کام لە نوسخەکاندا نییە.
کیتاب(ه): کتێب. * سەودازەدە(ج، د): سەودایی. * سەقموونییا: ناوی گیایەکە کە دەرمانی لێ ساز دەکرێ. * بابی ڕیا ئیهامی تێدایە.
2. گوێدرێژ(ج، د): گوێرێژ. * وڕ و گێژم(ج، د): روو گێژم. * وڕ(ه): کەر.
3. تەنیا چوارینەیەکە، جگە لە کتێبەکان لە (ئەلف و ب)شدا هەیە.

**4**

لەگەڵ مانگی موبارەک ـ بێ قەزا بێ ـ سازیشم نابێ
لە تەکلیفی ئەدای بێ موهڵەتی گونجایشم نابێ
حەکیمانە قەراری چا نەفەرمووی گەر بە شیرینی
ئەوەند دەم تاڵە، قەت ڕۆژێ ئەمن ئاسایشم نابێ[1]

**5**

داخی داخانم کە زوو سابڵاغی فسیان دایەوە
هەروەکوو مفتی بە مفتی، ڕووی لە حەق پێچایەوە
[خۆی] لەگەڵ جەمعی مەلاکان بوو لە شێخ بابی فەقیر
دەسبەبرد لێی چوونە پێش [و] زوو لێیان کێشایەوە[2]

---

ئەکل(ج): ئوکل.
بەسوێ: بەژان، بە تاسە. * سوێنە: تەشتی گڵین.
جێی ئاماژەیە دەتوانین نەیە بە شێوەی نییەش بخوێنینەوە.
بەسەر کەم(ج، د): لەبەر کەم. لەنێو قوڕدا(ج، د): لەنێو فەردا. بەرد(ج، د): بەر. *
نییە لە خشتەی چوارەمدا(ج، د): نەبێ.
1. ئەم چوارێنەیە لە نوسخەکانی ئێمەدا نییە.
موهڵەت(ە): مۆڵەت. * ئەوەند(د): ئەوەندە. * ڕۆژێ(ج، د): ڕۆژ.
2. ئەم چوارێنەیە لە (ە)دا نییە و زۆر ئاڵۆز لە (ج، د)دا نووسراوەتەوە.
جەمع(ج، د): ئیجماع.
خشتەی یەکەمی بەیتی یەکەم لە (ج، د)دا: هەروەکوو مفتی بە مفتی، قازی ڕووی لە حەق پێچایەوە، وشەیەکی دوو بڕگەیی زیادییە جا یان یەکێک لە مفتییەکانە یان قازی.
دوو وشەی ناو کەوانەکان لەبەر لەنگی و ناتەواوی شێعرەکە زیاد کراون.(ت.ق)

**6**

کاغەزی وا زۆر دەهاتن زوو لە هەورامانەوە
وەک گەڵاتاڵوو هەمووماں خستە ئاگردانەوە
دوێنێ دەتکوت یۆسفی سددیقی میسری دین ئەوە
ئەمڕۆ بات داوە، چ عەیبێکی هەیە بادانەوە؟[1]

**7**

هەروەکوو بیستوومە بەینێکە لە ئەم بەر ئەو بەری
بۆ مەلای «مزگەوتی سوور» وا چاکە هەر تۆ لەو بەری
پێ لە حاشا بوو لەگەڵ من مەحکەمەی قازی دەچوو
کاکی سەردەشتی بە تەڕدەستی وەسەر جێگا پەڕی[2]

**8**

بە پشکێ ڕازییە قازی لە هەر ماڵێ کە دوو پشکە
لە ماڵی خۆی لەبۆ خەڵکی هەمیشە حیسسە دووپشکە
بەڵێ «مونعیم» دەبێ وا بێ خودا کا ماڵی ئاوا بێ
نەوەک خەڵکی کە ماڵیان زەهری مار و نێشی دووپشکە[3]

**9**

بابێ کوڕێکی بوو، چ کوڕ، ئەربابی مەعنەوی
دەیکوت لەڕووی نەسیحەتەوە داییمەن بەوی
وەک جەردە بی، دە ڕۆڵە لە عەمری منت کەوێ

---

1. چوارێنەکان لێرە بەدواوە هەتا ژمارەی دە لە (ج، د)دا نین و تەنیا لە (ە)دا هاتوون.
چوارێنەیەک کە باسی دەکەن مامۆستا حەریق لەسەری هەتک کراوە دەبێ ئەم چوارێنەیە بێت.
2. ئەو(ە): ئەم. * هەر تۆ(ە): تۆ بی.
3. گۆیا حەریق میوانی قازی مونعیم دەبێ و لە ماڵی وان، دووپشک پێوەی دەدا بۆیە ئەم چوارێنەیەی نووسیوە.(کتێبی ە، ل ٧١)

نەیدەیتەوە بە «مفتی ئەفەندی»، «گەڵەنبەوی»[1]

**10**

مەلا وەعدەی بە کاڵەک دا شکاندی
خەیاڵێکی لە دڵدا بوو گەیاندی
ئەگەر دەمزانی کاری تۆیە «لاسوور»
بە لای ڕەشتا بە سووکێ دەمتڕاندی[2]

**11**

ئیقتیباسی نەفەسی هیممەتی ئەولادی بەتوول
وەکوو میسباحە کەسێ ماڵی دڵی ئاوا بێ
نەک وەکوو زاهیدە وشکێ بەتەواوی ڕیا بێ
هێندە ناپاکە بە سەد ئاوی بشۆی تەڕ نابێ[3]



---

1. حەریق، کتێبی گەڵەنبەوی لە مەلاعەزیزی موفتی سولەیمانی وەردەگرێ، هەرچەندە داوای دەکاتەوە ئەو هەر نایداتەوە، لە ئەنجامدا حەریق بە زمانی مەلانەسرولڵای باوکییەوە ئەم چوارینەی داناوە (کتێبی ە، ل ٧٠)

2. لە هەجوی مەلائەحمەدی ڕەببانی(مەلای لاسوور) دا وتراوە کە گوایە بەشە کاڵەکی حەریقی نەداوە.

3. تەڕ، وشکێ(ج، د): پا، وشک. * ئەم چوارینەیە هەر بەم شێوەیە لەپاش غەزەلی ژمارە دووی پیتی (ێ) لەناو (ج) و (د)دا هاتووە. لە سەرەتای نوسخەی (ب)شدا، بەیتی دووهەمی تەنیا، هەر دوابەدوای غەزەلی گۆرین وەک بەیتی کۆتایی هاتووە بەڵام لەبەر ئەوەی لەباری ماناوە جیاوازی هەبوو پێم باش نەبوو لەوێ بیهێڵمەوە و بۆ ئێرەم گواستەوە. وێشدەچێ بەیتی دووهەمی ئەم چوارینەیە خۆی تاکەبەیتێکی سەربەخۆ بێ بەڵام ئەودەم بەڕاستی نازانین جێگە و پێگەی بەیتی یەکەم چییە و لە کوێدایە چون ئەم بەیتە لە (ب) دا نییە.

## تاکەکان

**1**

تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا، نەبێ
هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ[1]

**2**

گوتم: بۆسەم دەوێ، ڕووی خۆم بە ئاوی ڕووت گوڵاو ناکەم
گوتی: بۆسەت دەوێ شێتە ئەمیش ڕووی خۆم گڵاو ناکەم[2]

**3**

لە عوزرا بوو مەلا بۆیە جوابی دا وتی نادەم
وڵاغ دەس ناکەوێ عەیبی نییە چش گەر منیش پیادەم[3]

**4**

سواری مەرکەبی فکرم لە دەوری موڵکی مەحاڵ
سواری تەوسەنی هیممەت نەما {قحط الرجال}[4]

**5**

1. تاکەبەیتەکانی یەک تا چوار لە هەر سێ کتێبەکەدا هەن و لە تاکەبەیتی ژمارە پێنجەوە تا هەشت، تەنیا لە کتێبی (ە)دا چاپ کراون.
2. ئەمیش(ە): منیش. * ئەمیش(د): ئەمنیش.
3. خشتەی دووهەم لە کتێبەکانی (ج، د)دا لەنگە: وڵاغ دەس ناکەوێ چش ئەگەر پیادەم. * لە تافی خۆیدا داوای گوێدرێژێک لە مەلائەحمەدی لاسوور دەکا، ئەویش بەهانەی بۆ دێنێتەوە و نایداتێ، حەریقیش ئەم شێعرەی بۆ دەڵێت.(سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، وەشانگەی کوردستان، چاپی یەکەم، ساڵی ١٣٩١ک.ە، ل ٤٢١)
4. خشتەی دووهەم وەزنەکەی ناتەواوە.

هەر بە دەستووری مەلای لاسوور، وەها کەوتۆتە سوور
وەی دەزانی لێی دەخەم گەر بچمە سەر «مزگەوتی سوور»[1]

**6**

ئیحتیاجیم کەوتە «سۆما» چوومە وێ حەتتا ئەوێش
ڕێی نەدام و جێی نەکردم ئەی خودا {أين المفَر}؟

**7**

موجازی کرد، مەجازی کرد، جەبەی کرد و جبەی لێ کرد
قەباڵەی ئەسڵ و فەرعی خوێند قەباییل تا بڵێن جسنە

**8**

دوو کەس بەتەڵەب بوون، لە تەڵەب چوونەوە جارێ
ڕابرد، وەتەڵەب بێنەوە تا فەسڵی بەهارێ[2]

**9**

لە فینجانی دڵمدا، غەیری عەکسی ڕووت کە بێ جا بوو
مەکەن مەنعم کە تۆزێ بۆ ڕژا بوو، مەشرەبم چا بوو[3]



---

1. لەم تاکەبەیتەوە تا نۆ هەمین لە (ج، د)دا نین.

2. دوو کەس(ە): سێ کەس. * بەتەڵەب بوون: زاراوەیەکە بۆ مەیلی غەریزی ماین، هەروەها تەڵەب یەکێکە لە حەوت قۆناغی سولووک.
جارێکیان دوو کەس ویستوویانە بچن بۆ زیارەتی شێخی بورهان لە دێی شەڕەفکەند و لە پاشان هەر دووکیان پەشیمان بوونەتەوە، مەلاساڵحی حەریقیش کە ئەمەی بیستۆتەوە ئەم شێعرەی لە هەجویاندا داناوە.(کتێبی ە، ل ٧٢)

3. ئەم تاکەبەیتە لە نوسخە و کتێبەکانی بەردەستی ئێمەدا نەبوو بەڵام لە کەشکۆڵی شێخ حیسامەددیندا دوابەدوای بەهارنامەکەی حەریقی تۆمار کراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم کەشکۆڵەوە وتاری ناساندن و لێکۆڵینەوە لەسەر کەشکۆڵی شێخ حیسامەددین، لە ژمارە سێی(زستانی ٩٥) گۆڤاری کەشکۆڵدا بخوێننەوە.

# بەشی فارسی

## 1

خیز ای زیبا پسر دستی به جام زر زنیم
بی تامل جام رز بر فتوی آذر زنیم[1]
جام بر کف، کام در بر، شور در سر یکرهه
بیخود از عالم ره آن عالم دیگر زنیم
گر حریفان را به مسجد ره نماید شیخ شهر
ما که در میخانه راهش در سر کوثر زنیم
او به تهدیدات مبهم راه ما در می‌زند
ما به تمهیدات محکم راهش از کوثر زنیم
قطره‌سان بی پا و سر رو جانب دریا نهیم
غوطه در گرداب آن دریای پهناور زنیم[2]
قطره مشتق آمد از دریا به وصف قطرگی
وصف برداریم مشتق را و در مصدر زنیم
در مقام لی‌معﷲ در حریم کبریا
دست رد بر سینه‌ی هر کهتر و مهتر زنیم
رخت را جایی فرا داریم کآنجا جبرئیل
گر زند پر آتشش یکباره بر شهپر زنیم
پای عزت بر فراز عرش و آنسوتر نهیم
سر به سنگ آستان [پاک] پیغمبر زنیم[3]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم غەزەلە لە کتێبی (ە) و مەنزوومەی شەمسیدا هەیە. دستی، رز(ە): دستە، زر
2. خشتەی دووهەم لە (ە)دا: غوطەور گرداب اندر پای پهناور زنیم.
3. وشەی پاک لە (ە)دا داکەوتووە و لێرەدا بە شێوەی قیاسی دانراوە.

## 2

ای دریغا چشم علم از دوریت بی نور شد
نور علمت در بصیرت طالبان را دور شد[1]
گنج را رسمست زیر خاک توی گل رود
ای دریغا گنج علمت در نظر مستور شد
گوهر دریای علمت جمله چون درّ یتیم
عقد جانان بود و از دست اجل منشور شد[2]
خانەی دین از فوات علم می گردد خراب
خانەی جهل از وفات عالمان معمور شد
مردەی دلزنده را، گِلها بسر گُلها بود
خاک بر سر، زندەی دلمرده گر مغرور شد[3]
پرتو «شمس‌الیقین» نازم بهر جائی که تافت
زان تجلی موسیان را کوه دل چون طور شد
آری آری هر «وسیم»ی را نسیم از قبله یافت
از صفای صدق نیت سعی او مشکور شد
از قبیل خرق عادت جانش از مهر وطن
در صفر عزم سفر کرد و زِ تن مهجور شد[4]
مسألت کردم ز هاتف حال آن مرحوم را
زد بشارت برملا تاریخ او «مغفور» شد[5]

---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مثمن محذوف)
ئەم غەزەلە تەنیا لە (ە)دا هەیە. علمت(ە): علم.
2. جانان(ە): جان. * لە خشتەی دووهەم، "و" لە کتێبی (ە)دا داکەوتووە.(ت.ق)
3. دلمرده(ە): دل، مرده(ت.ق)
4. قبیل(ە): فیل(ت.ق)
5. "مغفور" بە حسێبی ئەبجەد دەکاتە 1326ک.م کە ساڵی کۆچی دوایی

مەلاوەسیمی سەردەشتییە.



مەلاوەسیمی سەردەشتییە.

## 3

فغان از دوری آن یار جانی
ز یاری بود یکسر مهربانی[1]
تو گویی زین جهان جانی به در شد
چِنانش کالبد شد جاودانی
ز بستان معارف سرو آزاد
درخت باغ عیش خسروانی
جلیس مجلس بزم حریفان
انیس روح و راح زندگانی
نگویم نوجوانی بود زیراک
جوانان را بود جان جوانی
چو نازش را سبک دانستی اغیار
شهید ناز خود شد از گرانی
سزد در ماتمش سلطان خوبان
شود غرقاب اشک ارغوانی
بهار عمر یاران را بدل ساخت
به برگ و بار سامان خزانی
طفیل احمد از ذوق شهادت
کفن سازد قبای زندگانی
شدم جویا ز تاریخ وفاتش
سروش آمد به گوشم از نهانی

---

1. کێشی شێعر: مفاعیلن مفاعیلن فعولن ( هزج مسدس محذوف)
ئەم شێعرە تەنیا لە سەرەتای نوسخەی (ب)دا هەیە.
بۆ ئازیەتباری یەکێک لە ئاوالانی هۆنیویەتەوە.(م. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ل 87)

ز «رستاخیزم» این تاریخ را پرس
شهیدان را در آن جا نامه خوانی[1]

1. "رستاخیزم" به حسێبی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٣١٨ کۆچی مانگی.

## 4

ای وجودت را ز جود حق، زَمَن
ضامن هر فضل و اخلاق حَسن[1]
ای چو سیف قاطع از قطع عُدی
وی قضایای مرا تو بوالحسن[2]
وز قلم گهواره وز جَریِ مداد
دادی آرام رضیع جان به تن[3]
خسروان طبع را نظمت روان
جان شیرین را چو شیر اندر بدن
دوستان را داستانی [غمگسار]
شمع هر جمعی و نور انجمن[4]
گلشن راز و ریاض عارفان
بی نسیم روی تو بیتُ‌الحزن
خرق عادت بود احیاءالموات
ساختی [رویی] چو من روی چمن[5]



---

1. کێشی شێعر: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن(رمل مسدس محذوف)
ئەم شێعرە لە پەسنی میرزا حەسەنی قازی مەشهوور بە سەیفولقوزاتدا نووسراوە و لە سەرەتای نوسخەی (ب)دا تەنیا تۆمار کراوە.
2. خشتەی دووهەم ئاماژەیە بەم پەندە عەرەبییە: قضیة و لا أبا حَسَن لها. واتە: بابەتێکە کە هیچ ئەبولحەسەنێکی بۆ نییە. ئەم پەندە کاتێک کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە بابەتەکە، ڕێچارەیەکی بۆ نەبێت و ئەبولحەسەن لەم پەندەدا کینایە لە حەزرەتی عەلییە. (م. سپێهرەددین، مەنزوومەی شەمسی، ل 86)
3. جَریِ: ڕۆیین و ڕێژەنی ئاو، جەریان. * میداد: مەرەکەب، جەوهەرێکی ڕەش لە دوودە.
4. غمگسار: بە شێوەی قیاسی ساغ کراوەتەوە چون (دوستان را داستانی وەزنەکەی ناتەواوە.
5. رویی: بە شێوەی قیاسی ساغ کراوەتەوە چون (ساختی ... چو من روی

ور نه قاضی شهر و مُفتیِّ بَلَد
حاکم رفعند در تکلیف من[1]
حکم فرمان وفا منسوخ شد
زین ورق، ننگ است ارقام کهن
گر میسر نیست تشریف قدوم
عذر خواهندم غم و رنج و محن
در مقام بینوایی گفته شد
این نوا باید سفر اندر وطن[2]

## تک بیتی

ای کاش هر دو گوش من احول بدی چو چشم
تا هر چه گفتی از تو مکرر شنیدمی[3]



چمن) وەزنەکەی ناتەواوە.
1. یا لە وشەی "قازی"دا، دەبێ زەنە یانی ساکنی لەسەر بێ دەنا وەزنەکەی تێک دەچێت.
2. سفر اندر وطن: یەکێکە لە بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی بەو مانایەی کە سالیک، پێویستە بە هاوڕێیەتی پیرێکی ڕووناکدڵ، لە دەلاقەی دڵ و دەروونەوە، بۆ دنیا و دەوروبەری بڕوانێت و وەک تەریقەتەکانی دیکە لازم نییە بۆ ڕزگار بوون لەدەس داوەکانی دنیا، شار و ماڵی خۆی بەجێ بهێڵێت.
3. کێشی شێعر: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن(مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف)
ئەم تاکە فارسییە تەنیا لە (ە)دا هەیە. احول: خێل.